# گەرمیان مەملەکەتی نەمری

سیروان سلێمان

# Garmian The land and nation of immortality

Sirwan Sleman

# گەرمیان مەملەکەتی نەمری

## وتار و یادەوەری

سیروان سلێمان

٢٠٢٢

**پێناسەی کتێب**

- ناوی کتێب: گەرمیان .. مەملەکەتی نەمریي
- ناوی نووسەر: سیروان سلێمان
- بابەت: وتار و یادەوەری
- نەخشەسازی ناوە و بەرگ: میر کەمال
- وێنەی سەر بەرگ ( وێنەی پیرەمێردەکان عومەر کەریم ) و ( وێنەی پیرەژنەکە بەنان حسەین ) چرکانوویانە
- چاپ: یەکەم
- تیراژ:٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن:

**ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبە لەلایەن بەڕێزان:**

- ❖ **مامۆستا حەسەن جیهاد ئەمین ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراقی فیداڵ**
- ❖ **مامۆستا کاروان یاروەیس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ**

پێشکەشە بە:

- خوێنی ئاڵی شەهیدان
- ئێس و پروسکی گۆڕە بە کۆمەڵەکان
- خەرمانی شانازییەکانی سەروەرانی نیشتمان
- تفەنگی دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان
- قەتارەی تراکتۆرە بێسەرشوێنەکان
- بەو مەزنە مرۆڤانەیی ئەمڕۆیان دروستکرد

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لەناو دێراوەکانی مەملەکەتی گەرمیاندا | ١١ |
| **بەشی یەکەم .. نیشتمانێک لە گوڵاڵەسوورە** | ١٣ |
| مام سلێمان لە بیرەوەریی هاورێکانیدا | ١٤ |
| لە یادی شەهید بوونی مام سلێمان تەپەسپیدا | ٢٢ |
| محەمەد شێخ فاتیح .. کادیرێکی چالاک | ٢٦ |
| لە یادی شەهیدبوونی ( سیروان تاڵەبانی) و هاورێکانیدا | ٢٨ |
| خالید گەرمیانی.. پیاوە ئازاکەی نیشتیمان | ٣١ |
| شەهید تۆفیق گامەخەڵی.. ئەو پیاوەی بە (BKC)ەکەی دەستی دوژمنی هەراسانکرد | ٣٥ |
| حسێن ئاربیجی.. خۆشەویستی نێو خەڵک و هێزەکانی پێشمەرگە بوو | ٣٧ |
| حمەکادر .. پیاوی ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی | ٣٩ |
| سڵاح کوێخا .. لێپرسراوێکی خزمەتگوزار و تێکۆشەرێکی ماندوو | ٤١ |
| ستار مراوەیی.. کادیرێکی دڵسۆز و لێهاتوو | ٤٥ |
| ملازم عومەر چاوڕەش.. لە تەمەنیکی کەمی ژیاندا وەک پیاوێکی گەورە دەرکەوت! | ٤٧ |
| لالە مارف.. نیشتمان بەدەمیەوە پێ دەکەنی | ٥١ |
| نیوە کوڕێک شەهید بوو، بەڵام چوار نیوەکوڕی تر لەدایکبوون! | ٥٣ |
| دارا تاقانە.. تەنها کوڕەکەی ئێشکگری نیشتمانە! | ٥٥ |
| ئەیاد زەرداوی.. پێشمەرگەیەک بۆ بەرگری لە نیشتمان | ٥٧ |
| سمکۆی ئاسایش.. قەڵایەک لە بەردەم تیرۆرستانی داعشدا | ٥٩ |

| | |
|---|---|
| حەمۆمین شەربەت.. تێکۆشەرێک لە پێناوی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا | ٦٣ |
| مەحمود گەرمیانی .. شەهیدی دەستی خۆفرۆشان | ٦٦ |
| حمە تیماری ..پیاوێک لە ئازایەتی | ٦٨ |
| مەلا کەریم توکنی دەبابە شکێنەکەی داستانی هۆمەرمل | ٧٠ |
| ئەحمەدە سوور .. مرۆڤێکی سەر ڕاست | ٧٣ |
| حەسەن ڕەش ... پیاوێکی سادە و خۆشەویست لە نێو خەڵکدا | ٧٥ |
| شەهیدبوونی قادرەسوور لە داستانی ڕزگاریدا | ٧٧ |
| عەلی سوور زەماوەنگەیی .. پارتیزانی رۆژگاری تەنگانە | ٨١ |
| ئەشکەوتی داری خلە.. فوو لە حەوتەوانەی شۆڕش کرا! | ٨٥ |
| خەلیل عەبدوڵا...ماڵئاوایی قەڵەمێک | ٨٩ |
| ماڵباتێک لە قوربانیدان | ٩١ |
| لە گەرمیان یادی ساڵەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی پارتیزان شێخ لەتیف کرایەوە | ٩٨ |
| سەربوردەیی ژیانی ساڵەح پوقەیي | ١٠٣ |
| مام ساڵح سەید مرادی.. ناقیلەکەی شۆڕش | ١٠٨ |
| سوارە ...لاوێکی هۆشیار و فەرماندەیەکی بە ئەزموون | ١١٠ |
| کامیل زێڕینی.. هەر بەجوانی و قارەمانیەتی سەری نایيەوە | ١١٤ |
| ئاتێلا و خونچەکەی | ١١٦ |
| ئاتیلا هەر عتشق نەبووە بەڵکو سیاسیش بووە | ١٢٠ |
| **بەشی دووەم/ پێشمەرگە و یادەوەری** | ١٢٣ |
| هاوڕێ مەحمود.. شیوعێکی ڕاستگۆ | ١٢٤ |
| سالار حمەخان .. پێشمەرگەیەکی ئازا | ١٢٨ |
| هاوڕێ ئەحمەد مەجید.. مەبینن وا بچووکە، ئەو قارەمانە قارەمان | ١٣٠ |
| لالە ژاڵانی.. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار بریندار بوو | ١٣٣ |

| | |
|---|---|
| جەماڵ شێخ عادل.. ئەو پێشمەرگەیی بە یادەوەریەکانی خۆی دەگیرێت! | ١٣٥ |
| سابیر مەدحەت .. بیرەوەرییەکانی لە زنجیرە شەڕەکانی ئەنفالدا | ١٣٩ |
| عەلی زاوتی.. ئەو بریندارەی ٢٠ ڕۆژ بەسەر پشتی هێسترەوە بوو! | ١٥٦ |
| حمەی حمەعەلی زخە.. پێشمەرگەی دوو شۆڕش | ١٦١ |
| عەلی پەڕلەمان ..بریا کوێر بومایە! | ١٦٤ |
| پێشمەرگە لە مەتەریزی بەرگریدا | ١٦٧ |
| ناوی پارتیزانەکانی گەرمیان | ١٧١ |
| جەلال قولیجانی و بیرەوەریی سەردەمی پارتیزانی | ١٧٧ |
| نوری عەلیانی.. پێشمەرگەیەک باسی کەمئەندامبوونی خۆی دەگێرێتەوە | ١٨٣ |
| فاتیح مەلا وەهاب.. بە تفەنگی خۆییەوە بوو بە پێشمەرگە | ١٨٦ |
| کاوە تاڵاوەیی ... شەڕەکانی ئەنفال لە بیرەوەری پێشمەرگەیەکدا | ١٨٨ |
| عەلی کارێزەیی.. لە خزمەتی پیاوێکی تێکۆشەردا | ١٩٥ |
| **بەشی سێیەم.. ئەنفال و جینۆساید** | ١٩٨ |
| ئەنفال .. زامێکی قوڵە لە دیرۆکی کورد | ١٩٩ |
| گوندی تەپەسی لە پەراوێزی مێژوودا | ٢٠١ |
| ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی تەپەپسی/ ناوچەی گەرمیان | ٢٠٤ |
| تەیموری ئەنفال .. تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و مناڵە ئەنفالکراوەکان | ٢١٢ |
| عومەری حاجی ئەحمەدی مەنسور و بنەماڵەکەی لە گێژاوی ئەنفالدا | ٢٢٤ |
| حەسەن عەلی سەمین.. تاقانەیەکی تری ئەنفال کوانووەکەی کوژایەوە! | ٢٢٦ |
| دەروێش حمەئەمین.. یەکەم ئەندامی کۆمەڵە | ٢٢٨ |

| | |
|---|---|
| عەتا زێڕینی.. نەمریی لە یادەوەریماندا | ٢٣٢ |
| سەردار سابیر.. بە سەرهاتی ئەو منداڵەیی بە تەنیا کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال | ٢٣٤ |
| داستانی تازەشار.. چالاکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی ی.ن.ک و حزبی شیوعی لە ئەنفالدا | ٢٤٢ |
| **بەشی چوارەم ... زیندانی سیاسی و لە سێدارەدان** | ٢٤٩ |
| سەید محەمەد..دوای رووداوەکەی ئەشکەوتی داری خلە چی ڕوویدا؟ | ٢٥٠ |
| حاجی سیروان .. شەهیدی دەستی خیانەت | ٢٥٣ |
| ئەحمەد بازۆکە.. جوامێری نێو زیندانەکانی ئەبوو غرێب بووە ! | ٢٥٥ |
| سیامەندی زیندان.. بە سەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە | ٢٦١ |
| جەبار کارێزەیی .. هاوکاری پارتیزانەکانی گەرمیان بووە | ٢٦٧ |
| مام باپیر.. بەعس هێندە بە داخ بوو، ئامادە نەبوو تەرمەکەی بداتەوە بە کەس و کاری | ٢٧٠ |
| **بەشی پێنجەم.. کەرەستەکانی پێشمەرگە** | ٢٧٢ |
| کەرەگوێلەق | ٢٧٣ |
| توولەڕێیەکانی کوردایەتی | ٢٧٥ |
| قومقومەی ئاو | ٢٧٧ |
| دووربین | ٢٧٩ |
| لایتی دەستیي | ٢٨١ |
| قەرەوڵ | ٢٨٢ |
| نامەی شۆڕش | ٢٨٤ |
| **بەشی شەشەم ..کەسایەتیە کۆمەڵاتیەکان** | ٢٨٦ |
| حاجی خەلیلی گێژ.. حەرفی پیاوی پیر دانەی ئەڵماسە ئامان سەد ئامان هەر خاسە خاسە | ٢٨٧ |
| حاجی عەلی قولیجان زەندی .. لە خزمەتی ئەو پیاوەیی هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی شۆڕشەکانی کوردستان تەرخانکرد بوو | ٢٩٢ |

| | |
|---|---|
| حەمەکەیفەی کارێزە... لە خزمەتی ئەو پیاوەی هەموو تەمەنی خۆی بۆ خواپەرەستی تەرخان کردبوو | ٢٩٧ |
| ستایشێک بۆ مامۆستا حەلاو | ٣٠٣ |
| لە یادی چلەی خوالێخۆشبوودا.. پەیامی وەفاداریی پێشکەش بە ڕۆحی پاکژی"مامە دارا" | ٣٠٦ |
| مامۆستا مەلا عەبدولڵایی تەپەسپی .. برایەکی شەهیدی سەنگەرە و خوشکێکی ئەنفالکراوە بەماڵ و منداڵەوە..!! | ٣١٢ |
| میمکە پانیّ.. وەک دایکی هەموو پێشمەرگەکان لە داستانی شەڕی قاتەکانی کفریدا | ٣١٧ |
| گوزەرێک بەنێو ژیانی مامۆستا مەلا ئیسماعیل مەلا سەعید باشکیدا | ٣٢٨ |
| حاجی نامیق گڵاڵکەوە.. سوارچاکی لێهاتوو | ٣٣٠ |
| حاجی حمەساڵح ڕەحمان تیلەکۆیی.. لە کاتی دەوارنشیندا لە گوندی خەڵوەی گەرمیان لە دایکبووە | ٣٣٢ |
| **باشکۆی وێنەکان** | ٣٣٨ |

## لەناو دێڕاوەکانی مەملەکەتی گەرمیاندا

گەرمیان تەنیا دەڤەرێکی بچکۆلەی جوگرافی نییە، مەملەکەتێکی بەرفراوانی قوربانیدانە، تخوبێکی پانوپۆڕی ململانێی نێوان کورد و داگیرکەرانە، هەر جوولەیەکی قۆشەنی دوژمن، ئاگری لە ماڵە قوڕینەکانی ئەو خەڵکە سڤیلە بێدەرەتانی بەرداوە، کە ماڵەکانیان وێستگەی پشوودان و هێلانەی حەسانەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان بوون، بۆیە ئازارەکانی گەرمیانیەکان قووڵە، خەمەکانیان هەستیارە، لە هەمووان زۆرتر شوێنەواری دەرد و مەینەتەکانیان پێوەدیارە. نووسین لە هەموو ئاستەکاندا لەبارەی گەرمیانەوە گرنگە بە تایبەتی لەسەر قوربانیدان و خۆبەختکردنەکانی خەڵکەکەی، کە ئەوپەڕی چاونەترسییان نواندووە و لە ڕووی دووژمن و تاوانەکانیدا وەستاونەتەوە و بێوەڵامنەبوون، هەربۆیەشە لە کردەڕەهاتی ئەنفالدا گەورەترین گورزی جینۆسایدییان بەرکەوت. کەچی هێشتا نەتوانراوە وەکو پێویست لەسەر گەرمیان بنووسرێ، لاپەڕەکانی ڕەشبکرێتەوە و کونوکەلەبەرە تاریکەکان ڕۆشنا بکرێتەوە، پەردە لەسەر درێغییەکان هەڵبدرێتەوە. ئەمەش بەشێکی پەیوەندیی بە بێدەربەستی ڕۆشنبیران و شارەزایان و تەنانەت کاربەدەستانەوە هەیە، کە نەیانتوانیوە بەشێکی کاتی خۆیان بۆ دەرخستنی ڕۆڵی گەرمیانیەکان و شەکەتییەکانیان تەرخانبکەن، کە سەدان لاپەڕە لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە پێچپلووچەکانی فەرامۆشیدا ونبووە. مامۆستا سیروان سلێمان دەیەوێ گەرمیان بناسێنێ، پەڕەکانی ژیان و مێژووی هەڵبداتەوە، کارەکتەرە کاریگەرەکانی باسبکات

ئەوانەی ڕۆڵیان لە ڕاژەکردنی کۆمەڵی کوریدا بینیوە چ ئەوانەی وەکو کەسایەتی کۆمەڵایەتی یان ئەوانەی پێشمەرگە ڕێڕەوی کوردایەتیان بە خوێن و ئارەقە و هیلاکییان ئاوەدانکردووەتەوە و نەیانهێشتووە مرۆڤی کورد لە ناوبچێ، دەنگی کورد خەفە بکرێ، گیانی کورد نوغرۆ بکرێ. ئەو دەربڕینەکانی سادەیە، بێگرێوگۆڵە، لەسەر ژیان و کەسایەتی ئەوانەی باسیاندەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکیکێشاوە و ماندووبووە و لەگەڵ زەوارێکدا بەڕێکەتووە، دەکرێ خەڵکانیتریش هەنگاو هەڵبگرن و جوانتر نیگارەکانی سەر دیواری گەرمیان بنەخشێنن.

م. عەلي

# بەشی یەکەم

## نیشتمانێک لە گوڵاڵە سوورە

# مام سلێمان لە بیرەوەریی هاورێکانیدا



ژیاننامەکەی

سلێمان ئەحمەد عەزیز ناسراو بە ( مام سلێمان تەپەسپی) لە ساڵی( ١٩٥٢) لە گوندی ( سوفی وەند) لە داری ئیمامی عەلی ناوچەی گەرمیان لە دایکبووە، مام سلێمان بە زوویی هەستی بە زوڵم و ستەمی داگیرکردووە و لە تەمەنی لاوێتیدا بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و بەرەنگاری دووژمن بووەتەوە، لە دوای نسکۆیشۆڕشی ئەیلول و دامەزراندنی(ی.ن.ک) لە٢٠/١/١٩٧٦ پەیوەندیکردووە بە کۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەڵبەتە بەهۆی لێهاتووی خۆیەوە کراوە لێپرسراوی شانەی سەرەکی ژمارە (٢)ی

شەهید قازی لە ڕێکخستنەکانی نێو شاری کفری، هەر لەو چوارچێوەدا کار و چالاکیەکانی ڕێکخستنی خۆنەویستانە لە مەیدانی خەباتی ئەنجامداوە، دواتر لە لە ١٩٨٠/٣/١ بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستنی کفری، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێشمەرگەیەکی ئازا و دلێر بووە، هەر ئەوەش وایکردووە لە شەڕێکی دەستە و یەخە ڕووبەڕووی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لە ١٩٨٥/٩/٢١ لە گوندی گۆمەزەردی کەماڵەیی گەرمیان بە سەختی بریندار بووە، بڵام هیچ شتێک کۆڵی پێنەداوە لە خەبات و قوربانیدان هەربۆیە دوای چارەسەرکردن دیسان جارێکی تر گەڕاوەتەوە سەنگەرەکانی بەرگریکردن و درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتیدا تا دەستپێکردنی ئۆپراسیونەکانی قۆناغی سێیەمی ئەنفال بۆ سەر ناوچەی گەرمیان کە قورسترین و تاوانکارترین قۆناغی ئەنفال هەژمارکراوە، ئەوکات مام سلێمان سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەنگەری بەرگری قایمکرد و، لە ئەنجامدا لە ١٩٨٨/٤/٨ لەکاتی بەرگریکردن لە خاکی کوردستان، لە گوندی هۆمەربل لە سنوری چالاکی تیپی (٥١)ی گەرمیان شەهید کرا.(١)

* سەعید ئەحمەد  ناسراو بە ( مەلا سەعید تلیشان) هاوڕێ و هاوسەنگەری ئەم شەهیدە دەڵێت: مام سلێمانم لە ساڵی (١٩٨٤) بەهۆی کاری ڕێکخستنەوە لە گوندی تەپەسپی سەر بە ناوچەی گەرمیان  ناسی ، ئەوکات شەهید سەید محەمەد محی الدین لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی کفریان بوو، مەلا سەعید لێپرسراوی پۆلی ڕێکخستنی کفری – دووز بووە هەروەهایش مام سلێمان تەپەسپی لێپرسراوی شانەی ( ٢) شەهید قازی بووە لە کفری. ئەوکات مەلا سەعید چووەتە ماڵیان لە  گوندی تەپەسپی ماڵیان لەسەر بەرزایەک بەسەر گوندەکەدا دەیڕوانی، مام سلێمان هەر پیاوێکی تێکۆشەر نەبوو، بەڵکو کەسێکی کۆمەڵایەتیش بوو، دیوەخانەکەی بەردەوام جمەی دەهات لە میوان، بەهۆی کراوەیی و پێگە کۆمەڵاتییەکەیەوە خەڵێکێکی زۆر دەیناسی.  ئەوکات پێکەوە  دووجار جەولەی ڕێکخستنەیان بۆ لادییەکانی دەوربەری گوندی تەپەسی بەیەکەوە ئەنجامدا، پێویستە ئەوەیش بلێم: مام سلێمان لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بوو، ئێستایش شێوەی و هەڵسوکەوت و چەکی کلاشینکۆفێکی قۆناغداری تازە بە دەستییەوە بوو،

کڵاوجەمانی و باڵای بەرزی و ڕەفتارەکانی  هەمووی لە پێشچاوە..

* شوان محەمەد ڕەشید ناسراو بە ( شوانە حاجی حمەڕەشید) دەڵێت: لە ساڵی ( ١٩٨٣) لە ڕێگەی شەهید بورهانی حمەی میناوە شەهید مام سلێمانم ناسي، لە کەرتی (٢)ی تیپی (٥٣)ی شێروانە ئەوکات من عەدەد جیهازی کەرت بووە، گوندی تەپەسپی دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری کفری یەوە ، لە نێو گوندەکە گردێکی بەرز هەیە، ماڵی شەهید مام سلێمان لەسەر ئەو گردە بووە، مام سلێمان کادیرێکی چالاک و ڕۆشنبیری ڕێکخستن بوو، هەرکات هاتی بۆ گوندی تەپەسپی مەچۆرە ماڵی تر و وەرە بۆ ماڵی ئێمە. شوانە دەڵێت: کاتێک ڕۆیشت بۆ پێشمەرگایەتی لە پێشمەرگەکانی تر لە هەموویان منداڵتر بووە، ، ماڵی مام سلێمان وەک بارەگای هێزی پێشمەرگە وا بوو چونگە میوان دۆست و خۆشەویست بووە، بەڕاستی ئەو پیاوە  بەشێکی سەرەکی بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی نێوانیلەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەکان خۆشبوو، پیاوێکی کۆمەڵایەتی کراوە بوو، تێکەڵاوی گەورە و بچوک دەبوو. بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ئاینی بوو، پیاوێکی

موسڵمان و بڕوادار بوو. ناتوانرێت وەک خۆی باسی ئازایەتی و خۆشەویستی مام سلێمان بکرێت، لە دوای گەڕانەوە لە جەولە و شەڕەکاندا زۆرترین کاتەکانی لەوێ بەسەربردووە.

* ساڵەح مەحمود محەمەد کامران ناسراوبە ( لالە ژالانی) لە کەرتی (٢)ی تیپی (٥٣)ی شێروانە پێشمەرگە بووە ، هاوڕێ و خزمی مام سلێمان دەڵێت: ، مام سلێمان هات بۆ پێشمەرگایەتی ئەو لەسەر داوای شەهید سەید محی الدین گەڕایەوە بۆ کاری ڕێکخستن. مام سلێمان بۆ کاری ڕێکخستن زۆر پێویست بوو چونکە ڕێکخستن شادەماری سەرجەم کەرت و تیپەکان بوو، هەر کەسێک دەبوایە بە فلتەری ڕێکخستنەکان بڕۆیشتایە ئینجا متمانەی پێدەکراو لە پێشمەرگایەتی وەردەگیرا، جا بە حوکمی ئەوەی مام سلێمان کادیرێکی چالاک و پیاوێکی کراوەی کۆمەڵایەتی بوو، خەڵکی ناوچەکە دەیناسي، بۆیە هەم بۆ ڕێکخستن و هەم بۆ پێشمەرگایەتی پێویستیان پێ بوو. پیاوێکی ئازایشبوو، لە چەندین شەڕ پێکەوە بوون وەک : ( گڵەزەردە، ژالانی ڕۆغزایي، سەنگاو، قادر کەرەم، هەردوو شەڕی هۆمەرمل ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ و کوڵەجۆی حاجی

حمەجان و..) هەروەها دەستڕاست و نیشانشکێنێکی باشبوو.

جاسم ئەحمەد ڕەزا ناسراو بە (جاسم کوڵەجۆی ) یەکێکی دیکە لە هاوڕێکانی و دەڵێت: لە ١٩٨٣/١/١١ لە کەرتی ڕێکخستنی کفری شەهید مام سلێمان تەپەسپی ناسي، جارێک هەڤاڵانی کەرتی ڕێکخستنی کفری کە پێکهاتبوون لە: شەهیدان مام سلێمان تەپەسپی، مەلا ئەحمەد کەلاری، سەید محەمەد محی الدین، حمەتیماری، مەلا یاسین حاجی سەعید سەید جەژنی، لەگەڵ عوسمان قەیتولی و بەندە( جاسم کوڵەجۆی) جەولەیەکیان کرد بۆ ناوچەی کولەجۆی زەند ئاباد لە گوندەکانی کاکوڵی، سەید حسێن، ئێڵانچی، ئاوبارە، بان سندوق، تازەشار، کوڵەجۆی زەنگئاباد و ... مەبەستی جەولەکە بۆ کۆکردنەوە و زیاترکردنی ئەندام بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوکات لە جەولەکەدا بووین شەڕ لە سەید خەلیل دەستیپێکرد، لە ڕێگەی تەها حەمەی مەلاوە بە ماتۆر هات ئاگاداریان کردەوە، کەرتی ڕێکخستنی کفری خۆیان گەیاندە شەڕەکە بەشداری کارایان کرد لە کاتژمێر ( ٣ تا ٧) ی ئێوارە خایاند و هێزەکەی دوژمن کشایەوە.

مام سلێمان کار و خەسڵەتی زۆری تێدا بوو، پیاوێکی بە تەمەن بوو، بەڵام زۆر بە هیمەت و داوێنپاک و خۆشەویست بوو، ماڵەکەی بە ڕووی میواندا هەمیشە لەسەر پشتبوو، لەگەڵ دەستەکەی لە کەرتی ڕێکخستنی کفری ڕۆیشتن بۆ نێو شاری کفری بۆ ئەنجامدانی چالاکیەک و وەشاندنی گورزێک لە دووژمن، بەڵام مام سلێمان تەپەسپی و مەلا ئەحمەد کەلاری لەسەر شاخی باوەشوار وەک هێزی پشتیوانی مانەوە لەو شەڕەدا بورهان مام فەریق لە بازگەی کفری شەهید بوو. بەڵام بەشداری شەڕەکانی سنورەکەی دەکرد، لە زۆر شەڕدا پێکەوە بوون وەک: گۆڕی مسقاڵ، کولەجۆی حاجی حمەجان، هۆمەرمل، زنانە، توکن، سەید خەلیل، گۆبان حمەئەمین بەگ، گۆمەزەردی کەماڵەیي، شەڕی ناو شاری کفری.

* عادل شوکر لە ساڵی ( ١٩٧٩) لەگەڵ شەهید خالد گەرمیانی بە جەولە بە گوندەکاندا دەگەڕاین تا گەیشتینە گوندی تەپەسپی لەوێ مام سلێمانمان ناسي، دوای یەکتر ناسین، پێکەوە قسەیان کرد ، مام سلێمان ڕێکخستنی دێرینی ساڵی ( ١٩٧٦) بوو، کاک عادل شوکر لەگەڵ دەستەکەی سەردانیانکرد بەناوەکانی ( ئیسماعیل

عەترە، مام ساڵح گۆڕێسپی، سەمد هۆمەرملي، جاسم وەستا شەریف، ئەحمە میسری دووزی، حمەڕەش کەرکوکی و حمەچاوجوان هۆمەرمل). مام سلێمان لە رووی کۆمەلایەتییەوە خەڵک زۆر دەیناسی و خەڵک خۆشیان دەویست بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو وەک برا گەورە لێمان دەڕوانی لە چەندین شەڕ پێکەوە بەشدار بووین لە ( سەرکردایەتی، تیلەکۆ، دووجار گرتنی سەنگاو، ڕەبیەکانی زەڕین و کوڵەجۆی زەند ئاباد و شەڕی ناو کفری و (٢)

(١) لە ١٩٨٨/٨/٤ ژمارە ( ٨٦٢٥) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە نووسینی( عەتا تەها) بڵاوبووەتەوە

(٢) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٣٢٦) لە ٢٠٢١/٤/٥ بڵاوبووەتەوە.

**له یادی شەهید بوونی مام سلێمان تەپەسپیدا**



میمکە"گوڵە"

گوڵێ، لە تۆوی شەبۆی گەرمیان

ژنی ، لە تاشەبەردی چیا

کەژێ، بڵند بڵند

وەک" زەردە"

میمکە"گوڵە"

مانگێ، لە ئاسمانی بەهارا

لە دوای ئەنفال

کانییەکانی گەرمیان

ناوخۆیانا بوو بە شەڕیان

ئەیان ووت:

کاتی خۆی "مام سلێمان تەپەسپی "

ئامانەتی "گوڵە"ی داوە دەستی من!

ئەویان ئەیوت:

"مام سلێمان تەپەسپی" ڕۆژێ پێش شەهیدبوونی هات بۆ سەر من ..

ئاوێنەی باخەڵی پێ نەبوو..

لەبەر منا ..

ڕیشی تاشی !

ئەویان ئەیوت:

ڕۆژێ لە گڕەی گەرمیانا ..

دوای ئارەقچن ..

دەستەسڕێکی ئاوریێشمی بەمن تەڕکرد ..

لە ئاوی من..

تینوی شکا و

بۆ جاڕدانی یەکەم مەفرەزەی دوای هەرەس

بەو دەسڕە

چۆپییەکەی گرت!

کانیی گەرمیان

ناو خۆیان بووبە شەڕیان ..

تا "سیروان تاڵەبانی" هات و

سوڵحی کردن!

تاقمەکەی هێنا بوەوە..

هەرکانیەک

فیشەکێکی وەک یادگاری " مام سلێمان "

خسته چنگیان..

یاخوا خۆش وێ " شەهید سیروان !"

واکانییەکانت ڕازی کرد !

وانەبووایە

قینیان ئەکرد

چی تر لێوی تینووی

یەک مندالّی دوای ئەنفالیان

تەڕ نە ئەکرد.

پارچە شیعری " کەماڵ ئەحمەد" نووسەر و شاعیر لە "یادی مام سلێمان "دا لە ٢٠٢٠/٤/٨ بڵاوبووەتەوە .

# محەمەد شێخ فاتیح .. کادیرێکی چالاک




محەمەد فاتیح سەعید لە ١٩٧٢/٧/١ لە گوندی حەسەن محە سەر بە قەزای کەلار لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. لە ساڵی( ١٩٧٨) چووەتە بەر خوێندن تا قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی خوێندووە. لە ٦/٦/ ١٩٨٦ برایەکی بەناوی ( سیروان ) ئەندامی ڕێکخستنەکانی کەرلای شۆڕشگێڕان بووە، وەک هاوڵاتیکی ئاسایی لە گوندی حەسەن محەوە ڕۆیشتن بۆ گوندی تازەدێ لە نزیک چەمی تازەدێ دەکەونە برۆسەی جاش و جێشەوە شەهید کرا. لە ساڵی ( ١٩٨٧) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی (١٩٩١) بەشداری راپەرین دەکات لە لای کاک مەلا ئەحمەد جەیران و ڕۆڵێکی بەرچاوی

بووە. لە ساڵی (٢٠٠١) بە فەرمی دەبێتە پێشمەرگەی ( ی.ن.ک) دوا پلەی پێشمەرگایەتی جێگری تیپ بووە. لە ساڵی (٢٠٠٣) بەشداری پرۆسەی ئازادی عێراقی کردووە. لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خەباتی پێشمەرگایەتی دەگوازرێتەوە بۆ نێو ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری ( ی.ن.ک). لە ساڵی (٢٠٠٩) شەرەفی ئەندامی کۆمیتە و کادیرێکی چالاک و خۆشەویستی نێو هاوڕێ و هاو سەنگەرەکانی بووە. لە ماوەی ژیانیدا دووجار هاوسەرگیری کردووە. لە ساڵی (١٩٩٦) بۆ یەکەمجار ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ( ئەمیرە محەمەد عەلی ) پێکەوە دەنێت بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە بریتی یە لە ( شەپۆل ، دەریا ، شیا ، هێدی و شیتا ) . لە ساڵی (٢٠٠٧) بۆ جاری دووەم ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (حەسیبە حەمید عەلی) پێکەوە دەنێت و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە بریتییە لە ( یاد ، تینا و هێنەر ) . بەداخەوە بەهۆی مەرگێکی کوت و پڕ لە ٢٠١٧/٧/١٢ ژیانئاوایی دەکات ..

چاوپێکەوتن لەگەڵ ( لەتیف فاتیح سەعید ) برای ڕەوانشاد ( محەمەد شێخ فاتیح ) لە ٢٠٢٠/١١/٤

## له یادی شەهیدبوونی ( سیروان تاڵەبانی) و هاوڕێکانیدا




شەهید( سیروان تاڵەبانی) ناوی تەواوی "فەیسڵ شێخ ڕەشید حەمید تاڵەبانی یە". لە ساڵی ( ١٩٤٦ ) لە شاری کەرکوک لە دایکبووە. لە سەرەتایی لاویتیەوە نیشانەی ئازایەتی و گیانفیدایی و لە خۆبردوویی تێدا دەرکەتووە. لە تەمەنیکی کەمدا کراوە بە لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکیتی قوتابیانی کوردستان پاشان پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە و بووەتە پێشمەرگە ڕۆڵێکی قارەمانانەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بینیووە. هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی کردووە، هەمیشە ویستویەتی هێزێک دروستبکرێت لە ئاست داوا و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت. هەر لەویوە دەستدەکات بە خەباتی نهێنی و ڕێکخستن شەو و ڕۆژی

خستوەتە سەریەک بۆئەوەی شانەکانی ڕێکخستن دروست بکات، هەرچەندە کورد بەهۆی شکستی شۆڕشی ئەیلولەوە زۆر نائومێد بوو، لە ئەرکەکەیدا زۆر سەرکەتوو بوو، لە بەر ئازایەتی و زۆربونی کار و چالاکیەکانییەوە کراوە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعس دەستنیشانکرا بوو، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی یەکیتییەوە گواستراوتەوە بۆ سنوری سلێمانی  زۆر بە ئازایانە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام داوە، چەندین ئەرک و بەرپرسیاریەتی بۆ بەغدا و باشوری عێراق پێسپیدراوە، وەک یەکەم مەفرەزەی شۆڕی نوێ ی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی ڕەوانشاد ( مام جەلال تاڵەبانی) لە ناوچەکانی شارباژێر، قەرەدراغ، بازیان و گەرمیان لەگەڵ ( ئەنۆر مەجید سوڵتان و شەماڵی باخ و کاک حەمەسەعید ڕوویان کردە ناوچەی شارباژێر توانیان لە ماوەیەکی کەمدا پاش خەباتێکی سەخت برەو بە مەفرەزەکان بدەن، پاشان شەهید سیروان ڕووی کردە قەرەداغ بۆ زیاتر فراوانکردنی هێزی پێشمەرگە و چالاکی ئەنجام بدات و گورزێکی کەمەر شکێن لە دوژمن و جاش و خۆفرۆشەکان بوەشێنێت. لە دروستکردنی هەرێمەکان

شەهید سیروان کرا بە لێپرسراوی هەرێمی(٥)ی قەرەداغ کە بەو هەرێمە ناو دەنرا قەسبخانەی شۆڕش هەر لەگەڵ چوونی شەهید سیروان بووە خۆشەویستی خەڵکی کورستان بە قارەمنێتی و کردەوە جوانەکانی وەکو ئەفسانەی شەڕی پارتیزانی و شۆرشی نویَ ی گەلەکەمان ناونرا. دوژمن هەمیشە بەبیَ سەڵمینەوە لە هەوڵی لە ناوبردنی بووە. شەهید سیروان هەر چوار براکەی لەگەلیدا پێشمەرگە بوون و پێنج برا لە یەک خێزاندا بە سەر وماڵەوە بەشداری شۆڕشیان کرد و هەرپێنجیان لە پێناوی گەل و نیشتیمان شەهیدبوون. لە زۆربەی گوندەکانی کوردستان بەهۆی خۆشەویستی کاک سیروانەوە منداڵەکانیان ناودەنرا سیروان. شەهیدبوونی کاک سیروان لە٣٠-٢٩-/١٩٧٩/٤ بەپیلانی ئیستغباراتی ڕژێمی بەعس لە زێرینجۆی ناوچەی شارەزوور دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوە لە هاوڕیَ شەهیدەکانی ( حەسەن خاویَ، عەلی چەلەبي، حاجی چاوشین، نەجات کەرکوکی، محەمەد مام کەریم ) ناخی تەواوی خەڵکی کوردستانی هەژاند، حکومەتی عێراقی ئەوەندە دڵ ڕەش بوو، هەر بە شەهیدبوونیان نەوەستایەوە تا ئێستایش گلکۆیان نادیارە، بەڵیَ کاک

سیروان بەجەستە ئێمەی بەجێهێشتتووە، بەڵام داستان و قارەمانتیەکانی لەیاد و بیرەوەری ئێمەدا هەر دەزرنگێتەوە.

## خالید گەرمیانی.. پیاوە ئازاکەی نیشتیمان




جەماڵ مەلا کەریم لە ساڵی( ١٩٥٥ ) لە گوندی کوردەمیری حاجی حوسێن لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. لە تەمەنی( ٥ ) ساڵیدا

ماڵیان دەچێتە شاری کفری. لە ساڵی( ١٩٧٣ ) لە گوندی زەرداوی گەورە دەست بە خوێندن دەکات بەهۆی دابین کردنی بژیوی خێزانەکەیەوە واز لە خوێندن دێنێت و دەست دەکات بە کرێکاری. لە ساڵی( ١٩٧٥) دەچێتە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقەوە. لەگەڵ هەڵگیرساندنی یەکەم فیشەکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە خۆی دەگەیەنێتە شەهید سیروان تاڵەبانی لە ٢ / ١/ ١٩٧٧ لە هەرێمی( ٥) ی قەرەداغ دەبێتە پێشمەرگە بەهۆی ئازایی و گورج و گۆڵی خۆی یەوە کرایە ئامر مەفرەزە یەکێک لەو سێ مەفرەزەی هەرێمی( ٥)ی قەرەداغ. لە ساڵی( ١٩٧٨ ) جەولەکان و گەڕان بەناوچەکەدا گوڕ و تینێکی بەخشیووە سنورەکە چەندین کەس پەیوەندیان پێوە دەکرد و زانیارییان بۆ دەنارد. لە ساڵی( ١٩٧٩ ) هێزێکی زۆری ڕژیم بۆ ناحیەی سەنگاو هاتبوون، مەفرەزەکەی کردە دوو بەشەوە لەگەڵ تاقاندنی یەکەم گولەی( R.B.G ) وانەیەکی ڕژێمی دادا، دواتر گەڕانەوە بۆ بناری ئاژداخ. لە سەرەتایی ساڵی( ١٩٨٠) بەهۆی قارەمانیەتی و زیرەکی خۆی یەوە کرایە فەرماندەیی کەرتی( ٥ ) دووز خورماتوو. لە(١٩٨٠/٢/٧) لە گوندی قوریچایەوە خۆی گەیاندە قنگربان لە سەرجادەی گشتی بۆسەیەکیان دانا

کوڕی قایقام دەستگیرکرا، هەمان شەو خۆیان گەیاندە گوندی قەواڵی و قایمقام شێخ عەتا دەنێرێت بۆلای کاک خالید لەبەرامبەر دوو ڕێکخستنی( PUK ) بەناوەکانی ( عوسمان خەلیفە عەلی و سیروان ڕەشید ) دەیانگۆڕێتەوە، ڕژیم سزای قایمقام دەدات و ئەو چلاکییە لە ئیزگەی مۆرتیکارلۆ دەخوێندرێتەوە. بەهۆی زیرەکی و ناوبانگی دەگوێزرێتەوە وەک فەرماندەی کەرتی جەباری لە( ١٩٨٠/٢/٨ ) ، مامۆستا جەغفر دوای گەشتی گەرمیان بەرەو سەرەوە دەگەڕێتەوە، کاک خالید و دەستەکەی و ڕەوانە دەکەن دەچنە دیوی قەرەداغ ڕۆژی لە ١٩٨٠/١٢/٨ دوژمن بۆ کێومالکردنی دۆڵی قەرەداغ دەرچوو بوو بە هێزێکی زۆری سوپا و جاشەوە، مستەفا چاوڕەش و برادەرەکانی لە خاویَ کەوتوونەتە شەڕەوە کاک خالید و مامۆستا جعفەریش دەکەونە بۆسەی دوژمنەوە، و دەکەونەڕێ بۆ قازانقایە و کەسیان شارەزایی ناوچەکە نابن و خۆی پێشیان دەکەوێت و ئاگادارنین "کاک مستەفا و چاوەڕش و مام ڕۆستم" لە گوندی خاویَ ئیخباری کراون و جاش و جێش و قوات خاسە و مغاویریکی زۆر گوندیان تەنیبووە، لەگەڵ گەیشتنیان دەکەونە بۆسەی دوژمنەوە دوای نیو کاتژمێر لە شەڕێکی قارەمانی و

نەبەردیدا و کاک خالید وتی: پێش ئەوەی کوپتەر بێتەسەرمان  باشتر وایە بکشینەوە لەکاتی کشانەوە دا کاک خالید لێدرا و کەوت هەرلەوێدا عەبدوڵا کۆشکی، عوسمان خەلیف عەلي، محەمەد خدر، لوقمان و تاهیریان بانگ کرد لە ژێر دارێکدا بە پووش و پڵاش و چڵەدار تەرمەکەیان شاردەوە، مەفرەزەکەی ڕۆیشتنە  ئەوبەری چەمی تەنگیسەر هەواڵی شەهیدبوونی کاک خالید گەرمیانی گەیشتە کاک مستەفا و مام ڕۆستم هەرئەو شەوە لەگەڵ خەڵکی قارەمانی تەنگیسەر تەرمی شەهید خالیدیان لە تەنیشت شەهید گۆڕی ئارامی سەرکردە بەخاکیان سپارد. بەهۆی خەستی شەڕەکە و چڕی بۆردومانی هیلیکۆپتەرەکان، لەو شەڕەدا "سەلامی فەقێ عەلی "چاوێکی لەدەستدا، کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی کاک خالیدی بیست ئەوەندە گریا برینداریەکەی خۆی لەبیر چووە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠٢٠/١٢/٢١ ژمارە ٨٢٤٨ بڵاوبووەتەوە.

## شەهید تۆفیق گامەخەڵی
## ئەو پیاوەی بە (BKC)ەکەی دەستی دوژمنی هەراسانکرد.



تۆفیق حمەئەمین  مەحمود لە ساڵی (١٩٦٢) لە گوندی گامەخەڵی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی خانەدان و ناسراو لە دایکبووە. شەهید تۆفیق  پیاوێکی خۆشەویستی نێو خەڵک و ناوچەکە بووە، هەربۆیە بە شەهید تۆفیق گامەخەڵی ناسراو بووە. لە ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. هەر زۆر بە زوویی هەستی بە چەوساندنەوەی  نەتەوەکەی کردووە. لە کەرتی (٢) ی

تیپی (٥٣)ی شێروانه بووەتە پێشمەرگە بەهۆی ئازایەتی و چاونەترسی خۆی یەوە کراوەتە جێگری کەرت. بەشداری چەندین شەڕی کردووە لەوانە: گڵەزەردە، دووداره، سەنگاو، قادر کەرەم، گۆمەزەردی کەماڵەيي، چەرمەگا، کوڵەجۆی زەنگابات، قەیوان ماوات و له چەندین داستان و نەبەردی تر بەشداری کردووە. له دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بەڵام ڕژێمی بەعس بەوە نەوەستا دەستیکردە جێ بەجێ کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال له سەرگەلو و بەرگەڵو و دۆڵی قەرەداغ و چەندین شوێنی تر. له هەڵمەتێکی دلێرانەدا بە(بیکەسی)ەکەی دەستی کارێکی نەکردەی به ڕژێمکرد، ئینجا بەهۆی سەختی شەڕەکەوە و پەلاماردانی چڕی ڕژێم و تۆپبارانکردنی ڕژیمی سەدام پارچەیەک بەری دەکەوێت له ١٩٨٨/٣/٢٤ له شاخی سۆڵەی ناوچەی قەرەداغ شەهید کرا. ئەفسوس مەرگ بواری ئەوەی پێ نادات خێزان دروست بکات، بە گەنجیەتی خۆی دەکاتە قوربانی له پێناوی بەرگریکردنی خەڵک و نەتەوەکەی. هەروەک چۆن حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە

ئەوەی باقی بمێنێت هەرتەنیا ناوە

چاوپێکەوتن لەگەڵ " کاک ئارازی" برای شەهید تۆفیق گامەخەڵی.

## حسێن ئاربیجی.. خۆشەویستی نێو خەڵک و هێزەکانی پێشمەرگە بوو



حوسێن نادر ئەحمەد لە ساڵی (١٩٨٥) لە گوندی ناومچکنی باخە هەنارەی بناری بەمۆ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە. قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، بەهۆی کەم دەستی خێزانەکەیەوە نەیتوانیووە لە کاروانی خوێندن بەردەوام بێت. شەهید

حسێن خۆشەویستی نێو خەڵک و هێزەکانی پێشمەرگە بووە. بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی خۆییەوە نازناوی" حسێن ئاربیجی" پێ بەخشراوە. دڵسۆز و خەمخۆری ڕێبازەکەی ڕەوانشاد مام جەلال تاڵَەبانی بووە. لە ڕیزەکانی فەوجی (٢) ی لیوای (٥) پیادەی هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی و مەردایەتی  داوە. دوا پلەی پێشمەرگایەتی (نائب الچابت) بووە. بەشداری شەڕەکانی ( جندالسلام، جەلەولا، تەللوەرد، زەرگە، مەلا عبدالله) کردووە و لە شەڕی جەلەولا بە سوکی بریندار بووە. لە شەوی ٢٠١٦/٩/٢ لە شەڕی زەرگە بۆ بەهاناوە چوونی ڕەبیەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێگای ( عەبوە) یک دەتەقێتەوە  بەخۆی و هاوڕێکی بەناوی ( ئدریس) شەهید دەبن و دەچنە کاروانی پڕ لە سەروەری  و شانازییەکانی نیشتمانەوە بۆ هەتا هەتایە ژیانئاوایی دەکات. لە دوای خۆی دوو کوڕی بەدیاری بۆ نیشتمانەکەی بەجێ دەهێڵێت بەناوی ( یوسف و عەلی).

چاوپێکەوتن لەگەڵ هاورێ و هاوسەنگەری شەهید (هونەر مەمحود ) لە ٢٠٠٩/٨/٣٠

## حمەکادر .. پیاوی ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی



محەمەد ئیبراهیم ڕەشید کەریم لە ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی قەلاقۆچاڵی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە دایکبووە. لە ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی کردووە بە کۆمیتەی ئاگری کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی (١٩٨٣) بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی (٢) ی تیپی (٥١) ی گەرمیان، بنەماڵەکەیان جێگای حەسانەوەی کادرەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە و نازناوی کادر وەک خۆشەویستی پێدراوە. لە ساڵی (١٩٨٨) ڕژێمی بەعس پەلاماری لادییەکانی کوردستان دا، حمەکادر وەک پێشمەرگەیەک تا دوا گولەی ( ARG ) بەرگی لە تاوانی

شومی ئەنفال کرد. یەکێک بوو لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان لە دوای ئەنفال بەبێ دابڕان لە دیهاتە قەرەچۆڵبڕاوەکانی گەرمیان مایەوە، سەرجەم پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، دواپلەی پێشمەرگایەتی سەرتیپ بوو. ئەفسوس خانەوادەکەی بەرشاڵاوی ئەنفالی (٣) ی گەرمیان کەتووە وەک باوک ، برا و خوشک، بەڵام بۆ تەنها ساتێک حمەکادری لە خەباتی کوردایەتی و قارەمانیەتی ساردنەبوەتەوە. لەبەر ئازایەتی و قارەمانیەتی خۆی بەشداری شەڕەکانی ( قەیوان ماوات، هۆمەرمل ، سەید خەلیل ، سەیتەری کفری – کارێز ، سەرقەڵا) و دەیان داستان و نەبەردی تری بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کوردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی چوارجار بەسەختی بریندار بووە .لە بەهاری ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) بەشداری شەڕەکانی کەرکەک و سەرقەڵای کردووە و پلەی پێشمەرگایەتی ( ئامر کەرت ) بووە. لە فەرماندەیی چواری گەرمیان پلەی پێشمەرگایەتی ئامر هێز بووە. لە شەوی ٣-٢٠٠١/١١/٤ لە هەڵمەتێکی قارەمانانەدا بۆ سەرشەمشەمەکوێرەکانی جندالسلام لە شاخی تاوێرە لە هەڵەبجە لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی

فەرماندەیی چواری گەرمیان شەهید کران. لە دوای خۆی دوو کوڕی چاوگەشی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە بەناوەکانی ( زانا و دانا ) و درێژەپێدەری ڕێبازی باوکیانن.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( کاک سەباح قەلاقۆچاڵی ) لە١٣/٧/٢٠١٩

## سڵاح کوێخا

## لێپرسراوێکی خزمەتگوزار و تێکۆشەرێکی ماندوو



سڵاح الدین محەمەد فەرەج لە ساڵی (١٩٥٣) لە گوندی بانەبۆری ناحیەی قۆرەتوو سەر بەناوچەی خانەقین لە

خێزانێکی خانەدان و نیشتمان پەروەر لە دایکبووە. یەکێک بووە لە خوێندکارانی پەیمانگای کادیرانی ( ی.ن.ک) بەسەرکەتووی تەواوی کردووە. لە شۆڕشی ئەیلول یەکێک لە پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی ڕێگای خەبات . لە دوای نسکۆ لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی نوێ ی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٧٦) پەیوەندی دەکات بەر ِیزەکانی کۆمەڵەی ڕنجدەرانی کوردستان لە تیپی (٥٣) ی شێروانە پاشان دەکرێت بە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی کوڕە کاژاو. لە ساڵی ( ١٩٨٢) دەبێتە پێشمەرگە و یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی سەردەمی خۆی بووە .لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بەسەختی بریندار بووە .لە ساڵی ( ١٩٨٨) میلەتەکەمان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال کرا و خانووەکانی لەگەڵ زەوی تەخت کرا، تەنانەت خەڵکەکە بێ تاوانەکەی لەناو برد بەهۆی کورد بوونەوە. لە سەردەمی نەهامەتی و ماڵکاوکاری دێهاتەکانی کوردستان کاک سلاحی کوێخا بۆ تەنیا ساتێک ورە بەرنادات و ڕووبەڕووی مەحاڵ دەبێتەوە و دەڵێت: مادام پێشمەرگە و شاخ مابێت کەواتە خەباتی پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت. یەکێک بووە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال. لە پێناوی ئازادی

میلەتەکەی هەوراز و نشیوی زۆری  بینیووە، چەندین جار ڕووبەڕووی مردن بووەتەوە، بەڵام لە تێکۆشان و خەباتکردن هەرگیز سارد نەبووەتەوە. لە ساڵی (١٩٩١) بەشداری کارای لە ئازادکردنی بەشێک لە خاکی کوردستان کردووە. کاک سالاح هەر پیاوێکی تێکۆشەری ڕێگای خەبات نەبووە، بەڵکو لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناسراوی ناوچەی خانەقین  بووە. لە دوای بەهاری ڕاپەڕین چەندین بەرپرسیارێتی حیزبی و حوکمی و پێشمەرگایەتی وەرگرتووە شاسواری ئەو ڕێگایانە بووە ، زۆر ئازایانە توانیویەتی بەرەنگاری بێتەوە و سەرکەتوو بووە. لە ساڵی (٢٠١١) وەک سەرپەرەشتیاری ئیداری گەرمیان دەست بەکار بووە، لە پێناوی گەشەکردنی ناوچەی گەرمیان و خزمەتکردنی خەڵکی تێکۆشەرانی گەرمیان شەو و ڕۆژی خستووە سەریەک  بۆ ئەوەی بتوانێت کەمێک لە ئێش و ئازاری خەڵکی گەرمیان کەم بکاتەوە. لە ماوەی ( ٩) ساڵ خزمەت کردن ڕێبواری ڕێگای خزمەتکردنی خەڵکی گەرمیانی کردووە بەرنامەی کاری ژیانی خۆی و لەو پێناوەدا زۆر قوربانیدا. پێش ئەوەی دونیا بەجێبهێڵت لە مەراسمیکی شایستە و فراواندا ڕاژەی خرمەت کردنی تەواو بوو، بەدەرلەوە  کاک سلاح

دوو برای شەهیدە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان لە پێناوی ئازادی ولاتەکەیان قوربانیان داوە. هەر لەگەڵ خانەنشین بوونی تووشی پەتایی نەگریسی کۆرۆنا بوو دوای ملمەلانێکی سەخت لە نەخۆشخانەی ئەنۆر شێخە لە شاری سلێمانی لە ٢٠٢٠/٩/٢٩ ژیانئاوایی لە دۆستان و خۆشەویستانی کرد و لە گۆڕستانی ( بەرلووت) بەخاکسپێدرا. بەداخەوەیین دوای دووجار ژیانی هاوسەرگیری منداڵی نەبووە، و بەڵام دڵنیاین مامۆستا هیام مەحمود شوێنی کاک سڵاح پردەکاتەوە .

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٣٣٨) لە ٢٠٢١/٤/١٩ بڵاوبووەتەوە.

## ستار مراوەیي

## کادیرێکی دڵسۆز و لێهاتوو



ستار حمەئەمین ئەحمەد لە ساڵی (١٩٦١) لە گوندی مراوەی سەر بەناحیەی پێبازی ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەتی  و دابین کردنی بژیوی ژیانی خێزانەکەی  نەیتوانیوە بچێتە بەرخوێندن، بەڵام بەهۆی لێهاتووی و زیرەکی خۆی فێری خوێندن و نوسین بووە، خوێندەوارێکی باش و لێهاتووە. کاتێک هەستی بە چەوساندنەوەی میلەتەکەی کردووە، پەیوەندی دەکات بەڕیزەکانی ( ی.ن.ک) ەوە. پاش بەردەوام بوونی

هێزەکانی ڕژێم لە سەرکوتکردنی گەلی کورد، شەهید ستار بڕیاری چوونەوەی شاخ دەدات. لە ساڵی (١٩٨٣) لە کەرتی (٣) ی تیپی (٥٣) ی شێروانە دەبێتە پێشمەرگە و دواتر لە هەرێمی ( ١) ی ئەو کاتە درێژە بە ژیانی پێشمەرگایەتی دەدات. لە چەندین نەبەردی ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێم دەبێتەوە، بەشداری لە دەیان داستان دەکات وەک : شێخ تەویل، هەزارکانی، شەڕی ئەنفال و ...تاد لە بەهاری ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بووە. لە هەمان ساڵدا لەگەڵ دامەزراندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری ( ی.ن.ک) وەک کادیرێکی دڵسۆزی و لێهاتووە درێژەیی بە کارەکانی داوە. هەر لەبەر لێهاتووی خۆی لە ساڵی (١٩٩٣) شەرەفی ئەندامی کۆمیتەی لە کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری پێ بەخشراوە. شەهید ستار مراوەیی خۆشەویستی نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بووە، بەڵام ئەفسوس لە ١٩٩٣/٣/٢٧ لە شاری کەلار شەهید دەکرێت و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە. لە دوای شەهیدبوونی خۆی ( بەختیار ، هاوکار ، ڕووبار ) پێشکەش بە نیشتیمان کردووە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ  ڕێزدار ( بەختیار شەهید ستار مراوەیی).

## ملازم عومەر چاوڕەش

## لە تەمەنیکی کەمی ژیاندا وەک پیاوێکی گەورە دەرکەوت!



عومەر حوسێن حەسەن لە ساڵی (١٩٧٧) لە گوندی کونەکۆتری سەر بە ناوچەی گەرمیانی سوتماککراو لە خێزانێکی کوردپەروەر سڵاوی لە ژیان کرد. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن قوناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قەزای کەلار بە سەرکەوتووی تەواو کردووە.

لەبەرئەوەی کەسێکی خۆشەویست بووە لە نێو هاوڕێ و خزمانیدا بە "عومەر چاوەڕەش" ناسراو بووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی نیشتیمانپەروەری لە نیو بیر و هۆشیدا چەکەرەی کردووە تا بەهاری ڕاپەرینی ساڵی ( ١٩٩١) دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی ( ١٦) ی گەرمیان. لە ساڵی (١٩٩٤) لە لیوای تایبەتی گەرمیان لە فەوجی (٣) درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی داوە. لە ساڵی (١٩٩٥) لە پاش دروستبوونی لەشکری تایبەتی گەرمیان لە تیپی شەهید ( فەتاح مەسنور ئەلکانی ) لەبەر زیرەکی و لێهاتووی خۆی کراوە بە جێگری کەرت. لە ساڵی (١٩٩٧) کاتێک فەرماندەیی نوێ ی گەرمیان دروستبوو دەکرێتە فەرماندەی کەرت و پاشان زیرەکی و لێهاتووی خۆی کراوە بە جێگری تیپ لە هێزی شێروانە. لە ساڵی (٢٠٠٠) بەشداری خولی پێنجەمی فەرماندەیی دەکات بۆ پێگەیاندنی ئەفسەران لە ٢٠٠١/٦/٢٣ پلەی ملازمی دووەمی پێ دەبەخشرێت. لە ساڵی (٢٠٠٢) دەکرێتە جێگری هێز لە لەشکری تایبەتی مەڵبەند لەهەمان ساڵدا دەبێتە فەرماندەیی هێز . لە ساڵی (٢٠٠٣) لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی ملازمی دوو جێگر بووە. لە ساڵی (٢٠٠٤) بەهۆی

ڕاپەڕاندنی ئەرک و جموجوڵەکانی بە دڵسۆزی پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ ملازمی یەک. هەروەک چۆن ڕەوتی ژیان بەردەوامی هەیە و زیرەکی و لێهاتووەکانی دەنگی داوە و دواتر کراوە لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی کەلاری کۆن. هەر گرفت و کێشەیەک بۆ هەرکەس ڕووبەڕووی بوایەتەوە پێش ئەوەی بگاتە پۆلیس وەک شاسوارێکی دیاری بواری کۆمەڵایەتی هەوڵی ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی دەدا. لە نێو ڕیش سپی و کەسایەتیەکان و پیاوقولان پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا، قسەکانی بەهەند وەردەگیرا، ئەم مرۆڤە مەزنە هەر شاسواری بواری پێشمەرگایەتی نەبوو، بەڵکو شاسواری چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتیەکان بوو. هەر خزم و دۆست و هاوڕێ و ناسیاوێک نارەحەتی یان نەخۆشی بوایە زۆر ئازایانە دەگەیشتە ئەوێ هاوکار و پشتیوانێکی دڵسۆز بوو. چاوەڕش ئەستێرەیەکی دیاری شاری کەلار بوو، لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی کاری گەورەیی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەڵام ئەفسوس تەمەن و مردن بواری زیاتری پێ نادا کار و چالاکی و حزم دۆستی و پێشمەرگایەتی مەڵوەیەک بخاتە سەرخەرمانی خزمەتەکانی. ئەگەر ئێستا چاوڕەش بمایە لە ئاست و مەقامێکی تری سەنگەرێکی

دیکەی کوردایەتی و کۆمەڵایەتیدا بوو. ئەوەی جێگای ڕامان و تێڕوانیندا لە تەمەنیکی کەمی ژیانیدا لە ئاستی پیاوەگەورەکان دەرکەوت. ئەفسوس لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٣٠ لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا لە پێدەشتەکانی نێوان جەلەولا و قەرەتەپە بەگولەیەک شەهید دەکرێت دەچێتە کاروانی سەروەران. لە پاش خۆی کوڕێکی بەناوی ( دیاری) و کچێکی بەناوی ( دیانە) بۆ گەل و وڵات بەجێهێشتووە.

سەرچاوە" مەلازم عومەر .. شەهیدی خاک" چاپی یەکەم ساڵی ( ٢٠٠٨) لە ئامادەکردنی: گەرمیان حمەخان.

## لاله مارف.. نیشتمان بەدەمیەوە پێ دەکەنی



محەمەد مەحمود قادر  ناسراو بە  لاله مارف لە ساڵی (١٩٥١) لە گوندی میل قاسم  سەر بە ناحیەی سەرقەڵا لە دایکبووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی  لە حوجرەی فەقی درێژە بە خوێندن داوە، ساڵی (١٩٧٣) بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول تا هەرەس. ساڵی (١٩٧٦)  پەیوەندیکردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی  بووەتە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی کەلار دواتریش سەرپەرەشتیارەکەی، بەشداری کۆنفراسەکانی کۆمەڵە دەکات. لە مانگی(١٠)ی ساڵی ( ١٩٨٠) بووەتە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنجی قەرەداغ. کراوەتە فەرماندەیی کەرتی (٢) تیپی (٥٣) ی شێروانە. لە

١٩٨٨/٤/٩ تا ١٩٨٨/٤/١٤ سەرپەرشتی بەرگریەکی قارەمانەی کرد لە ئەنفالدا لە نزیک گوندی زەردی حەمەی سەرناوچەی گەرمیان لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بەناوەکانی بەکری شێخ سدیق شەهیدبوو  و سدیق حەسیرەیی بریندار بوو، باوکی و برایەکی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانەکانی دیالە و فەزیلە لە ئەبو غرێب بەسەردەبەن، بەشداری ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) کردووە  و چەندین پلەی پێدراوە وەک: بووەتە جێگری بەتالیون پاشان فەرماندەیی بەتالێونی شاکەل لە تەشکیلاتی لیوایی تایبەتدا بووەتە جێگری دووەمی لیوای تایبەتی گەرمیان دواتر بۆ فەوجی پاراستنی دووی کەرکوک دەگوێزرێتەوە. دواتریش بووەتە  فەرماندەی فەوجی پاراستنی کەرکوک لە دەیان نەبەردی و داستان بەشداری کردووە لە داستانی  ڕزگاری بریندار بوو. لە ١٩٩٤/١١/١٠ بە تەقینەوەی  (TNT) بریندار کرا و نێردراوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران لە ١٩٩٥/١/١٤ بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لە دەستداوە.

لە ٢٠٢٢/٤/١٨ ژمارە ( ٨٦٣٧) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبووەتەوە.

## نیوە کوڕێک  شەهید بوو، بەڵام چوار نیوەکوڕی تر لەدایکبوون!



عەبدول کەریم ئەحمەد نور محەمەد لە ساڵی ( ١٩٦٤) لە گوندی کانی پەموو سەر بە قەزای خانەقین  لە دایکبووە. بەهۆی هەژاری بنەماڵەکەیەوە نەیتوانیووە بڕواتە بەرخوێندن بەکاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵییەوە سەرقاڵی کارکردن بووە. لە ساڵی (١٩٧٩) پەیوەندی دەکاتە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ئەندامێکی چووست و چالاک بووە. بەهۆی زوڵمکردن لە نەتەوەکەی لە ساڵی (١٩٨١) دەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی (٣)ی  تیپی

(٥١) گەرمیان. ئینجا میمکە مینا بە هەڵەداوەن دەچێتە شوێنی کوڕەکەی ئێژێت :عبدالکریم ڕۆڵە، ناتوانی ئەم ڕێیە ببڕی؟ تۆ هێشتا نیوە کوڕی.. ئیتر ئەم ناوە لەلایەن هاوڕیکانیەوە بەسەرلایدا دەبڕێت، دەبێتە نیوە کوڕێکی تەواو. لە دەیان داستان و نەبەردیدا مێژوو بۆ خۆی و سەربەرزی بۆ خانەوادەکەی تۆمار دەکات. کۆتا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەیی تیپ لە هێزی تایبەتی مەڵبەندی(١١)ی گەرمیان لە ٢٠٠٣/١٠/٦ لە نزیک گوندی شێخ باوە شەهید کرا. لە دوای شەهیدبوونی نیوەکوڕی فەرماندە ئەرکی سەرشانی خاتوو ( شنۆ ) قورستر و نارەحەت تر دەبێت، بەڵام وەک پێشمەرگە ئاسا چوار نیوەکوڕ پەروەردە دەکات، بەناوەکانی ( بوێر ، ژیار ، محمد ،چێنەر ) دەبنە چراوگی داگیرساوی شەهید نیوە کوڕ.

چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک بوێری شەهید نیوەکوڕ لە ٢٠١٧/١/٢٦

لەبەردەم شکۆی مرۆڤە مەزنەکاندا لە ساڵی (٢٠١٨) چاپی یەکەم لە نوسینی: م.عەلی

**دارا تاقانە.. تەنها کوڕەکەی ئێشکگری نیشتمانە!**



دارا حمەڕەشید ناوخاس لەساڵی (١٩٦٧) لە شاری سلێمانی لە دایکبووە. تا قۆناغی شەشی سەرەتایی خوێندووە بەهۆی زوڵمکردن لە نەتەوەکەی نەیتوانیووە درێژە بەخوێندن بدات. پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ( ی.ن.ک) لە خێزانێکی شۆڕشگێر و کوردپەروەر گەورە بووە، هەر لەو پێناوەدا لە ساڵی (١٩٨٤) دەبێتە پێشمەرگە لە مەڵبەندی (١) لە کەرتی تایبەتی (١٥)ی هەورامان بەهۆی زیرەکی و خۆنەویستی خۆیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تیپی (١٧)ی زمناکۆ لەگەڵ حمە قاشتی، مام وریا سەرقەلا، شەهید مەحمودی مامە عزە، محەمەد عبدولا ) درێژە بەخەباتی کوردایەتی و مەردایەتی ئەدەن، دەیان

سەروەریان بۆ نیشتمان تۆمارکردووە، لەبەر ئازایەتی و چاونەترسی خۆی دەکرێتە ئامر مەفرەزە لە تیپی( ١٧ )ی زمناکۆ لە داستانێکی قارەمانانە و ئازایانەدا لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی قارەمان لە سەربازگەی دوو دارە لە ٢٥-١٩٨٧/٧/٢٤ دەگاتە کاروانی نەمری گەل و نیشتیمان* لە دوای شەهید بوونی خاتوو ( لعلی قادر ) درێژە بەکاروانەکەی شەهید دارا دەدات، تەنها کوڕێکی بووە بەناوی ( هەژار) بەئامانەتەوە گەورەی دەکات، ئێستا پێشمەرگە و ئێشگری نیشتیمانە، ئەو چراییە کە شەهید دارا هەڵیکرد تا ئێستا زۆر بەجوانی دەگرێت.

ناوی شەهیدەکانی شەڕی دوو دارە ئەمانە بوون:

١. دارا حمەڕەشید ناوخاس
٢. جبار قادر رسوڵ
٣. ئەحمەد حسن معروف
٤. حارس مارف رسول
٥. فاتیح حەسەن ئەحمەد
٦. والی محمد عبدالله
٧. عوسمان چەلەبي
٨. ئومید محمد ئەحمەد

٩. نیاز هەورامی
١٠.ئەحمەد بەلەکجاڕی
١١.حاجی علوان دێلێژەیی / قەرەداغ

چاوپێکەوتن لەگەڵ "کاک هەژاری شەهید دارا" لە ٢٠١٧/١/٧/٢٥

## ئەیاد زەرداوی .. پێشمەرگەیەک بۆ بەرگری لە نیشتمان



ئەیاد حەسەن تۆفیق لە ١٩٨٠/١/١ لە گوندی زەرداوی خوار سەر بە ناوچەی جەبارە لە خێزانێکی جوتیار و کەم دەرامەت لە دایکبوو. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی قانع لە ناحیەی ڕزگاری تەواوکردووە. لە

ساڵی ( ٢٠٠٠) پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ک)ەوە، بووەتە ئاسایش لە بنکەی ناحیەی قۆروتوو بە پلەکانی ئاسایشدا سەرکەوتوو بووە، دوا پلەی کۆمیسەری ( ٨) بووە،بەۆی لێهاتووی خۆییەوە کراوە بە لێپرسراوی بازگەی شێخ باوە. شەهید ئەیاد کەسێکی خۆشەویست بووە لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرانیدا. ئەفسوس لە ١/٧/ ٢٠١٤ لە ناحیەی جەلەولا ( گوڵاڵە ) لە شەڕی تیرۆستانی داعش سنگی خۆی دەکاتە قەڵغان لە پێناوی بەرگری لە گەل و نیشتیمان. لە دوای شەهید ئەیاد ئەرکی سەرشانی خاتوو ( خۆراسان ) قورستر بووە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکان، هەروەها چوار منداڵی چاوگەشی بەناوەکانی (سنور، شەیدا، شیرین و محمەد ) پێشکەش بە نیشتمان کردووە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزدار" سەلمان نارینی" هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید " ئەیاد زەرداوی".

## سمکۆی ئاسایش

## قەڵایەک لە بەردەم تیرۆرستانی داعشدا



ئیسماعیل عەلی محەمەد سەعید ناسراو بە ( سمکۆی ئاسایش) لە ١٩٧١/١/١ لە گوندی قولیجانی سەرحەد سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و نیشتیمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە. قۆناغی خوێندن تا شەشەمی ئامادەیی درێژەیی بە خوێندن داوە. لە ساڵی (١٩٨٥) لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا لە کەرتی (٦) لە تیپی (٥١) ی گەرمیان دەبێتە پێشمەرگە بەشداری چەندین شەڕی کردووە، یەکەم شەڕی لە مانگی ١٩٨٧/١٢ لەسەر ڕێگای دووکان- سلێمانی، خورماتوو -کفری، کفری-کەلار هەر

بەمەیشەوە نەوەستاوەتەوە تا ساڵی( ١٩٨٨) لە خەباتی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە. لە ساڵی( ١٩٨٨ ) ڕژێمی سەدام پەلاماری لادێیەکانی کوردستانیدا و تەواوی خەڵکەکەی ئەنفال کرد، و زیانیکی گەورە بەر کاک سمکۆ کەوت چونکە باوک و دایک و حەوت خوشک و برای بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن تەنیا برایەکی بەناوی ( سیروان) لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دەربازی بوو، داوای لێدەکات هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان بکات. دوای تاوانی شومی ئەنفال لە ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ک) دەبێتە پردێک لە نێوان شاخ و شار دا هاوکارێکی زۆر باشبووە .لە ڕاپەرینی کوردستان لە ساڵی( ١٩٩١) ڕۆڵێکی دیار و ئازایانەی و بەرچاوی بووە. دوای ڕاپەرین دەبێتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی دووز لەلای "شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشید" و بەشداری چەندین نەبەردی کردووە وەک دەربەندتاڵە، سەرقەڵا، قوریچایی و ..تاد . لە ١٩٩٣/١٢/٢٣ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە لەگەڵ کاک ئەحمەد حاجی ڕەشید تا شەهید کرا و کاک سمکۆ زۆر بە سەختی بریندار بوو، نزیکەی ساڵێک لەسەر جێگا دەمێنێتەوە. لە ساڵی( ١٩٩٧ ) دەبێتە ڕێپێدراوی ئاسایش لە ئاسایشی گەرمیان. لە ساڵی(

٢٠٠٥) بەشداری خولی ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ دەکات. لە ساڵی (٢٠٠٦ -٢٠٠٩ ) کراوەتە لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی زینانە. لە مانگی( ٢٠٠٩/١٠ ) بووەتە لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی کۆکس تا ڕۆژی شەهیدبوونی. لە ئەنجامی پووچەڵکردنەوەی سەرجەم پلان و نیازە تیرۆریستەکانی شەمشەکوێرەکانی داعش چوار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە. لە گوندی حاجیلەر داعشێکی بە پشتوێنێکی بۆمبڕێژکراوە پێش تەقاندنەوەی دەستگیر کردووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی و ئاسایشدا چوارجار بە سەختی بریندار بووە لە ( کفری، جەلەولا، ئیسلاح و نەقشبەندی ) هەرگیز لە مردن سڵی نەکردوەتەوە چی بە بریندار بوون و چی بە هەڕەشکانی تیرۆرستان لەسەر خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە. لەبەر زیرەکی و فراوانکردن و ڕاودوونانی تیرۆرستانی داعش و کارمەندەکانی دەکرێتە یاریدەرێتی ئاسایشی کۆکس. ئەفسوس لە شەوی ٢٩-٢٠١٩/١١/٣٠ خۆی و دوو کارمەندی کەونتە بۆسەی تاریکپەرەستانی داعشەوە بەناوەکانی (مەحمود جمعە و جمعە عبد ) گەیشتنە کاروانی نامران. لە دوای شەهید سمکۆ باری سەرشانی خاتوو ( گێلاس ) قورس تر بووە لە پێگەیاندن و

سەرپەرەشتیکردنی منداڵەکانی و پێنج منداڵی بە ناوەکانی ( سەدەشت، شنیار، هەڵاڵە، سامان و وێژە) پێشکەش بە نیشتیمان کرد. دوو لە منداڵەکانی بەناوی ( هەڵاڵە و سامان ) بە ناوی خوشک و برا ئەنفالکراوەکانی ناوی نراوە و کاریگەریێتی ئەنفال لەسەر بیر و هۆشی ماوەتەوە.کاک ساڵەح هەلاج لەشیعرێکدا بۆ هاوڕێ ی شەهید سمکۆی ئاسایش دەڵێت:

خوێنمان زۆر ڕژا

مێشکمان پژا

هەرکاروانە و پۆل پۆل دەڕوات


بەرەو ئاسمان

تەنها ناومان لێ نراوە شاد ڕەوان...

چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕی شەهید " سەردەشت شەهید سمکۆ".

حەمۆمین شەربەت

## تێکۆشەرێک لە پێناوی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا



حمەئەمین ئەحمەد ئەمین لە ساڵی (١٩٤٤) لە گوندی هەوارگەقوڵەیی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار لە دایکبووە. زۆر چالاکانە بەشداری ئۆڕشی ئەیلولی کردووە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ ئەندامی شۆڕشی ئەیلول بووە، ئینجا بەشداری شەڕەکانی چەمی پەڵک و سماقی کردووە. دوای توانەوەی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٦/١/٢٠ پەیوەندی دەکاتە کۆمیتەی ئاگرینی کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لەبەر

کوردپەروەری و لێهاتووی خۆیکراوە بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی نێو شاری کفری. لە ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی دەکاتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٥)ی قەرەداغ. بەشداری دەکات لە دوو کۆنفراسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە یەکەم تەکیە ئەویتریان لە زەردەلیکاو. لە ساڵی (١٩٨٤) بووەتە ئەندام لە کەرتی ڕێکخستنی کفری. لە ساڵی (١٩٨٨) لە دوای حەوت مانگ لە تاوانی شوومی ئەنفال لە گوندی گلالکەوەی ڕۆغزایی کۆبونەوەیەکیان کرد بۆ زیندوو کردنەوەی ڕێکخستنەوەی نێو شار و دەیان چالاکی جۆر بە جۆریان بۆ خزمەتی ڕێکخستن ئەنجامدا. لە ساڵی ( ١٩٨٩) کراوە بە لێپرسراوی بازنەیەکی تایبەت بەر ِێکخستنەکانی نێو ئۆردوگای سمودی جاران و ڕزگاری ئێستایکردووە. کاک حمەئەمین شەربەت کادیری ڕێکخستنی دانەبڕاوی بووە ڕۆڵێکی گەورەی لە خزمەتکردنی میلەتەکەی گێڕاوە تا ساڵی (١٩٩١). لە ساڵی (١٩٩٢) کراوەتە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی سمود ( ڕزگاری) بووە.کاک حمەئەمین هەر کادیر نەبووە، بەڵکو کەسایەتیکی دیاری ناحیەی ڕزگاری و ناوچەی گەرمیان بووە. لە ساڵی (٢٠٠٢) بە پلەی

فەرماندەی دەستە لەلایەن کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی گەرمیانەوە خانەنشین کراوە. لە ساڵی (٢٠١٤) وەک پێشمەرگەیەک بۆ پشتیوانی و بەرزکردنەوەی پیشمەرگەکان لە خدر وەلی و اسلاح سەردانی کردوون . دوای حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە نیزامی لە فەرماندەیی دەستەوە کراوە بە(مقدەم) ی سەربازی خانەشین کرا. ئەفسوس دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە ٢٠١٨/٧/٦ لە تەمەنی ( ٧٤) ساڵیدا کۆچی دوایکردووە. کاک حمەئەمین هاوڕێ و خۆشەویستی شەهید مام سلێمان تەپەسپی بووە، لە دوای شەهید بوونی باوکمەوە بەوەفاترین هاورێی بووە بۆ تەنها جارێک ساتێک پەیوەندی لێمانەوە نەبڕاوە. ڕەوانت شاد و پیاوە مەزنەکەی ڕێگای کوردایەتی و خزمایەتی و وەفاداریت ناوت لەبیر و هۆشماندا بۆ هەتا هەتایە زیندوو دەمێنێتەوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ کادیر و ڕێکخستنی دێرین ( حەمۆمین شەربەت).

## مەحمود گەرمیانی .. شەهیدی دەستی خۆفرۆشان



لە ساڵی (١٩٤٩) لە گوندی پارویڵەی سەر بە ناوچەی باوەنوور سڵاوی لە ژیان کرد. مرۆڤێکی ژیر و خوێندەوار بوو بەهۆی هەستکردن بەزوڵمی نەتەوەکەی نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات. لە دوای توانەوەی شۆڕۆشی ئەیلول  لە هامێزی گەرمی نیشتیمان ستاری لێ دەبڕێت  و دەچێتە وڵاتی ئێران تا دەگاتە ساڵی (١٩٧٦) شۆڕشی نوێی گەلەکەمان  وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی کوردایەتی دروشایەوە، بەبی سەڵمینەوە لە دوژمن وەک پیاوێکی بەهیمەت پەیوەندی دەکاتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان  درێژە پێدەدات بەهۆی ئازایەتی و

قارەمانیەتی ناوی ( دەبابەکەی گەرمیان) لێ دەنێرێت. لە دەیان داستان و نەبەردی بەشداری شەڕەکانی ( هەکاری ، شارەزوور ، سەرکردایەتی ، هەورامان ، ڕەزەڵە ، پارەزان  و هۆمەمل ) دەکات و سەروەریەکی گەورە دەنەخشێت. ئەم پیاوە ئازا و جوامێرەی ڕێگەی کاروانی کوردایەتی   و مەردایەتی چەندین پلەی شەرەفی پێشمەرگایەتی دەبڕێت تا دەگاتە پلەی ( جێگری لێپرسراوی تیپی( ٥٣)ی شێروانە)، بەڵام لە نێو ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بەسەختی لە شەڕەکانی ( ناوگردان، دەرەمیانە، سەیدسادق  و تەپەتۆڵەکە ) بریندار بووە، بەڵام بیروباوەڕی هەستی بەرزی نەتەوایەتی والێدەکات هەر شوێنێک شەهیدی فەرماندە مەحمود گەرمیانی پێدا دەڕۆیشت دوژمن زاتی ئەوەی نەدەکرد، بە شوێن پێەکانیدا هەنگاو بنێت، تاقم و تفەنگی خۆیەوە بە زەردەخەنە و قسەخۆشەکانی دڵی  هاوسەنگەرەکانی خۆش دەکرد، لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی خاکی و سادە و خۆش ماریفەت بووە. ئەوەی جێگای ئەفسوسە لە ١٩٨٥/١٢/٢ لە نێوان گوندی ژاڵەی سەفەر و حەسەن محەدا بە دەستی چەند خۆفرۆشێک دەکاتە کاروانی پڕ لە سەروەری و ڕۆحی بەرزە فڕی دەکاتە کاروانی لەبن

نەهاتووی شۆڕش. لێرەوە خەبات درێژەی پێ دەدرێت لەلایەن خاتوو ( گەردە) ئەو ژنەی زیندانەکانی سەماوە کۆڵی پێ نەدا ، ئینجا وەک شێرەژنێک چوار منداڵی جوان و کورد دۆستی پێگەیاند بەناوەکانی ( کوردە، چیا، سنور و سەنگەر ).

چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕی شەهید ( سەنگەر مەحمود گەرمیانی ) لە ٢٠١٧/٦/١٤

## حمە تیماری ..پیاوێک لە ئازایەتی



محەمەد حاجی سەعید ئەحمەد لە ساڵی ( ١٩٦٤) لە گوندی تیماری سەر بە ناوچەی سەنگاو لە خێزانێکی جوتیار و کوردپەروەر لە دایکبووە. بەهۆی هەستکردنی

به زوڵمکردن له نەتەوەکەی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە له ساڵی (١٩٧٩) بووەتە پێشمەرگە له هەرێمی (٥) ی قەرەداغەوە دەکات. پاشان لەسەر خواست و ویستی خۆی دەچێتە تیپی (٥١) ی گەرمیان بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی یەکانییەوە سەرجەم پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا دەگاتە پلەی فەرماندەی کەرتی ( ٢)ی تیپی (٥١) ی گەرمیان .له دەیان داستان و نەبەردی له ناوچەکانی سەنگاو و قەرەداغ و گەرمیان بەشیداری کردووە. شەهید حمەتیماری خۆشەویستی نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بووە هەربۆیە به شەهید حمەتیماری ناسراو بووە. ئەفسوس له ١٩٨٦/١٢/٣ له چیای برزۆ بالوسە دەگاتە کاروانی سەروەرانی نیشتیمان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک ( تەها تیماری ) له ٢٠١٧/١٠/١٦

## "مەلا کەریم توکنی" دەبابە شکێنەکەی داستانی هۆمەرمل



کەریم سەعید ئەحمەد لە ساڵی (١٩٥٨) لە گوندی توکن سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. قۆناغەکانی حوجرەی فەقیەتی تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندی دەکاتە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی (١٩٨٠) بووەتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٥) ی قەرەداغ. لە ساڵی (١٩٨١) لە کەرتی (٢) ی تیپی (٥١) گەرمیان بووە لە دوای سێ ساڵ لە هەمان کەرت دەبێتە جێگری کەرت. لە ساڵی (١٩٨٤) دەبێتە ئامر کەرت لە کەرتی (٥) ی

حەمرینی سەربەتیپی (٥٣)ی شێروانە. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی کردووە، بەشداری لە شەڕەکانی شارەزوور، شارباژێر، سەرکردایەتی و گەرمیان کردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی چوار جار لە ( گۆمەزەردی کەماڵەیی ، زینانە ، سەرکردایەتی و کانی چایلە) بریندار بووە. لە ساڵی (١٩٨٥) جاش و جێشێکی ڕژێم هێرشیان کرد بۆ سەر گوندی توکن لە ڕووبەوڕوونەوەیەکی هێزێکی نا بەرامبەر بوونەوە تا لە گوندەکانی دەوروپشت هێزی پێشمەرگە هاتنە هانایانەوە و شەڕ بەردەوام بوو تا درەنگانێکی ئێوارە، لەو شەڕەدا دوو ناقیلە لە پیشمەرگەکان گەڕایەوە لە دەشتی سوور خەلیل دا، پێشمەرگەکانیش لە هەر چوارلاوە درایە بەر ڕێژنەی گوللەی ئاربیجی یەکیان دەرباز بوو، ئەویتریان لە ملەی توکن بەدوو سەرنشینەوە سوتێندرا. لە ١٩٨٧/٥/١٨ هێزەکانی ڕژێم بەجاش و جێشێکی زۆرەوە پەلاماری گوندی هۆمەربل یاندا، ژمارەیەک لە کەرتی (٥) و هێزی میلی بە فەرماندەیی مەلا کەریم ڕووبەڕووی ئەوقای هێزەکانی ڕژێمی بەعس بوونەوە، وانەیەکی مێژوویان بەڕژێم دادا، لەو شەڕەدا ( حەسەن ئەحمەد مەجید و هیدایەت قادر ئەحمەد سەمەن ) خەڵکی گوندی

عەزیز قادر لەگەڵ سەرتیپ حمە ئاغا ) شەهید بوون. زیانی ڕژیم حەقدە شۆفڵ ، پێنج دەبابەی بەرازیلی و گرتنی سێ جیێب قیادە و زیاتر لە (٩٠) کەس لە جاش و جیێش کوژران دوای لووت شکاندنی هێزەکانی ڕژێم و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ لەلایەن پێشمەرگەوە بۆ ڕۆژی دواتر مەلاکەریم لەسەر تایەی شۆفڵکە دانیشتبووە بەهۆی دەستکاریکردنی لەلایەن پێشمەرگەیەکەوە دەکەوێتە نێوان تایە و چەمەلغی شۆفڵەکەوە لە ١٩ /١٩٨٧/٥ لە گوندی هۆمەمل بە کارەساتێکی دڵتەزێن شەهید کرا. کاتێک هەواڵی شەهیدبونی دەگاتە گوندی تەپەسپی یەک پێشمەرگە نانی ئێوارەیان نەخوارد..! دوای تۆمار کردنی داستانی هۆمەرمل هەواڵەکە دەگاتە هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی دەڵێت: تا ئێستا داستان و سەروەری بەمشێوەیە نەبیستوومە و نەبینیومە و نەباسکراوە ! لەگەڵ خاتوو ( دیمەن ) ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە ناوە بەداخەوە هیچ منداڵێکیان نەبووە.

لە ٥ / ١١ / ٢٠٢٠ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٨٢١٨) بڵاوبووەتەوە.

## ئەحمەدە سوور .. مرۆڤێکی سەر ڕاست




ئەحمەد محەمەد سلێمان یاروەیس لە ١٩٥٥/٧/١ لە گوندی توکنی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەوە نەیتوانیوە بڕواتە بەر خوێندن. بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی سەرقاڵی دابین کردنی بژێوی ژیان بووە. بەهۆی خۆشەویستیەوە بە ( ئەحمەدە سوور ) ناسراو بووە. لە ساڵی (١٩٧٧) پەیوەندی دەکاتە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. باوکی حاجی محەمەد سلێمان یەکێک بووە لە پیاوە

کۆمەلایەتیەکانی گوندی توکن و دەوروبەری ڕۆڵێکی کارای بینیوە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی سنورەکە. لە نێوان سالآنی ( ١٩٨٣ – ١٩٨٨) یەکێک بووە لە هێزەکانی پشتگیری کوردستان. پێش تاوانی شوومی ئەنفال لەگەل ( فاتیح مەلا وەهاب ) ئەنجومەنی گوندی توکن بوون. لە پاش ئەنفال تا ١٩٨٨/٩/٦ لە سنوری دیهاتە قەرەچۆڵبڕاوەکانی گەرمیان ماونەتەوە. بەهۆی شالآوی ئەنفال دوو برای بەناوەکانی ( عوسمان – حسین ) ئەنفال کراون. ئەفسوس بەهۆی نەخۆشی سەرەتان لە ساڵی (١٩٩٧) لە گوندی توکن کۆچی دوای کردووە. خاتوو ( نەسرین حەسەن سلێمان ) زۆر ئازایانە منداڵەکانی بەخێو کردووە بەناوەکانی ( سەلام، کاروان، هاوارە، هارون، ئاواز، سەمیرە، ئەمیرە و پەروین ).

چاوپێکەوتن لەگەڵ ( حەسەن محەمەد سلێمان ) برای ڕەوانشاد ( ئەحمەدە سوور) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٧

## حەسەن ڕەش ... پیاوێکی سادە و خۆشەویست لە نێو خەڵکدا




حەسەن عەزیز حەسەن لە ساڵی ( ١٩٧٠) لە گوندی (ژالانی ڕۆغزایی ) سەر بە ناوچەی گەرمیانی سوتماککراو لە خێزانێکی جوتیار و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بنەماڵەکەیان لە نێو هەناوی گەرمیان بە ( عەزە شانە ) دەناسرێت. لە ساڵی (١٩٨٣) لە تەمەنی (١٣)ساڵیدا لە کەرتی (٢) تیپی ( ٥٣) ی شێروانە بووەتە پێشمەرگە. لە زۆربەی شەڕەکانی گەرمیان و

سەرکردایەتی بەشداری بەرچاوی بووە. لە بەهاری ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بووە. لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیدا خۆشەویست بووە بەناوی ( حەسەن ڕەش) ناسراوە. حەسەن ڕەش پیاوێکی سادە و خۆشەویست و دەم بە پێکەنین بووە . کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە نیزامی بە پلەی ( نقیب ) خانەنشین کراوە .لە ساڵی ( ٢٠١٤) یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی گەرمیان بەشداری شەڕەکانی داعش لە ئیسلاح کردووە. لە ٢٠١٥/٢/٢٦ بە کارەساتێکی دڵتەزین لە ناحیەی ڕزگاری کۆچی دوایکردووە. لەگەڵ خاتوو ( فاتیمە حمەئەمین فەرەج ) ژیانی هاوسەرگیری پێکەوەناوە ، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە منداڵەکانی بەناوی ( فرمێسک ، گریان ، محەمەد و لاوان ) .

چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک ( محەمەد عەزیز شانە ) برای شەهید ( حەسەن ڕەش) لە

# شەهیدبوونی قادرەسوور لە داستانی ڕزگاریدا




شەهید ( قادرە سوور )

لە نێو خانووە قوڕەکانی پێدەشتی گەرمیانی کاکی بە کاکیدا، گوررزەرێک بە نێو گوندی ڕۆسەی شاماردا بکەین، بڕۆینە خزمەتی پیاوێکی دیاری گوندەکە، وچانێک لە خزمەتی حاجی حمەئەمین دا بدەین. دەمانەوێت خواس و باسێک لە گوێ ئاگردانی ماڵەکەیدا بکەین، ماڵەکەی بووە لانکەی شۆڕش ، خەڵکی بێنەوا، چارەسەری ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی سەرتۆپی کارەکانی

بووه. له نێو ماڵه جوتیارێکی خنجیلانەدا منداڵێکی سوور و جوان له هامێزی گەرمی نیشتمان له گوندی گردە ڕەش سەر به ناوچەی شێخ تەویلی سەر به ناوچەی گەرمیان له ساڵی ( ١٩٦٢) بەناوی " قادر حمه ئەمین حمەشەریف " هاتە ژیانەوه. له نێو جەنجاڵیەکانی ژیانی گوندا فێری ئەلف و بێی کوردی زمانی شیرینی دایکبووه. له نێو جوگرافێکی بچوکی لادێدا، له ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ک) ەوه کردووه. له دوای تەواو گۆشبوونی به بیروباوەر و پرنسیپەکانی یەکێتی دا، بڕیایدا خەباتی ڕێکخستن بگوێزێتەوه بۆ نێو خەباتی پێشمەرگایەتی. له بەرەبەیانی ساڵی ( ١٩٨٣) له کەرتی (٣)ی تیپی (٥٣)ی شێروانه بووه پێشمەرگه. دوای دەرکەوتنی وەک پێشمەرگەیەک بست به ست باڵای دەکرد. له نێو ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەورازی بەرز و نشێوی زۆر، دێ به دێ، هەردە به هەردە، سەنگەر به سەنگەر هەنگاوی دەبڕی، هەر بۆیه لەو پێناوەدا زۆر ئازایانه هەڵمەت دەدات تا ببێته چرا و چراخانی خێزانەکەی و شکۆمەندیک بۆ نەتەوەکەی مسۆگەر بکات. له نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیدا به ( قادره سوور) ناسراوه. کاتێک ناوت دەکەوێته نێو ناوان له ئازایەتی و

قارەمانیدا، خوێنی خۆی دەکاتە خەڵات بۆ نیشتیمان، ئەوکات داستان دوای داستان ، قارەمانیەتی دوای قارەمانیەتی، ماندووبوون دوای ماندووبوون هەرگیز سڵی لێ ناکاتەوە. لە دەیان داستان و نەبەردی لە پێناوی گەلەکەیدا بۆ مێژووی نەتەوەکەی تۆماری کردووە و بەشداری لە شەڕەکانی ( گۆپتەپە، گرتنی سەنگاو، کانی چایلە، سەید خەلیل و گۆبان ) دا کردووە . لە ژیانی پێشمەرگاتیدا دووجار بریندار بووە لە شەڕەکانی ( سەید خەلیل و گرتنی سەنگاو ) دا. لەگەڵ خاتوو ( بەدیعە عبدالقادر مەحمود ) ژیانی هاوسەرگیری پێکەوەناوە. لە شەوی ١٣/١٤-٤/١٩٨٧ لە داستانی ڕزگاری لە شاخی کۆڕەنگ سنگی خۆی کردە قەڵغان لە پێناوی ئازادی وڵاتەکەیدا. وێرایی شەهید بوونی قادرە سوور کۆستێکی گەورە هەر بەر خێزانەکەی و بنەماڵەکەی نەکەوت، بەڵکو سەنگەرێکیش بۆ دوژمن چۆڵ بوو. گەرمیان لە ژێر لوولەی ڕەحمەتی تفەنگەکانی بەعس خامۆش نەبوو، پێشهات دوای پێشهات بەرۆکی میلەتەکەمانی دەگرت لە دوای مانگێک لە شەهید بوونی (قادرە سوور) منداڵێکی خنجیلانە هاتە شانۆی ژیانەوە. بەهۆی سەختی و زۆری هەڵەت و هەردەکانی ناوچەی گەرمیانەوە ناوی لێ نراوە"

هەردی" . هەردی شەهید قادر هەنگاو بە هەنگاو بە شوێن پێ ی باوکیدا ، لە ڕچەڕێ خەباتی ڕێکخستن دا دەڕوات ، کاروانە تەواو نەکراوەکەی باوکی درێژە پێ دەدات، لە نێو مەڵبەندی (١١) ی ڕێکخستنی گەرمیانی ( ی.ن.ک) قیت دەبێتەوە، دەکرێتە لێپرسراوی بەشی شەهیدانی مەڵبەند و تا ئێستایش چراکەی شەهید قادر نەکوژاوەتەوە و دەیان ڕێبواری ڕێگەکەی لە ژێر تروسکای چراکەیدا وانەکانی پێشمەرگە و شۆڕش فێر بوون.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٨٢٧٣) لە بەرواری ١/٢٥/ ٢٠٢١ بڵاوبووەتەوە.

## عەلی سوور زەماوەنگەیی .. پارتیزانی ڕۆژگاری تەنگانە



عەلی محەمەد ساڵەح قادر لە ساڵی ( ١٩٦٧ ) لە گوندی (زەماوەنگە)ی سەر بەناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و نیشتمان پەروەر لە دایکبوو. پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. لە کۆتایی ساڵی ( ١٩٨٢ ) پەیوەندی دەکاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی ( ١٩٨٨) بووەتە پێشمەرگە لە تیپی (٥٣)ی شێروانە. کاتێک لە مانگی (٤) ی ساڵی (١٩٨٨) سوپای عێراق سەرقاڵی ئەنفالکردنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بەتایبەت ناوچەکانی

سەرکردایەتی شۆڕش، بەشێک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان بۆ بەری شەڕ لە دۆڵی جافایەتی و بۆ پارێزگاری لە ناوچەکانی سەرکردایەتی دوای نەبەردی و قارەمانێتی گەڕانەوە بۆ سنوری خۆیان. چونکە شەڕ لە ناوچەکانی داودە و گوندی هۆمەرمل دەستیپێکرد بوو، هێرشەکانی دوژمن گەیشتبووە ئەوێ. هەرچەندە پێشمەرگە بەهۆی جەولەی سەرکردایەتی و بەشدارییان لە چەند شەڕێکدا شەکەت و ماندووبوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێشمەرگەی تیپەکانی ( ٥١) ی گەرمیان و تیپی (٥٣) ی شێروانە لە بەرامبەر هێرشەکەی دووژمندا ڕاوەستان ماوەیەکی زۆر خێرایی هێرشەکانی دووژمن خاوبکەنەوە. دووژمن لە هەشت قۆڵەوە هێرشەکانی بەسەر پێشمەرگە توندتر و چڕبکردەوە و توانی ناوچە ئازادکراوەکان داگیربکات، لەو کاتانەدا لە سنوری ناوچەی گەرمیان شەهیدی فەرماندە و پارتیزان "حمەڕەش" دوای کۆکردنەوەی هێزەکەی و قسەیان بۆ دەکات و دەڵێت: ئێمە بە هیچ شێوازێک ناکشێینەوە و ناچین بۆ سنوری ئێران ، خۆمان ڕێکدەخەینەوە و لێرە دەمێنینەوە، دەستە دەستە لە ناوچەکانەوە لە ڕێگەی جیهازی بچوک بێسیمەوە ئاگاداری یەکتر دەبین، بەڵام

جاریَ خۆمان لە شەڕەکانەوە بە دوور بگرین، چونکە چونکە ناوچەکە لە خەڵک چۆڵکراوە و هێزی پشتیوانیشمان نییە، ئەوەشی توانایش نییە ئازادە گەڕانەوەی بۆ ناو ماڵ و منداڵی. وتیشی: ڕۆژێکی سەختە تێکەوتووین جارێک بەوشێوە دەمێنینەوە تا بەلایەکدا دەکەوین. دیارە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە دەمێننەوە کە شەهید عەلی سوور یەکێک دەبێت لەوانە و درێژە بە خەبات دەدات. مەلا ئەحمەد جەیران دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من و عەلی سوور و پێشمەرگەیەکی تر موعیدێکمان بوو لە گەڵ ( عبدالرحمان عەبدوڵا عەبدوالکریم) هەبوو کە خەڵکی باوەنوور بوو خواردن و پێداویستی بۆ هێناوین، دوای وەرگرتنی پێداویستیەکان گەڕاینەوە بۆ حەشارگەکانی خۆمان بارانێکی زۆر و بەخوڕ دەباریَ چونکە پێشتریش زۆر ماندووبووین، عەلی سوور چونکە پێشتریش شەکەت و ماندوو بوو و دوو شەو و رۆِژ نەخەوتبوو، تەواو پەکیکەوت. بە گشتی پارتیزانەکانی گەرمیان لە ڕێگەی دەلیلەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو بەو هۆیەوە هاوکاری باش دەکران. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕۆژی ٣/٩ عەلی سوور و حمەڕەش دەچنە ناحیەی سمود ڕوو

دەکەن ماڵی ( حمە تالیب)ی برای عەلی سوور، حمەڕەش پشوویەک دەدات و موڵەت دەداتە عەلی سوور تا لە ماڵەوە بمێنێتەوە و خۆی دەگەڕێتەوە بۆ شاری کفری بۆلای هێزەکەی. شەهید "عەلی سوور" دوو بەهرەی ناوازەی هەبوو، بە جوانی و شارەزایەکی زۆرەوە ئامێری سازی دەژەنی و دەنگخۆشیش بوو بۆ گۆرانی، دوای ڕاپەرین لە ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بەشداریکردووە . لە مانگی (١١) ی ساڵی( ١٩٩١) لە کاتی دەرهێنانی ڕووفاتی حەوت شەهیدەکەی ئەشکەوتی داری خلەی گەرمیان بەلاواندنەوەیەک دەروونی ئامادەبووانی هێنایە جۆش. هەروەها لە مانگی ١٩٩٢/١٢ لە هۆڵی هونەرمەندان لە کەلار بە شێوازێکی جوان و شارەزا و پارچە مقامی "ئای ئای" بۆ ئامادەبووان دەچڕێت و خەڵکەکە بە تەواوی سەرسام دەبن. بەداخەوە لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ لە شاری کەلار لەگەڵ دوو کادیری کۆمیتەی ڕێکخستن بەناوەکانی ( ڕزوان ئەحمەد خەلیفە ناسراو بە ئەبوو قەحتان و ستار حمەئەمین مراوەیی) شەهید دەکرێن.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ژمارە(٨٥٦٣ ) لە ٢٠٢٢/١/١٧ بڵاوبووەتەوە.

## ئەشکەوتی داری خلە.. فوو لە حەوتەوانەی شۆڕش کرا!



لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٢/١٩ کاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارە

سەلام نارینی، کاک سەید ناچیت بۆ جیهاز کاتی

پەیوەندی کردنە،

کاک سەید محەمەد بێسیمەکە کوانێ کە هەڵیگرت وتی: حمەسۆران بۆ نایەیت.

حمەسۆران وتی: بۆ نا.

کاک سەید وتی: حمەسۆران چەکێک و دوور بینەکە بێنە.

مەلا ئەحمەد کەلاری لەسەر جێگاکەکەی ڕاکشا بوو، بە دوای

هەواڵەکانی کاتژمێر پێنجدا دەگەڕا وتی: حمەسۆران ئاگاداربە

پرشی باران بەر جامی دوور بینەکە نەکەوێت

دوای چوونە سەرگردەکە بۆ پەیوەندی کردن دونیا تەواو

کش و مات بوو.

لە پڕێکدا دەنگێک هات ئەو شوێنەی تەزاند.

سەید و حمەسۆران بەلای دەستە ڕاستی ئەشکەوتەکە

ڕایانکرد

دوای نیو کاتژمێر بانگ کردن سودی نەبوو!

سەید و حمەسۆران

لە ترس و بێ چەکیدا ملی ڕێگایان گرتبەر

بۆلای "مکرەم ڕەشید" و "ئەحمەد زەرداوی

بۆ مەلجەکانی پشتی زاوت لەگەڵ گەیشتنی بە ئەوێ یەکسەر مکرەم ڕەشید

دای لە قلّپەی گریان

دوای پشوویێک گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتی داری خلە

لە کونی تەمشیتەکە مانەوە

تا لە ڕێگەی جیهازی حمەڕەش لەسەر شاخی ئاژداغ

گشت مەفرەزەکانی بە ڕەمز ئاگادار کردەوە

لەسەر شوێنی کارەساتەکە کۆبونەوە

گەرمیان نوقمی خومخانەی مەرگ بووە.

ناوی شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە ئەمانەن:

١. **ئەحمەد محەمەد ئەمین** ( مەلا ئەحمەد کەلاری )
٢. **دارا سەمین قادر** ( دارا نارینی )
٣. **سەلام محەمەد حسێن** ( سەلام نارینی )
٤. **حەیدەر محەمەد کەریم** ( حەیدەر شۆراوەیي )
٥. **نوری  قادر خورشید** ( پۆڵا )
٦. **حەمید قادر کەریم** ( حاجی حەمید بانئاسیاوی )
٧. **ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد** ( ڕەحیم کەلاری )

لە یادی (٣٢) ساڵەی شەهید بوونی شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە نوسراوە.

# خەلیل عەبدوڵا... ماڵئاوایی قەڵەمێک



لە ژێر بنمیچی ماڵە جوتیارێکی کوردا، منداڵێک هاتە شانۆی ژیانەوە، وەک دەیەها منداڵی تر لە نێو گوندی تازە دێ دا، بەخۆشەکانی ژیان پێ دەکەنی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە نەردەوانی منداڵیدا سەردەکەوت. عەبدوڵای حاجی مەحمود وەک قەڵایێک لە پشتییەوە وەک مێخ خۆی داکۆتا بوو، لەگەڵ هەڵوەرینی تەمەنی باوکیدا دەستە و ئەژنۆ دانەنیشێت لە ژێر چەتری ڕێنماییەکانی باوکیدا بەیداخی هیوای هەڵکرد، خەلیل زۆر ڕەشیدانە دەچێتە ژێر باری کاروکەسابەت بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، هەروەک چۆن باوکی وەک کۆَڵەکەی ماڵەکە وەستا بوو، هەروەهایش هاوژینی خەلیل نەیهێشت ئەو کەلینە دروست بێتەوە، هەر وەک چۆن لە پشتی هەر پیاوێکی گەورەیشەوە ژنێک هەیە، لە ژیانیدا توشی زۆر چەرمەسەری و نەهامەتیەکانی ژیان بووە، ئەو نەداری و کەمدەستییە خەلیلێکی نوێ دروستکرد، ئەو خەلیلە

هەموو ئێش و ئازارەکانی لە ڕێگەی شیعرەوە دەردەبڕی. حاجی عەبدوڵا لە نێو بەر هەیوانی ماڵەکەیدا کوڕگەلێکی دروستکرد نیشتمانیان لە خۆیان زیاتر خۆش دەویست، نازانم من هاوار و ناڵە بۆ سەباح بکەم یان شیوەن و گریان بۆ خەڵەف بکەم! لە دێر زەمانەوە وتراوە بەرخی نێر بۆ سەربڕینە هەروەها حاجی عەبدولایش دوو کوڕی کردە دیاری نیشتمان. خەلیل چرۆی خوێندەواری برەوی دەسەند، بەڵام ڕۆژگار لە شوێنێکی تر قەرەبوی کردەوە، گەر ژیان دەرفەتیان بدایە خەلیل هێدی هێدی بەرەوە نێو قوڵایی ڕووداوەکانی مێژوو هەنگاوی دەنا و شیعریش بووە بەشێک لە ژیانی، خەلیل و جلی کوردی دووانەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو بوون، لە هەمان کاتدا خەلیل هەر شیعر وێژ نەبوو، بەڵکو لە خۆش نوسیندا دەستێکی باڵای هەبوو، لەگەڵ خاوەن قەڵەمەکانی گەرمیاندا سەروسەودایەکی زۆر باشی هەبوو، لە نێو کۆڕی شیعری و مەراسیم و گردبونەوەی شەوانیشدا بە شیعرەکانی دڵی گوێگران و ئازیزانی خۆشدەکرد، بەڵام چی بڵێین لە گەڵ ئەم نەخوشیە نەگریسە هەر جارە و مێرخاسێک لەگەڵ خوی دەبات، بەڵێ خەلیل بە جەستە لێمان دوورە بەڵام هەوارگەی دڵان دنیا و قیامەت لە نێو ڕەفری کتێبخانەکانمدا بۆ هەتا هەتایە زیکر دەکات، ئەفسوس لەم مەراسیمە پڕ لە ماتەمینیدا پەیمان نوێ

دەكەینەوە كە ڕێبواری ڕێگەكەی بین تا دەگەین بە كاروانی لێوانڕێژ لە شیعر .

ماڵئاوا قەڵەمە جوانەكەی شار .. ماڵئاوا هاوڕێ خۆشەویستەكەی شار

ئەم پەخشانە لە چلەكەیدا خوێندرایەوە.

## ماڵباتێک لە قوربانیدان

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژوو هەڵبدەینەوە، دەبینین زۆر خێزان لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلەكەمان قوربانی زۆریان داوە، هەیان زیاد لە شەهیدێک و دووان و سیانی بە نیشتمان بەخشیوە، یەكێک لەوانە خانەوادەی حاجی كەریم مارف ساڵح ڕەباتییە، لە ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی گیانبازی و ئازایەتی.

## باوکی چوار شەهید



حاجی کەریم ساڵح مارف ڕەباتی، جگەلەوەی خۆی تێکۆشەرێکی ڕێگەی کوردایەتییە و لە ژیاندا دووچاری زۆر زەحمەت و نارەحەتی هاتووە، چوار کوڕیشی لە پێناو کوردستاندا شەهید کراون. حاجی کەریم تێکۆشەرێکی شۆڕشی ئەیلول بووە، لە ساڵی ( ١٩٧٠) بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت و دوژمن بە دوایدا دەگەڕێت، ئەوکات لە گەڕەکی ئیمام محەمەدی شاری کفری بووە لە ماڵێکدا خۆی دەشارێتەوە تا دوای هێوربوەنەوەی دۆخەکە، بەجل و بەرگی عەرەبییەوە لەلایەن دڵسۆزێکەوە دەرباز دەکرێت، تێکڕای سێجار ماڵەکەشی سوتێندراوە، دوای نسکۆ هێنان و بردن و لێپرسینەوەی زۆری لێکراوە، ساڵێکیش لە بەعقوبە

زیندانیکراوە، سەرەڕای هەموو ئەو فشار و مەترسیانە هیچ کات لە هەوڵوێستی خۆی پەشیمان نەبووە. کوڕەکانیشی وانەی کوردایەتی و قارەانیەتی لە باوکیانەوە فێربوون و ئەوانیش هەمان ڕێچکەی باوکیان گرتەبەر، هەربۆیە لە ئەنجامدا چوار کوڕی بەناوەکانی ( سیروان، پەروێز، محەمەد و هەژار) شەهید دەبن و چوار کوڕی تریش بە ناوەکانی ( سەباح، عەزیز، ئیبراهیم و عومەر) لەلایەن ڕژێمەوە ماوەیەکی زۆر زیندانی دەکرێن، حاجی کەریم لە ساڵی (١٩٢٨) لە دایکبووە، ساڵی (٢٠٠٥) کۆچی دواییکردووە.

## شەهید سیروان سەید جەژنی



شەهید سیروان کەریم سالّح لە سالّی ( ١٩٦٨) لە گوندی سەید جەژنی سەر بە قەزای کفری لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایکبووە، بە زیرەکی خۆی هەولّیداوە خۆی فێری خوێندەواری کردووە، لە سالّی ( ١٩٨٢) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە هەمان سالّدا بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ( ١)ی تیپی ( ٥١) گەرمیان. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی کردووە وەک شەڕەکانی ( زینانەی بچوک، زینانەی گەورە، هۆمەرمل، سورداش، بێتواتە، ١٢ ئیمام، سەید جەژنی، قادر کەرەم و کانی سپیکە و ...تاد بە داخەوە لە گوندی ڕەبیح عەلی مستەفا سەر بەناوچەی قادر کەرەم لە ١٩٨٥/١٠/٢٤ شەهید بووە.

## شەهید پەروێز



پەروێز کەریم سالْح لە سالْی ( ١٩٦٠) لە گوندی سەید جەژنی سەر بە قەزای کفری لە دایکبووە، تا قۆناغی شەشی سەرەتای خوێندووە، پێشتر لە نێو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراق خەباتی چینایەتی کردووە، لە سالْی (١٩٨٠) سەنگەری خەبات و تێکۆشان دەگوێزێتەوە بۆ نێو ڕیزەکانی ( ی.ن.ک) دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەندامی چالاکی ڕێکخستنەکان بووە، بەداخەوە لە( ١٩٨٨) لە شاڵاوی ئەنفالدا شوێنبزر کرا.

## شەهید محەمەد



محەمەد کەریم ساڵح لە ساڵی ( ١٩٦٣) لە گوندی سەید جەژنی سەر بە قەزای کفری لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، کوڕی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و تێکۆشەرە، بەردەوام لە خزمەتی  هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەراندا بووە، دۆست و باوەڕپێکراوی (ی.ن.ک) بووە،   بەداخەوە ١٩٨٨ کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال و بێسەر و شوێنکرا.

# شەهید هەژار



هەژار کەریم ساڵح لە ساڵی ( ١٩٧٨) لە گوندی سەید جەژنی سەر بەقەزای کفری لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، بەداخەوە لە ساڵی ( ١٩٩١)ەوە بەهۆی پاشماوەی مینەکانی ڕژێمی عێراقەوە لە گوندەکەی خۆیان شەهیدکرا.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٥١١) لە ٢٠٢١/١١/١٥ بڵاوبووەتەوە.

## له گەرمیان

## یادی ساڵەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی پارتیزان شێخ لەتیف کرایەوە



تێکۆشەری کۆچکردوو "لەتیف بابا ڕەسوڵ ڕەزا" لە ساڵی ( ١٩٦٦) لە گوندی تورەکەی شێخە سورەکانی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی هەژار و نیشتمان پەروەر لە دایکبووە، هەربۆیە بە شێخ لەتیفی گەرمیان ناسراوە، لە ساڵی ( ١٩٨٠) پەیوەندی بە ڕێکخراوی سلێمانی

ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ک)ەوە کردووە، لە ساڵی ( ١٩٨٣) بووەتە پێشمەرگە لە تیپی (٥١)ی گەرمیان لەوێشەوە چووەتە بەشی کۆمەڵایەتی شۆڕش، هەر ئەوەش وایکردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی زیاتر بێت. لەسەر خواستی خۆی گواستراوەتەوە بۆ کەرتی (٣)ی تیپی (٥٣)ی شێروانە خەباتی پێشمەرگایەتی درێژەی پێداوە، حمەسووری هاوڕێ نزیکی شێخ لەتیف دەڵێت: کاتێک بۆ دەستەی هێرش جیا دەکراینەوە، بڕوامان وابوو گوللەی زات ناکات جەستەمان ببڕێت چونکە شێخ لەتیف : ئەوەندە ورەبەرز و بە هیمەت بوو، هەرگیز سڵی لە مەرگ نەدەکردەوە، چونکە باوەڕێکی بە هێزی بە خۆشەویستی خاک و ئازادی گەلەکەی لە هەناوی دا بوو، ئەو بە خەیاڵیشدا نەهاتووە ژیانی ژێر دەستەی بژی، لە ساڵی ( ١٩٨٥) لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە لەلایەن شێخ عەبدوڵا و شەهید حەیدەر باشکییەوە خێزان و کچەکەی گواستراوەنەتەوە بۆ گوندی کانی کەوەی باشکی سەر بە ناوچەی گەرمیان بۆ ماوەی سێ ساڵ ماڵی لەوێ ماوەتەوە. شێخ لەتیفی گەرمیان وەک پێشمەرگەیەک نێردراوە بۆ سنوری هەڵەبجەی شەهید بۆ خاوکردنەوەی هێرش و پەلامارەکانی ڕژێم ، لە ٣/١٦

حکومەتی عێراقی لە هەڵەبجەی شەهیدەوە کیمیاوی دژی هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکەکەی بەکارهێنا، بەڵام شێخ لەتیف بەهۆی بەکارهێنانی قیناعەوە لە بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی دەربازی بووە، بەڵام ئەو پێشمەرگە و خەڵکانە بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی بوون لەلایەن تیمی پزیشکی ئێرانیەکانەوە چارەسەری سەرەتایان بۆ کرا تا ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئێران کران، تاوانی شومی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا سەرجەم گوندنشین و خەڵکەکەی گرتەوە، هێزەکانی پێشمەرگە زۆر ئازایانە لە هەموو قۆڵەکانەوە ڕووبەڕووی هێرش و پەلامارەکانی ڕژێم بوونەوە، لە دوای ڕووخاندنی گوندەکان و ئەنفال کردنی خەڵکەکەی پارسەنگی هێز بەلای هێزەکانی ڕژیم و کەوا سوورەکانی بەرلەشکر شکایەوە، بەڵام سەرەڕای ماڵ وێرانی کورد شێخ لەتیفەکەی گەرمیان بۆ تەنها ساتێک ئومێد بەرنادات لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بڕیاری بەرگری دەدات وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری گوندە قەرەچۆڵبڕاوەکانی گەرمیان دەمێنێتەوە، لەبەر لێهاتووی و ئازایی خۆی دەکرێتە فەرماندەی دەستەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان تا بەهاری ڕاپەڕین دەستەکەی بریتی دەبێت لە: شەهید خەلیل


بیکەیسی، شەهید سەباح فەتاح، حەسەن ڕەش، حەسەن کوڵەجۆی، عارف گۆمەزەردی. پێش بەهاری ڕاپەرینی ساڵی( ١٩٩١) بەشداری سێ خولی سەربازی دەکات بۆ ئەوەی  توانای لۆجستیان زیاتر بێت خولەکان بریتین لە : ( ئەهواز، مەریوان، زەڵی ) لە وڵاتی ئێران، لە (٨)ی ئازاری ساڵی ( ١٩٩١) لەسەر بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسی ( ی.ن.ک) ئاراستەی شێخ لەتیف کرا بۆ هاوکاریکردنی هەڤاڵانی نێو ئۆردووگای ڕزگاری بۆ مەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕاپەرین. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی و قارەمانیەتی کردووە وەک ( سەید خەلیل، زەماوەنگە، تیلەکۆ، قادرکەرەم، سەنگاو، گوڵان، داستانی ڕزگاری، گڵەزەردە، دارە ڕەش، گرتنی هەڵەبجە، شەڕەکانی ئەنفالی سێی گەرمیان، ڕزگارکردنی قەزای کەلار و باوەنور و خانەقین و کفری و ....تاد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە، لە شەڕەکانی ( چۆمان، تاوێرە، ) بریندار بووە، لە ساڵی (٢٠٠٣) وەک جێگری فەرماندەی فەرماندەی حەمرین ڕۆڵێکی گرنگی لە ئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گێڕاوە. لە ساڵی ( ٢٠٠٩) گواستراوەتەوە بۆ هێزەکانی

پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن دوا پلەی پێشمەرگایەتی  پلەی عەمید بووە، لە ساڵی ( ٢٠١٧-٢٠١٨) قۆناغی شەشەمی ئامادەیی لە خوێندنگای ئامادەیی بەدرخانی ئێواران لە کەلار تەواوکردووە ، زۆر بە داخەوە لە بەرەبەیانی ٢٠٢٠/٣/٩ لە ساڵیادی ڕاپەرینی شاری کەلار بەهۆی نەخۆشیەکی کوتو پڕەوە لە کاتی ڕایکردنی ئەرکەکانیدا دڵی لە لێدان دەکەوێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ( ٨٣٢٣) لە ٢٠٢١/٣/١٥ بڵاوبووەتەوە.

## هاوسەر و منداڵەکانی چۆن شەهید کران؟

## سەربوردەیی ژیانی ساڵەح پوقەیي




تێکۆشەری کۆچکردوو "ساڵەح ئەحمەد عەلی" لە ساڵی ( ١٩٥٥) لە گوندی ژاڵەیی حاجی قادری سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیاری نیشتمان پەروەر لە دایکبووە، بەهۆی نەبوونی خوێندنگا لە گوندەکەیان نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، هەر بە منداڵی شانیداوەتە بەر کار و کەسابەت لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو گیانی فیداکاری بۆ نیشتمان و خولیای شۆڕش و کوردایەتی لە نێو بیر و هۆشیدا سەریهەڵداوە، بۆیە لە ساڵی ( ١٩٧٢)

دەبێتە پیشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلولدا تا نسکۆی ساڵی ( ١٩٧٥) بەشداری لە چەندین نەبەردیدا کردووە. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەڕابەرایەتی ( ی.ن.ک) دەبێتە هیوایەک بۆ ئەو تێکۆشەرە بۆیە لە ساڵی ( ١٩٧٧)دا پەیوەندی دەکاتە ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ک)ەوە، ئەندامێکی چالاک و چاونەترس بووە، ڕۆژی ١٩٧٩/١/١ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی یەکی شارەزوور لە مەفەرەزەی (١)ی کەرتی(٣) شەهید حمە نەوڕەوی، بەهۆی قارەمانیەتیەوە لە ساڵی ( ١٩٨٠) دەبێتە جێگری مەفرەزە لە کەرتی (٣)ی شەهید هاوار و لە ساڵی ( ١٩٨١) کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە، لە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیدا تابڵێ ی خۆنەویست و بێدەنگ و خۆشەویست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پیاوێکی ئازا و بە هیمەت بووە، دوا بە دوای ئەوە لە هەمان ساڵدا دەکرێتە جێگری فەرماندە لە کەرتی (٧)ی شەهید کاوە گەرمیانی و شەهید دلێر جاف، ساڵی ( ١٩٨٢) کە باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و خەتی گشتی یەکیان گرت و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان پێکهێنا، لە ١٩٨٣/٤/٢١ دلێرجاف و ساڵح پوقەیی لەسەر خواستی خۆیان لە ناوچەی شارەزوورەوە بۆ ناوچەی

گەرمیان گوێزرانەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەی گەرمیان چرای پێکەوەنانی خێزان دادەگیرسێنێت، بەشداری هەردوو کۆنفراسی ئەو یەکێتییەی کرد لە ساڵانی١٩٨٣ خەتێ و ١٩٨٤ مێرگەپان گوندی ، ساڵی ١٩٨٤ لە پێکهێنانی تیپی ٥٣ی شێروانەدا کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی هەمان تیپ. رۆژی ١٩٨٨/٢/١٨ بەهۆی هێرشێکی ڕەشەکوژی خۆفرۆششانەوە لە نێوان هەردوو گوندی( تازەدێ و حەسەن محە ) دوو منداڵی بەناوەکانی ( کۆسرەت و شنۆ) سێ کەسی تری خێزانەکەیان بەناوی ( حەلاو محەمەد ئەحمەدی داپیریان، کاک جەمالی خاڵۆیان، کاک عومەر ساڵح ناسراو بە عومەری مامە سوورە) شەهید دەکرێن، هەروەها هاوسەرەکەیشی بە سەختی بریندار دەبێت، ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر ساڵح پوقەیی هەبوو بەڕادەیەک وێنەی منداڵەکانی کردبوو بە هاوڕێ ڕۆژانەی خۆی، بەردەوام لەبەر باخەڵی دەریدەهێنان و تێر تێر ماچی دەکردن، توند بە سنگیەوە دەینوساندن، ڕۆژ لە ڕۆژ برینەکانی قوڵتر و ئازارەکانی بەسۆتر دەبوون، لە ساڵی ( ١٩٨٨) لە ئەنفالدا کە هێزی پێشمەرگە بەرەو سنورەکان پاشەکشیانکرد، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە ڕێگەی کەس وکارە و

هاوسەر و منداڵەکانیان دەبرانە سەر سنوور یان بناری قەندیل لەویٚ بە یەکتر شاد دەبوونەوە، بەڵام ساڵح پوقەیی بەهۆی سارێژ نەبوونی برینی لە دەستچوونی منداڵەکانییەوە نەڕۆیشت، هەموو بەیانیک پێش خۆرهەڵهاتن دەچووە بۆ سەر ڕێگە و لە بن دارێکدا دادەنیشێت و بەدەم جگەرە کێشانەوە لە چاوەڕوانییەکی بێهوودەدا دەژیا چاوەڕوانی هەواڵێکی منداڵە شەهیدەکانی و هاوسەرە بێسەر شوێنەکەی، کە ئێوارەی لیٚ دەهات بۆ بارەگای پێشمەرگە لە گوندی سوورە دیٚ و بۆ بەیانی کە ڕۆژ بووە هەم دەگەڕایەوە بۆ شوێنی چاوەڕوانیەکە چەند ڕۆژێک ئاوا تێپەڕی هاوڕی و هاوسەنگەرانی چوونە لای وتیان: کاکە ساڵح شتێک هەیە چیتر لێت نە شارینەوە، نازانین چۆن پێت بڵێین؟! داوات لیٚ دەکەین لەوە زیاتر سەبر و ئیرادەت بە هێز بێت، لە وەڵامدا وتی: هەرچیەک بووە پێمە بڵێن: ئاسایی وەریدەگرم ، هاوڕێکانی وتیان: توبای خوشکت و هاوسەرەکەت و کۆرپەکەی گیراون لەلایەن جاشەوە دەستگیر کراون و دراونەتە دەست جەلادەکانی بەعسەوە، ئەویش سەرێکی لەقاند و دڵە ئۆقرنەگرتووە پڕ لە برینەکەی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و فرمێسک هۆن هۆن بەچاویدا دەهاتە خوارەوە

و جگەرەیەکی داگیرساند و لەگەڵ لێدانی قومی جگەرەکەیدا وتی: خۆزگە ئەمانیش لەگەل کۆسرەت و شنۆ شەهید بونایە و ئازاریان کەمتر دەبوو! لە ڕاپەرینی ساڵی ( ١٩٩١) دەبێتەوە پێشمەرگە و ڕۆڵێکی ئازایانەی بینیووە. دواتر دەبێتە ئاسایش بە (پلەی ڕێپێدراوی یەک) لە ئاسایشی سمود بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ خزمەت دەکات دوای خانەنشینی شەرەفی ئەندامی کۆمیتە لە کۆمیتەی ڕێکخستنی سمود ( ی.ن.ک) ەوە پێ دەبەخشێت، بەشداری لە دەیان داستان و نەبەری دەکات وەک : شەڕەکانی کوردستانی ئێران وەک دزلێ، بناری سورێن، دەشتی شارەزوور، شارباژێر، دووجار گرتنی ناحیەی سەنگاو، شەڕەکانی سەرکردایەتی، ناوچەیی شارباژێر، قەرەداغ، شەڕەکانی گەرمیان وەک گۆمەزەرد، میلان، پارویڵە، باوەنور، گۆبان، سەید خەلیل، شاخی گولان، زەردە، زەنبوور، گڵەزەردە، شاتوان و بێ ڕەشەکە، ڕزگارکردنی ساڵی(١٩٩١)، گوندی واق خواجە، مەرکەز جەوەڵ حەمرین، گوندی یەخشین، گوندی ناوتاق، ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، بەداخەوە ڕۆژی٢٠٠٦/٥/١٤ بە کارەساتێکی دڵتەزێن گیانی سپارد

له ٢٠٢١/١٢/١٣ له ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژماره (٨٥٣٥) بڵاوبووەتەوە.

## مام ساڵح سەید مرادی.. ناقیلەکەی شۆڕش



ساڵح ئەحمەد عەزیر له ساڵی ( ١٩٥١) له گوندی کوردەمیری حاجی حوسێن سەر به ناوچەی گەرمیان له خێزانێکی نیشتمان پەروەر له دایکبووه، له ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندیکردووه به کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. له ساڵی (١٩٧٩) دەست گیر دەکرێت و دوای چوار مانگ ئازاد دەکرێت، هەمان ساڵ دەبێته پێشمەرگه له کەرتی ( ٥) حەمرینی تیپی ( ٥١)ی گەرمیان، له ١٩٨٠/٢/٧ لەگەڵ

شەهیدی فەرماندە"خالید گەرمیانی"  لەسەر جادەی کفری – دووز خورماتوو  کوڕی قایمقام دەستگیر دەکەن و دواتر لە بەرامبەر ئازادکردنی دوو ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئازادی دەکەن، ئەو چالاکییە دەنگدانەوەیەکی زۆری بووە، مام ساڵح کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی سەید مرادی ناوچەی زەنگ ئابادە، ڕۆڵێکی باشی بینیووە لە گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا، لە ڕووی پێشمەرگایەتی و کۆمەڵاتیشەوە جێگەی متمانەی خەڵکی ناوچەکە و هەڤاڵانی بووە توانیویەتی هێزێکی پشتگیری کۆبکاتەوە، لە ١٩٨٤/١٠/٢٠ لە ناحیەی کۆکسی سەر بەناوچەی زەنگابات لەگەڵ هاوڕیکانیدا ڕووبەڕووی هێزێکی زۆری ڕژێمی بەعس دەبێتەوە، زۆر ئازایانە  و بێ سەڵمینەوە  ئاوقای هێزەکەی ڕژێم دەبێتەوە و گورزێکی کوشندەیان لێدەدات، لەو شەڕەدا دەبابەیەک  بە ساخی دەمێنێتەوە، دەکەوێتە تەقەکردن بەداخەوە مام ساڵح شەهید دەکات، شەهید مام ساڵح هێندە ئازا بووە هەمیشە لە هەناوی دووژمندا چالاکی پێشمەرگانەی ئەنجامداوە، زۆر جار بە ( ناقیلەکەی شۆڕش) ناو دەبرێت. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردیدا کردووە وەک ( دەشتی هەولێر، قەبری حوسین

لە ئێران، سەنگاو، قادرکەرەم، دووز خورماتوو، برایم غوڵام، مەلا هومەر، تەپە عەرەب، سەید جەژنی، توکن، سەرقەڵا و ...).

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ( ٨٤٩٩) لە ٢٠٢١/١١/١ بڵاوبووەتەوە.

## سوارە ...لاوێکی هۆشیار و فەرماندەیەکی بە ئەزموون



شەهید سوارە ناوی تەواوی غالیب عەلی حەمیدە، ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی هەیەرەسووری سەربەناوچەی داودە

له دایکبووه، ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندیکردووه بە شانە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی گوردستانەوە، لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٠) دەبێتە پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی شەهید خالید گەرمیانی. بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی خۆییەوە کراوەتە فەرماندەی کەرتی(٥)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان، هەر لە پێشمەرگایەتیدا نازناوی سوارەی پێدراوە. لەبارەی شەهیدبوونی سوارەوە، سەمەد کەرکوکی هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید سوارە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ساڵی (١٩٨٥) ئێمە وەک کەرتی(٢) تیپی(٥١)ی گەرمیان لە گوندی توکنی سەربەناوچەی گەرمیان شەهید سوارە و کەرتەکەیمان بینی کە فەرماندەی کەرتی پێنجی هەمان تیپی ئێمە بوو، لەو باستکردن و مەبەستی خۆمان بۆ ئاشکرا کرد کە دەمانەوێت چالاکیەک دژی ڕەبیە و مولگەیەکی دوژمن ئەنجام بدەین، شەهید سوارە وتی: ئێمەیش شوێنکمان دەست نیشانکردووە بۆ ئەوەی گورزێکی کەمەرشکێن لە دوژمن بوەشێنین، ئیتر بەرنامە دانرا تا هەردوو کەرتەکە بە هاوبەشی چالاکیەکە ئەنجام بدەین و بڕیاردرا، لە ڕەبێەکی تازە دانراو بدەین کە دەکەوێتە نێوان هەردوو قەزای کفری و دووز خورماتووەوە، شەوی ٧-١٩٨٨/١/٨


هەردوو کەرتی (٢ و ٥)ی هەمان تیپ هێزێکی هاوبەشیان بە فەرماندەیی سوارە هەڵبژارد و وادەی هێرشەکە دەستنیشانکرد، لەناکاو ( عەلی سوور و مەفرەزەکەی) دەرکەوتن کە ڕێکەوت ئەوانیش بەرنامەی گرتنی هەمان رەبیەیان دانابوو، شەوی چالاکیەکە لە باربوو، ئاسمان هەوری چڕی هەبوو، تەنانەت زەوی بە تەواوی تاریک بوو، کە نزیک بوینەوە لە ڕەبیەکە و لە کاتی دابەشکردنی پێشمەرگەکان بۆ چۆنیەتی هێرشەکە، هەور بە ئاسمانەوە نەما و چوار دەور تەواو ڕووناک بووە، سوارە بە حوکمی ئەوەی ئەزموونێکی باشتری بوو، وتی: ( برادەران دونیا ڕووناک بووەتەوە، با ئەم چالاکیە ئەنجام نەدەین و بیخەینە کاتێکی تر، کوڕی خەڵک بە کوشت نەدەین). سوارە زۆر هەوڵیدا، بەڵام بەدڵەوە گوێی لێ نەگیرا، برادەران سووربوون لەسەر ئەنجامدانی چالاکیەکە و وتیان هەر هێرش دەکەین، ئیتر دەستەی هێرش دیاریکرا، لەکاتی بە ڕێکەوتن بۆ ڕەبیەکە، بەهۆی ڕووناکی مانگەشەوە دوژمن بە ئاسانی پێشمەرگەی بینی، دەستەبەجێ دەستڕێژیان لە پێشمەرگەکان کرد و سێ پێشمەرگە بەناوەکانی( کاکە سەفەر برازای شەهید عەلی کوڵەجۆیی و شوکر سپی سەری و سوارە) بریندار

بوون، پێشمەرگەکان سەغڵەت بوون و زۆر بە نارەحەتی بریندارەکانیان بۆ ڕزگارکرا، دوای سەعاتێک ڕێککردن گەیشتنە لای دکتۆر سەڵاح و دەستیکرد بە تەداوی کردنیان. شوکر سپیسەری سەرەڕای برینداریەکەی لەگەڵ ( هندرین مەدحەت) هەر خەریکی گاڵتە و گەپ بوو، زۆر برادەری یەکتر بوون، بارودۆخی زۆر باشبوو، بەڵام هەر دەیوت سەرمامە هندرین دامپۆشە با سەرمام نەبێت، گەر چاک بوومەوە تێر گاڵتەت پێبکەم، کەچی لەناکاو دۆخی بەرەو خراپ چوو، برینەکەی سەخت بوو،بە داخەوە لە ئەنجامدا لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا لەگەڵ سوارەی فەرماندە گەیشتنە کاروانی نەمران و شەهیدبوون.

لە ٢٠٢١/١١/٢٩ ژمارە (٨٥٢٣ ) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵابووەتەوە.

## کامیل زێڕینی

## هەر بەجوانی و قارەمانیەتی سەری نابیەوە



کامیل حسن ئەحمەد لە ساڵی (١٩٧١) لە گوندی زێڕینی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. تا قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندووە بەهۆی داخستنی قوتابخانەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە نەیانتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات. لە ساڵی (١٩٨٥) پەیوەندی کردووە بە کەرتی ڕێکخستنی کەلاری ( ی.ن.ک) ەوە. لە ساڵی( ١٩٨٧) پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی هێزی پشتگیری کوردستانەوە. لە ١٩٨٨/٤/٧ بەشداری شەڕی زێڕینی ئەنفالی (٣)ی گەرمیانی کردووە. لە ساڵی (١٩٩١)

پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە بەتالیۆنی شاکەل بووەتە پێشمەرگە. دواتر لە فەوجی پاراستنی گەرمیان دەبێتە ڕێپێدراوی (١). لە ساڵی (١٩٩٤) لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە دەیان داستان و نەبەردی بەشداری کردووە. لە ساڵی (١٩٩٦) دەبێتە (ئامر کەرت) لە فەرماندەیی ( ١١) ی گەرمیان. لە ١٠ /١٩٩٦/٩ لە شەڕی حاجی عۆمەران شەهید کرا. ئەفسوس تەمەن بواری ئەوەی پێ نادات بڕواتە نێو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، هەر بەجوانی و قارەمانیەتیەکانی سەری نایەوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەر ( کەماڵ سەعید حمەساڵح) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٠.

## ئاتێلا و خونچەکەی



حکومەتی لە گۆڕنراو بە هەموو کردارە دژوارەکانی کەوتە وێزەی خەڵک بۆ ئەوەی سەرجەم خەڵک لە ژێر ڕکیفی خویدا پاوان بکات، بەڕاستی  کارەسەختەکانی ڕژێم  زۆربەی چین وتوێژەکانی گرتەوە وەک کورد و تورکمان و ... تاد  لە دەرئەنجامی توند وتیژی  ڕژێم ( ئاتیلە)یش وەک خەڵکانی تر بەدەر نەبوو لەو کارەسەختە هەربۆیە ئەم مرڤە بەڕەگەز تورکمان بوو، بەڵام خەباتی سەختی شاخی کردە نیشانە  بۆ بەگژداچوونەوەی پلانەکانی ڕژێم . ئاتیلە بەهۆی ئەوەی لە خاکی "کفری"

دایک دوورکەوتەوە لە سنوری گەرمیان بوو بە پێشمەرگە لە هەمان کاتدا دکتۆری بەیتەری بوو، ئاتیلە بەدەرلەوە پێشمەرگە و دکتۆر بوو ، پیاوێکی نوکتەخۆش و خاوەن هەڵوێست بوو، خەڵکی بەهۆی قسەخۆشیەوە لە کۆڕ و کۆبونەوەکان لەسەریان دەیانکردە شەڕ. پیاوێک بەناوی محەمەد حاجی عەزیز هاتە خزمەتی دکتۆر وتی: قوربان زۆر نەخۆشبووم، داخوازم لە جەنابت چارەسەرم بدۆزیتەوە، دکتۆر لە وەڵامدا وتی: قوربان بە خوا ئەگەر مانگابویتایە چاکە دەکردیتەوە، ئەو خەڵکە لە چوارچێوەی دکتۆر پێکەوە کۆبوونەوە، هەموویان بە دەنگی بەرز دەستیانکرد بە قای قای پێکەنین. ئاتیلەیش هاتنی بۆ پێشمەرگایەتی بە هیچ جۆرێک نوێژ و ڕۆژوو نەدەکرد، ئیدی بەهۆی ئەو بارۆدءخەوە کە تێیدا گەورە بوو، کاتێک ئاتیلە چەکی شەرەفیکردە شان بۆ مەبەستی کوردایەتی و دژی پلانەکانی ڕژێم و جەولەکردن لە لادێکەوە بۆ لادێیەکی تر، ئەوەی جێگای وتنە زۆری پێنەچوو عاشقی کچێک بەناوی ( فاتیمە ) بوو، ئەم کچە کچی شێخە کاکە حەمە بوو، دوای ئاکامدانی خەباتێکی بێشوومار ژێر زەمینی دروشمی ڕاستەقینەی ئەڤینداری ( یان بۆ یەک یان بۆ

خاک) دەبین هەردوو عاشق بە جدی کردیانە بەرنامەی جێبەجێکاری ژیان بۆ ئەم مەبەستە براکانی فاتیمە بەتایبەت " شێخ حەسەن" زانی بەم کارەی نێوان ( ئاتیلە و خۆنچەکەی). لە ڕاستیدا " شێخ حەسەن" ڕێگای لە ئاتیلە گرت وتی: ئەگەر واز لە " فاتیلە" نەهێنی ئەوا بەم چەقۆییە دەتکوژم، جەنابت ئامۆزام نیت، ئاتیلە وتی: من چەکێکم پێ بوو، حەزمدەکرد، چەقۆیکم لێ بدات بریندارم بکات، بەڵکو لە دەرئەنجامی چارەسەرکردنی ئەم کێشە، من ( فاتیلە) ببمەوە، ئاتیلە ئەگەر ئارەزووی شەڕی هەبوایە چەکێکی پێبوو، بەڵام لە پێناوی لە پیناوی ( فاتیلە) کاری وەها ناکەم لە دڵی خومدا وتی: بەڵکو لە جیاتی چەقۆیەک فاتیلە وەربگرم. ئاتیلە هەستی پاکژی ئەڤینداری ڕاستەقینە وەهای پێکرد چەند پیاوێک بنێرێتە خوازبێنی بۆئەوەی هەردوو دڵەکە یەک بگرنەوە، لە کاتی گەڕانەوەی پیاوەکان هیچ دەرئەنجامی نەبوو، چونکە بیر و باوەری هەموو شێخەکانە ژن بە مسکێن نەدەن، فەرمایشتی شێخ ئەوە بوو: ئێمە بۆ خزمی خۆمانمان داناوە، بەڕاستی ئەم هەڵمەتە بێسود بوو، ئیدی ئاتیلە لە پێناوی ناوبانگی بە تورکمان و ئارەقخۆر و نوێژنەکەر دەرکرد بوو، هەربۆیە ناچاری سەر دەکاتە ماڵی

دووژمندا، ئاتیله ئیدی زۆر به حورمەت و ڕێزەوه چووه خزمەتی شێخ لەوێندەرێ توبەی کرد و تەریقەتی وەرگرت بۆئەوەی لەسەرجەم ئەو کارانەی دراونەته پاڵی پاکژ بێتەوه، ئەوەی جێگی وتنه نوێژکردنی بەردەوامی و دەروێشی بۆ باوکی ( فاتیله) بۆ خۆی هەندێ لەو کاره قورسانه لەسەر شانی سووک بێتەوه، خەڵکی به هەموو جۆرێک هەستیپێکرد، ئاتیله له دڵی خویدا وتی: بەڵکو شێخ دڵی نەرم بێت بەحوکمی ئەوەی نوێژ نوێژ و ڕۆژوو و دەروێشی دەکەم بۆ ئەوەی ( فاتیله) بداتێ، منیش به ئاوات و خولیا و ئارەزووەکانی دڵی خۆم بگەم، دوای ئەمجۆره بیرکردنەوه ئاتیله زۆر بیری دەکرد، به هەرحاڵ ڕۆیشت بۆ کفری بۆ سەردانی ماڵی باوکی، بەڵام ماڵی باوکی ئاتیله بەمجۆره خۆشەویستیه ئاتیلەیان زانیبوو، له ڕاستیدا له ماڵەوه به ئاتیلەیان وت: جەنابت خەریکی چیت؟ خەریکی ئەنجامدانی دڵداریت لەگەڵ کچه لادێییەکدا ئەمه لەلایەک له لایەکی ترەوه ماڵی شێخ دەیانووت: ئێمه چۆن ژن به مسکێن نادەین، بەڵکو بۆ ئامۆزای خۆمانمان داناوه، ئاتیله له دەرئەنجامی قسەکانی ماڵی شێخ و ماڵی باوکی به هەردوو دەستی دەیدا به تەوقی سەریدا و دەڵێت: خوایه چۆن گیرم خواردوو له نێوان ئەم دوو

کێوەدا. بێگومان دوای ئەم نەهامەتیە بەسەر ئاتیلە و خونچەکەی هات لەو خەباتە هیچ کۆڵی نەدا، بۆ ئەو مەبەستە فاتیلە بەرەو کونجی تاریکی زیندانەکانی ڕژێم هەنگاوی نا بەڵام ئیدی نەگەڕایەوە سەبارەت ئاتیلە لە ئازاری ساڵی نەوت و یەک لە داستانی ڕزگاری – کفری لەلایەن ڕژێمەوە شەهید کرا، ماڵئاوایی لە فاتیلەی ڕاستگۆی خۆشەویستي، ماڵئاوای لە شاری ئەنجومەنی وەزیران، ماڵئاوای لە نیشتمانی دایک و ماڵئاوای لە هاوخەبات و هاو سەنگەرەکانی کرد.

لە ڕۆژنامەی خۆرنەوەزان ژمارە ( ٤٣) ی تشرینی دووەمی ساڵی ( ٢٠٠٥) بڵاوبووەتەوە.

## ئاتیلە .. تەنها عاشق نەبووە، بەڵکو سیاسیش بووە.

پێشمەرگە دلێر و بەهێز و خۆڕاگر و هێرشبەر و سیاسەت لە نێو زهنیدا بوون و قورسایی و قودسیەت و مەزنیەت و میهرەبانی و قارەمانی و بۆ هەمیشەیی بەپێی

عەقڵ و وجود و توانایی وزەیی خۆی تێدا هەبووە بەڕاستی ئەوە جێگای دڵخۆشیە هەر ئەو خاڵانە نین، بەڵکو دکتۆر و ڕۆژنامەونووس و ڕووناکبیر و ساسەتمەداری پیاوی قسەی خۆشی تێدا بووە، بێگومان یەکگرتنی ئەو کۆمەڵە وشە بۆ خۆی گەورەترین و جوانترین و زەبەخشیی هێزی پێشمەرگە بووە و خودی پێشمەرگەیش وزەی خۆی لە پێناوی گەورەترین دڕندەی ڕژێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کردار لە مەیدانی جەنگدا بەکارهێنا، پێشمەرگە دوای هاتنە خوارەوەی لە شەڕی بە ناوبانگی ئەنفال هیچ ملکەچی بۆنەکرد، مەبەستی من کاتێک وشەی کورد بەڕاستی ئەو کوردانەی کە خەباتی دژواری شاخیان هەڵبژارد و هەموو خۆشیەکانیان خستەلاوە، پیرۆزترین وشە وشەی ( پارتیزانی) یان وەک سیمبول پێ بەخشرا بەو ڕەوتە کۆڵنەدەرە. هەربۆیە ئێستا ئێمە بەرهەمی خەباتی ئەو کەڵە دلێرانە دەخۆین، بێگومان بەندە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە پیاوێکی پارتیزان دەبینی، چۆن کاتێ لە نیشتمان یان دایە و باوە دادەبڕیم زۆر بەخۆشحاڵیەوە ئامادەباشی خۆم دەردەبڕم بە پێی پەتی بەرەو خانەقای پیرۆزی هەقی پاکترین بونەوەری کورد بەرەو پیری

دەچم، لە هەمان کاتدا زۆر بە توندی  بەکارێکی خێرا توند .. توند لە ئامێزیان بگرم و سەرگۆنایان بە ماچ تەڕ بکەم، دیسان لە هەمان کاتدا  دەڵێم: بە خێربێت گوڵە بەهارەکەی  باخی ئەوینی نیششتمان،نیشتمان پێویستی بە گوڵە بەهارەکانە  بۆ ئەوەی دوو هێندە  ڕەونەق بدات، لە کۆتایی بابەتەکەمدا بە وتەیەکی دکتۆر ئاتیلە ماڵئاوایتان لێ دەکەم  و دەڵێت: ( ئەبێ پارتیزان  بەشێک لە ئازایی شێر و بەهێزی ئەسپ و خۆڕاگری هێستر و بێ عەقڵی گوێدرێژ و فێڵبازی ڕێوی تێدا بێت).

لە ڕۆژنامەی خەڵک ژمارە ( ١٣) نیسانی ساڵی (٢٠٠٥) بڵاوبووەتەوە.

# بەشی دووەم

## پێشمەرگە و یادەوەری

# هاوڕێ مەحمود.. شیوعێکی ڕاستگۆ



مەحمود ئەحمەد خچر لە ساڵی (١٩٦٩) لە خێزانێکی جوتیار و شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر لە گوندی (کانی قادر) سەر بە ناحیەی قادرکەرەمی سەربەناوچەی گەرمیان چاوی بەدونیا هەڵهێناوە. بەدەرلەوە کەسێکی ژیر و چالاک بووە توانیویەتی تا قۆناغی سەرەتایی درێژە بەکاروانی خوێندن بدات. ئەم مرۆڤە هەر بەزوویی هەستی نیشتیمانپەروەریەتی پاڵی پێوە دەنێت، لە ساڵی (١٩٨٥) دەچێتە ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی کوردستانەوە، ئینجا بەهۆی ملهوڕی ڕژێمی بەعسەوە لە هەمان ساڵدا دەبێتە پێشمەرگە حیزبی شیوعی کوردستان تا ئێستا لە مەیدانی خەباتدا تفەنگەکەی نەوی نەکردووە. لە بەتالیۆنی (٤) ی گەرمیان وەک


پێشمەرگەیەکی دلێر و لێوەشاوە بەشداری دەیان داستان و قارەمانیەتی دەکات، ئەوکات ( مامۆستا عەلی روسی ) فەرماندەیی بەتالیۆنی (٤) ی گەرمیان بووە. هاوڕێ مەحمود نزیکایەتیکی زۆر لەگەڵ هاوڕیان ( شەهید هێرش، شەهید ئەبوو ڤیان، شەهید ئەحمەد بازۆکە) هەبووە، هەروەها وتی: شەهید ئەحمەد بازۆکە لە پارتیزانیدا قارەمانێکی بێ وێنە بوو لە سنوری گەرمیاندا. شەهید هاوڕێ هێرش لەڕووی پارتیزانییەوە پیاوێکی زۆر بەهیمەت بوو ، کۆمەڵێک ئاکاری هەبووە وەک خەمخۆری، ڕاستگۆیي، جیاوازی نەکردن لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبەکانی تریشدا هەروەها وتی : پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە و یەک ئامانجیان هەیە ئەویش بەرگریکردنە لە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەم کۆمەڵە ئاکارە وای لە شەهید هێرش کرد ببێتە ئەستێرەیەکی دیار و ناوی لە مێژووی نەتەوەکەمان تۆمار بکرێت. لە ١٩٨٨/٥/٧ لە گوندی چڵەمۆرد بڕیاری مقاومەت و مانەوە هێزەکان دابەش کران بۆ هەر ناوچەیەک، هاوڕێ مەحمود کەوتە قۆڵی ناوچەکانی زەنگەنە و بناری گل بەسەرپەرەشتی (مامۆستا عەلی ڕوسی ) دەستیانکردە کۆکردنەوەی خواردن و

پاشماوەی ئەو خۆراکەی لە گوندەکان بەجێ مابوون بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە خەباتی پێشمەرگایەتی کەرێکیان بوو بەناوی ( کەرە بۆر ) ئەو کەرە هاوکاریکی باشیان بوو بۆ گواستنەوەی کەل و پەل و چەکەکانیان ، دوای ئەوە هاوڕێ مەحمود وتی: با ڕاوێک بکەین بەڵکو ئاسکێک و کەروێشێک دەستمان بکەویت بەهۆی تاوانی شومی ئەنفالەوە هەموو ئاژەڵەکان کێوی بوون دوای گەڕانەوەیان بەدەستی بەتاڵ و یەکێ لە هاوڕیان دەڵێن : مژدە وتیان چی بووە؟ گوێرەکەیەک لەگەڵ کەرە بۆرە دوای سەربڕینی گوێرەکە لە برسیتی ڕزگاریان و ئاهێک بەژیاندا هەڵدەکێشن لە سەر بڕیاری حیزب بگەڕێنەوە بۆ شارەکان لە مانگی (١)ی ساڵی (١٩٨٩) خۆیان ڕادەست دەکەنەوە و دوای لێبوردنە گشتییەکە دەست دەکەن بەکاری حیزبی بۆ ئەوەی هاوکار و یارمەتی هاورێ کانیان بن، بەڵام زۆر نەخەیاند لە ١٩٨٩/٢/٢١ لە ڕێگە تۆمارکردنی کاسیەتێکی دەنگی وەک کادیر و پێشمەرگەیەکی شیوعی لە ناحیەی سمود دەستگیردەگرێت ، ئەوکات تەمەنی (١٦) ساڵ بووە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە ئیستغبارتی خانەقینەوە دەینێرنەوە بۆ کەلار و نقیب عەتیە پێ دەڵێت: واز لە

شیوعی بێنە و برۆ بۆ خۆت دڵداری بکە، ژیانێکی شایستە بۆ خۆت دەستەبەر بکە بەهۆی تەمەنی منداڵی  و گرتنی کۆیت لەلایەن عێراقەوە لەسەر دۆسیەکەی خاو دەبنەوە لە ١٩٩٠/٣/٢٣ بۆ ماوەی یەک ساڵ و یەک مانگ و دوو ڕۆژ لە دەروازەی ناحیەی ڕزگاری ئازاد دەکرێت. ئێستایش جەنابیان لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی محەلی گەرمیانی حیزبی شیوعی کوردستانە و  هاوڕێ مەحمود وەک پێشمەرگەیەکی دێرین و کەس وکاری ئەنفال  لە نێو ئاستی گەرمیان کەسایەتیکی دیار و خۆشەویست  و ڕێزلێگیراوە  و بەبێ جیاوازی خزمەتی خەڵکانی تری کردووە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین (هاوڕێ  مەحمود) لە ٢٠١٧/٤/٢٦

# سالار حمەخان .. پێشمەرگەیەکی ئازا



سالار حمەخان حمەعەلی لە ساڵی (١٩٧١ ) لە گەڕەکی ئیمام محەمەد سەر بەقەزای کفری شاری وەزیران لە دایکبووە. لە ٣/ ٥ / ١٩٨٥ لە بارەگای ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە گوندی بەلەکجاڕ بووەتە پێشمەرگە دواتریش لە کەرتی( ٣ )ی تیپی( ٥١) ی گەرمیان بووە. لە شەڕی ئەنفالی( ٣) ی گەرمیاندا لە ١١/٤/١٩٨٨ بۆ ئێوارەکەی هێزەکانی ڕژێم پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەیان دا بەهۆی بۆردوومانی هێلیکۆپتەر لە شەڕی باوەکردا، چەندین شەهید و بریندراری لێکەوتەوە لەوانە: سابیر مدحت، ، عەلی میل

ناسری ( عەلی بیکەسی) ، حمەچاوجوانی دووز، مەلا سەعید، میرزا  یونس، ڕەحمان خورشید، تارق ئەحمەد چەوری و سالار حمەخان. دوای برینداربوونی سالار حمەخان بە گویدرێژێک ڕەوانەی وڵاتی ئێران کرا لەوێ چارەسەرکرا. لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) لە شەڕی سلێمان بەگ لەگەل مجاهیدینی خەڵق لەگەڵ چوار لە ئامۆزاکانی بەناوەکانی ( محەمەد ئەحمەد، عەزیز ئەحمەد، سەلاح الدین ئەحمەد، عەلی عەبدولا ) لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید دەبن، لەو شەڕەدا دەستگیر دەکرێ بۆ ماوەی یەک ساڵ  لە بەغداد زیندانیدەکرێ، بەهۆی تەمەنی منداڵییەوە ئازاد کرا. لە دوای ئازادبوونی لە زیندان لە پێناوی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەیان نەبەردی و قارەمانی بەشداریکردووە. بەدەرلەوە ڕەوانشاد "حمەی حمەعەلی زخە" مامی کاک سالار یەکێک بووە لە پیاوە تێکۆشەرەکانی ڕێگای خەبات و لە هەمانکاتدا پیاوێکی کۆمەڵایەتی ناسراوی  ناوچەی گەرمیان بووە. لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلە و پۆستی بەهۆی تواناکانیەوە پێ بەخشراوە. لە ژیانی پێشمەرگاتیدا هەوراز و نشێوی زۆر بینیووە و هەرگیز لە کۆڵینەدا سارد نەبووەتەوە. وێرای قارەمانتیەکانی

ئێستا بە پلەی لیوا  لە لیوای (٢) ی سکرتاریەتی بەغداد لە گاردی کۆماری خزمەت دەکات. لە شار بەغداد بڕوانامەی بەکالۆریس لە بەشی یاسا تەواو کردووە.  .

چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ڕێزدار ( سالار حمەخان) لە ٢٠٢٠/١٠/٨

**هاوڕێ ئەحمەد مەجید**

**مەبینن وا بچووکە، ئەو  قارەمانە قارەمان**



ئەحمەد مەجید حیدر عەزیز لە ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی هەیەرە سوور لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر هاتووەتە


ژیانەوە. لە نێو قوتابخانەی حیزبی شیوعی گەورە بووە. لە ساڵی( ١٩٨٥) خەون و خولیایی پێشمەرگایەتی لە ڕێگەی حیزبی شیوعییەوە لە بیر و هۆشیدا چەکەرە دەکات، دەبێتە پێشمەرگە. هەرچەندە لە ڕووی تەمەنەوە منداڵبووە لە دەیان داستان و نەبەردی لە کەرکوک ، خورماتوو، سلێمان بەگ، تازەشار، ڕاپەرین و شەڕی داعش و....بەشداری کارای کردووە. لە نێو کوانووی خەبات و تێکۆشان دا لەگەڵ شەهید ئەحمەد بازۆکە، شەهید هێرش ، هاوڕی ئیسماعیل ، هاوڕێ مەحمود و دەیان هاوڕێ تر لەگەڵ مەرگ ململانێ کردووە. لە شەڕەکانی ئەنفال دا وەک پێشمەرگەیەک ئاوقایی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بوونەتەوە تا لێواری مردن ڕۆیشتووە . هاوڕێ ئەحمەد بە منداڵی بووە بە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی پیان دەگوت: ئەم منداڵە بۆ هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی ئەوانیش دەیان وت: وامەزانن وا بچووکە، ئەوە قارەمانە قارەمان. لە دوای تاوانی شوومی ئەنفال گەڕایەوەماڵەوە و هاتە سەر کوانیکی خامۆش( ١٠) کەس لە خوشک و برا و برازاکانی ئەنفالکران. هاوڕێ ئەحمەد لە ڕزگاری پێکەوە هاوسێ بووین و خۆشەویستی نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی

و ناوچەکە بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی و حیزب دا چەندین لێپرسراوەتی جۆر بە جۆری بەهۆی ئازایەتیەکانی یەوە پێ بەخشراوە. هاوڕێ ئەحمەد وەکو ئەندامی خێزانێکی ئەنفالکراو لە سەدان چالاکی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید ڕۆڵی کارایی بینیووە، ڕێکخراوێکی بەناوی چاودێری کوردۆ ساید ( چاک) دامەزراندووە تاوەکو ئێستایش خۆی سەرپەرەشتیاریەتی. لە ساڵی ( ٢٠١٦) ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبایی لە قەزای دووز و خورماتوو تەواو کردووە.

سەرچاوە/ هەیەرەسوور و ئەنفال بیرەوەری پێشمەرگەیەک ساڵی (٢٠٢٠) لە نوسینی ئەحمەد مەجید.

## لالەژالانی

## لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بووە



ساڵەح مەحمود محەمەد کامەران لە( ١٩٥٦/٧/١ ) لە گوندی ژالانی ڕۆغزایی سەر بەناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر سڵاوی لە ژیان کرد.. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کورد هیوای لەبەر بڕا، لەو سەردەمی نائومێدی دا لە نێوخانوەقوڕەکان گوێبیستی قسەی کادیرەکانی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی ڕەوانشاد "مام جلال تاڵەبانی" بوو. لە ساڵی(

١٩٧٩) له ڕێگەی کاک سیروانەوە تاڵەبانییەوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. له ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە خەباتی نهێنی لەگەڵ شەهید مام زیاب و شەهید مام سلێمان تەپەسپی درێژە پێداوە. له ساڵی( ١٩٨٣ ) بووەتە پێشمەرگە له تیپی( ٥٣)ی شێروانە هەروەها له هەمان ساڵدا بەهۆی ئازایەتی و چاونەترسی یەوە کرا بە ئامر مەفرەزە له کەرتی( ٢)ی تیپی (٥٣) شێروانە. لالەژالانی پێشمەرگەیەکی خۆشەویستی نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بووە، له دوای ڕاپەڕین سەرجەم پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە و کۆتا پلەی سەرلەشکری گەرمیان بووە. لالەژڵانی بەشداری تەواوی شەڕەکانی سەرکردایەتی ، گەرمیان و شەڕی داعشی کردووە، له ژیانی پێشمەرگایەتی چوار جار بریندار بووە له شەڕِەکانی ( قادرکەرەم، شەڕی دووکان، ژالانی شاتری، قەندیل) . له دەیان داستان و نەبەردی له پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەروەری تۆمار کردووە، هەر پێشمەرگەیەکی ئازا نەبووە بەڵکو له چارەسەرکردنی کێشەکانی گەرمیان ڕۆڵێکی دیار و کارای هەیە، لالەژالانی لەگەڵ خاتوو (

خالیده) ژیانی هاوسەرێتی پێکهێناوە، و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە ( نەرگز، نەویز، سۆران، گۆران، بێستوون، بەرهەم).

چاوپێکەوتن لەگەل پێشمەرگەی دێرین ( لالە ژاڵانی ) ٢٠٢٠/٩/١١

## جەماڵ شێخ عادل

## ئەو پێشمەرگەیی بە یادەوەریەکانی خۆی دەگیرێت..!



جەمال عادل نصرالدین لە ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی ( کۆرومۆر) ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە دایکبووە، لە

بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر گەورە بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) ئامادەی پیشەسازی تەواو کردووە، بەهۆی زوڵَم کردن لە نەتەوەکەی هەستی کوردایەتی و شۆرَشگێڕی پاڵی پێوەناوە بووەتە پێشمەرگە، لە ساڵی (١٩٨٤) لە تیپی مەڵبەند و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ( گەرمیان و سەرکردایەتی و ناوچەی کەرکوک )ی کوردستانی کردووە، لە داستانی شەڕی (ڕزگاری) بە سەختی بریندار بووە ، لە ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەرچووە لەگەڵ برادەریەکی تری بەهۆی ئەنجامدانی چالاکیەک لە (بەعقوبە) و بەداخەوە دواتر برادەرەکەی بە دەستی خوێن مژەکانی بەعس شەهیدکرا ، لە ساڵی (١٩٨٨) میلەتی کورد توشی ماڵ وێرانی هات و هەموو دیهاتەکانی کوردستان کەوتە بەردەستی هێزەکانی ڕژێم و چرای نەتەوەی کورد بەرەو خامۆشبون دەچوو. هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان کردە پاشەکشێکردن بەرەو وڵاتی ئێران ئەویش بەهۆی ناچار بوون بەرەو (بانی مۆرد و قەرەداخ) بڕۆن بە هێواشی کەوتنە ڕێ چونکە (براژنەکەی و خوشکێکی تەمەن (١٤) ساڵی لەگەڵ بوو ، نەیدەتوانی بۆ هیچ کوێک بچێت وەک ئەوەی دەست و پێکانی بەستراوبنەوە ، ئەو

چیرۆکە ترش وتاڵەی (کاک جەمال) دەگرێنێت و هەرگیز بیرناچێتەوە، ویستی خوشکە جوانەکەی بەناوی (هێرۆ) لەگەڵ براژنەکەی بنێرێتەوە و خۆیش بۆ ناوچەی (قەرەداخ) بکەوێتە ڕێ، ئیتر ئەوان کەوتنە ڕێ لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرە بۆ گوندی (ملەسورە)ی ناوچەی گەرمیان ، لەگەڵ خوشکەکە تەمەن (١٤) ساڵەکەی و هەر برا وخوشک نەبوون بەڵکو دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر بوون ، خوشکەکەی گەڕایەوە وتی: تو خوا ماچێکم بدەرێ و دەستیان کردە ملی یەکتر و کەوتەڕێ و دیسان هەم گەڕایەوە وەک ئەوەی بڵێت: دڵی خەبەری پێداوە ، جاریکی تریش (ماچێکم) بدەرێ ، بڕواتان هەبێت ئەم خوشکەی (٥جار) گەڕایەوە و دڵی نەدەڕۆیشت ، جەماڵیش وتی: ناچاربوم (میلی کلاشینکۆفەکەم) هێناوەیەوە، ئەگەر نەڕۆیت ئەوە خۆم دەکوژم ، و ئەویش ناچاربوو، لەگەڵ براژنەکەی کەوتنە ڕێ لەگەڵ ئەو خەڵکە هەتا لە پێش چاوی وون بوو، بەردەوام بەری دەکردە لاوە و دەستی بەرز دەکردەوە و دەستە جوانەکەی نەدەهێنایە خوارەوە تا لەبەرچاوی بۆ هەتا هەتایە وون بوو. ئەوەی جێگای داخیەتی و بەردەوام ئازاری دەدات ئەوەیە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا باسی ئەو (١٨) کچە

دەکرێت کە ڕژێمی صدام فرۆشتی بە وڵاتی میسر ناوی ئەو خوشکەی ئەوی تێدایە ، هەرکات بیر دەکاتەوە ئەو ئازارە هەموو گیان و ناخ و ویژدان و هەستی مرۆڤایەتی وەک گۆشتی قەساب دەیسوتێنێت و دەیکاتە کەباب ، کاکە جەماڵ بەهۆی ئەو بەسەرهات و چیرۆکانەی بەسەرهاتووە ، تەحەملی زۆر شت ناکات چونکە هەستی زۆر ناسکە و یادەوەریەکان بەردەوام دەیانگرێنێت و شوێنی دانیشتن بەجێ دەهێڵێت ، تا هێوردەبێتەوە و بەدەرلەوە یەکێکە لە پێشمەرگە هەرئازاکان وەک پڵنگ دەچێتە قورگی دوژمنانی کورد. دوای ئەوە ڕۆیشتن بۆ قەرەداخ لەگەڵ (١٩) پێشمەرگە بۆماوەی (٧) ڕۆژ بێ نان و ئاو ماونەتەوە ئیتر بەهۆی برسێتیەوە ناچاربون بڕۆن بۆ(سەنگاو) لەوێ خۆیان ڕادەستکرد و دواتر ڕژێم زانی ئەوان پێشمەرگە و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانن هەموویانیان دەستگیرکرد ، بردیانیان بۆ ڕەمیکردن لە سەنگاو چونکە دەست وقاچیان بەسترانەوە ، جەماڵ لەلایەن خزمێکی خۆیانەوە واسیتەیی زۆر باشی بۆیکرد لە شاری (تکریت)، دواتر ئازادیانکرد، ئێستایش لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وەک ئەفسەریک خەبات دەکات.

چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین( جەماڵ شیخ عادل) لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٤).

## سابیر مەدحەت .. بیرەوەرییەکانی لە زنجیرە شەڕەکانی ئەنفالدا



سابیر محەمەد مدحت ئیبراهیم لە ساڵی (١٩٧١) لە گوندی دوانزە ئیمامی سەر بە قەزای کفری لە خێزانێکی هەژار و نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. قۆناغی خوێندنی

سەرەتایی لە گوندی (١٢) ئیمام تەواو کردووە تا دووی ناوەندی لە قوتابخانەی ( اخوە) سەر بە ناحیەی سەرقەڵا خوێندووە. لە ١٩٨٥/٥/١٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) کردووە لە شانەی سەرەکی (ئەسکندەر ١٢ ئیمامی) سەر بە ڕێکخستنەکانی سەر بە تیپی ( ٥١) ی گەرمیان. لە ٤/ ١٩٨٥/٩ بووەتە پێشمەرگە لە بارەگای تیپی (٥١) ی گەرمیان کە تازە چوو بۆ پێشمەرگایەتی دایکی و شەهید حمەعەلی عەلیانی هاتن بە شوێنیدا بۆ ئەوەی بیبەنەوە، بەڵام وتی: بڕۆنەوە دوای (١٠) ڕۆژتر دێمەوە بەو شێوەیە قەناعەتیان کرد بۆ ماوەی (٦) مانگ لە گوندی بانیمۆردی سەر بە ناحیەی سەنگاو ماوەتەوە. لە مانگی (٣) ی( ١٩٨٦) گوێزرایەوە بۆ کەرتی (٣) ی تیپی (٥١) ی گەرمیان. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی کردووە. لە ١٩٨٨/٢/١١ لە گوندی عەزیز قادر بوو بروسکەیان بۆیانکرد لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە گوندی قەیتول سەر بە ناحیەی قادر کەرەم ئامادەبن. بۆ ئێوارە گەیشتن بە قەیتول شەو لەوێ مانەوە . لە ١٩٨٨/٢/١٢ سەر لە بەیانی باران دەباری بە چەند تراکتۆرێک لە گوندی قەیتولەوە بۆ دوای نیوەرۆ گەیشتن بە تەکیەی جەباری. دوای وەرگرتنی پشوویێک بۆ

شەوەکەی بەرەو خاڵەبازیانی و دێهاتەکانی جەباری و قەرەهەنجیر بەڕێکەوتن بۆ بەیانی ئێوارەکەی گەیشتن بە فەقێ میرزا، بەڵام لە ڕێگا بە درێژای ڕێگاکە قوڕ و لیتە بوو، عەرەبانەی ترکتۆرەکەیان وەرگەڕا هەر هەموویان ئەوە پێشمەرگانەی نێو عەرەبانەکە کەوتنە نێو قوڕ و لیتەکەوە دوای دەرچوون لە قوڕ و لیتەکە بەرەو گوندی گۆپتە ڕۆیشتن، شایانی باسە خەڵکی گوندەکە خزمەتێکی باشیان کردن. ڕژێمی سەدام هێزێکی زۆری لە سەر جادەی سلێمانی – حاجی ئاوا و حەسەن تەپە کۆکردەوە. ئەبوایە لە حاجی ئاوا بەرەو پیرەمەگروون برۆن، بەڵام نەیان توانی ناچاربوون لە ناوچەی جەباری و شوانەوە بڕۆن بە چەمی ڕێزان دا تا دەگاتە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٦ لە هەمان ڕۆژدا هێزێکی زۆری ڕژێم کەوا دیار بوو، بەرنامەی ئەنفالی یەکیان دارشتبوو کەوتنە نێو بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگەوە لە نزیک گوندی کانی خان. لە شەڕەکەدا وازێکی ستەو ستین دەستی بەسەردا گیرا، ژمارەیەک سەبازیش کوژرا هەروەها ژمارەیەک پێشمەرگە سەرکەوتن سەر ئۆتۆمبیلەکەدا، بەڵام لە ڕێگادا ئاربیجیک لە دەست پێشمەرگەیەک دەرچوو، چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون و بووە هۆی شەهیدبوونی

پێشمەرگەیەک بەناوی ( ئەحمەد پارە پارە) لە ١٦-١٩٨٨/٢/١٧ گەیشتنە گوندی شەدەڵە  و شەو لەوێ مانەوە. لە ١٩٨٨/٢/١٧ سەرکەوتنە سەر شاخی دابان و هەلاج لەوێ پشوویێکیاندا . لە١٧-١٩٨٨/٢/١٨ لە گوندی سەرگەلوو مانەوە و خەڵکەکەی لە ناو گوند نەمایەوە و هاتنە پاڵ شاخەکان. لە ١٩٨٨/٢/١٨ هاتن بەدیوی قزلەر بارەگایان دانا، بەڵام تۆپ بارانی هێزەکانی ڕژیم بەردەوام بوو، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ مانەوە. لە ١٩٨٨/٢/٢٢ ئاگادار کرانەوە هێزەکانی ڕژیم هێرشیان هێناوە بۆ پیرکە و هەنارانی سەروو و هەنارانی خواروو. کاتژمێر (٥) ی بەیانی بەپێ ڕۆیشتن بۆ گوندی پیرکە کاتێک گەیشتن بە گوندی پیرکە بینیان ڕژێم هێزێکی زۆری بۆ ناو گوندی هەردوو هەناران هێناوە. هێزەکانی پێشمەرگە بریتی بوو لە کەرتی ٣ ، کەرتی ٥ و کەرتی ٦ دەبوایە هەموو تیپەکە نەڕۆیشتایە، بەڵام  کەرتی ١ ، کەرتی ٢  و کەرتی ٤ پشوویەکی بە هێزەکە بدایە. کەرتەکان سەر بە تیپی( ٥١) ی گەرمیان بوون. دواتر چوونە گوندی پیرکە هێزەکان دابەشکران، هەر کەرتێک و مەفەرەزەیەک ڕۆیشتن بۆ گوندی هەناران و  هێزێکی زۆری ڕژێم لە ناو گوندەکە بینران. هێزەکانی پێشمەرگە

(٣٠) پێشمەرگە بوون. لە گوندی هەناران شەڕ دەستیپێکرد لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکانی ڕژێم تێکشکێندران و لە گوندەکە دوور کەوتنەوە، دواتر هێزی پێشمەرگە گەڕانەوە بۆ گوندی پیرکە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو. کاتژمێر (١١) ی نیوەڕۆ هێزەکانی پێشمەرگە تەقەمەنیان کەم بووە، لە سەرشاخی پیرکە تیپی( ٥٣)ی شێروانەی لێ بوو. داوای تەقەمەنیان کرد لەو پێشمەرگانەی سەرشاخی پیرکە کاک وەهاب مام محە و دوو پێشمەرگەی تر تەقەمەنییان بۆ هێنان. ئەو ڕۆژە شەڕە بوو تا ئێوارە، بەڵام شەڕێکی سەخت و تۆپبارانێکی زۆر، بەڵام ئێوارەکەی بە دووربین تەماشایان کرد بینیان دوو دەبابە، ئیفایەک ، جیێب قیادەکیان بەجیان هێشتبوو ، ڕۆیشتن هەرچی چەک و تەقەمەنی تێدا بوو و زۆربەیان هێنا. کەرتەکانی ١،٢،٤ ی تیپی( )٥١ی گەرمیان بۆ شەوەکەی هێزەکەیانی گۆڕی و گەڕانەوە بۆ گوندی قزلەر شەوەکەی شەهید میران وتی: برادەران ئەوەندی ئەم جامانی یە شوێن نامێنێ لەسەری بحەسێنەوە لە ١٩٨٨/٢/٢٣ بۆ ئێوارەکەی مستەفا عەلی (حەبە) شەهید بوو، کادرێکی چالاکی کەرتی ( ٦)ی هەمان تیپ بوو، بۆ بەیانیەکەی ئاگادار کرانەوە تیپی( ٥١)ی

گەرمیان بگەڕێنەوە بۆ گوندی چۆغ ماغ تا نیوەڕۆ بەفر دەباری و تۆپبارانیکی زۆر بوو. تیپی(٥١)ی گەرمیان تیپی( ٥٣ ) ی شێروانەیان گۆڕی کە بارەگای لە مێوالاکە و سونگر بوو هەروەها مەفرەزەیکی کەرتی ٣ و ٦ ڕۆیشتینە سەرشاخی کونەکۆتر ئەوکات هەشت پێشمەرگە بوون بە سەرپەرەشتی کاک عوسمان حاجی مەحمود بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ لە سەرشاخ مانەوە بەفر دەباری  و تۆپباران بەردەوام بوو جگە لە هەندێ نانە ڕەق و خورما هیچی تریان پێ نەما بوو بەدەرلەوە ئاوی خواردنەوەیان پێ نەبوو تەنانەت بە فریان دەتوانەوە بۆ ئاوی خواردنەوە. لە ١٩٨٨/٢/٢٥ بۆ ئێوارەکەی شاخی قزلەر لەلایەن ڕژێمەوە گیرا. لە کاتی مەغریب کاک ئیسماعیل مام خورشید عەباس هەندێ کولیچە و نان و نامەیەکیشی لەگەڵ خۆی  هێنا و لەنامەکەدا نووسرا بوو: بکشێنەوە بۆ گوندی چۆغ ماغ سەرەڕای بەفر و باران هێزەکانی ڕژێم بە بیکەسی و دۆشکە و قەناس تەقەیان لێان دەکرد لە شاخ هاتنە خوارەوە چونکە هێزەکەیان بینی بوو. لە ١٩٨٨/٢/٢٦ بەفر و باران دەباری دەبوایە کەرتی (٣) بچنە سەرشاخی مێوالاکە خاڵێکی سەبازی دابنێن. ویستیان بڕۆنە سەر شاخ بەهۆی بەفر و سەرماوە دوو

پێشمەرگەیان قاچیان لە گۆ کەوت بە ناوەکانی (جێگر برای شەهید والی و سالارحمەخان) ناچار گەڕانەوە بۆ گوندی مێوالاکە هەندێک ئاویان گەرم کرد تا قاچەکانیان خستە نێو ئاوی گەرمەوە تا کەوتنە سەرپێ ی خۆیان. بۆ عەسر ڕۆیشتن لە نێوان میوالاکە و قزلەر سەنگەریان لێدا و بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ مانەوە، ئەو دوو ڕۆژە هیچ نوێنیان پێ نەبوو بۆ ئەوەی لە ژێریدا بنوون. لە ٢٨ /١٩٨٨/٢/ جێگا و ڕێگایان نەبوو تەنها نان و خورما نەبێت بەدەرلەوە بەفر وباران بەردەوام دەباری، دوو ڕۆژ لە شاخ و ڕۆژێک پشوویاندا. بارەگای تیپ لە گوندی چۆغ ماغ بوو تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ کاتژمێر (٨) بەیانی سابیر مەدحەت و شەهید مام نامیق و شەهید ئاسۆخانی و هێستریێکیان پێ بوو باریان کرد بوو لە تەقەمەنی لە گوندی چۆغ ماغەوە بۆ نێوان گوندی قزلەر و مێوالاکە دەڕۆیشتن لە ڕێگا شەهید ئاسۆ خانی پێی وت: هاوڕێ سابیر حەز دەکەم ئەمڕۆ لە پێناو کورد و نیشتیمانەکەمدا شەهید بم و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەواڵی شەهیدبوونەکەم بڵاو بکاتەوە، دوای ئەو قسەیە کاتژمێر (١٠:٣٠) ی سەر لە بەیانی لەئەنجامی هێرشێکیان بۆ سەر خاڵێکی هێزەکانی ڕژێم شەهید بوو، لەگەڵ شەهید فتح

الله مەجید بۆ ئێوارەکەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەواڵی شەهیدبوونی بڵاو کردەوە. شەڕێکی قورس و سەخت دەستیپێکرد دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی ( فەتح الله مەجید فەرماندەی مەفرەزە و تەیپ فاتیح فەتاح ناسراو بە ( ئاسۆ خانی) شەهید بوون. لەبەر سەختی شەڕەکە هەردوو شەهیدەکەیان لەبن بەردێک جێهێشت دوای کەم بوونەوەی تۆپ بارانەکە( سابیر مدحت، شەهید مام نامیق خورشید، ئەدیب سوور خان) تەرمی شەهیدەکانیان هێنایەوە بۆ سەنگەرەکەی خۆیان دواتر له گوندی چۆغماغ بە خاکیان سپارد بەهۆی سەختی تۆپبارانەکەوە تەنانەت لە سەنگەرەکانی دوژمن خۆیان دەدا هەموویان کوشت بوون، ئەوانیش بۆ ئێوارەکەی ڕۆیشتنە ناو سەنگەرەکانی دووژمنەوە هەموو چەک و تەقەمەنیەکانیەکایان هێنا. لە بەیانی تا ئێوارە مانەوە دواتر لەلایەن ڕژێم شاخی قزلەر گیرا و بروسکەیان کرد بکشێنەوە بۆ گوندی چۆغ ماغ لە شەوی ١٧-١٩٨٨/٣/١٨ گەڕانەوە بۆ چاڵاوە شەوێ لەوێ مانەوە و کاتژمێر (٥)ی بەیانی سەرکەوتن بۆ سەرشاخی چاڵاوە لەوێشەوە کشانەوە بۆ ئێوارە گەیشتن سنوری نێوان عێراق و ئێران بۆ کاتژمێر (١) ی شەو گەیشتنە گوندی شانەخسێ لە

٢٠/٢١/٣/ ١٩٨٨ چەند بار هەڵگرێکیان هێنا، بەڵام هەر بەفر و باران دەباری شەو کاتژمێر ( ٢)ی شەو گەیشتنە سەردەشت و دابەشیان کردن بەسەر مزگەوتەکاندا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢١ کاتژمێر ( ١) پاش نیوەڕۆ بە پێ ڕێکەوتن بۆ سنوری قاسمەڕەش بۆ سنوری قەندیل لەگەڵ چەند برادەرێک لەگەڵ کاک (میران فەرەج) دانیشتبوون قسەی خۆشی بۆیان دەکرد و ڕەبیێیەکانی دووژمن دەیڕوانی بەسەر شاخی گوندەکەدا و بە دۆشکە تەقەیان دەکرد پیان وت: ئێستا تۆپباران دەکرێن بڵاوەیان لێکرد و بەتەنها کاک میران مایەوە و تۆپێک بەڕێکەوت لە نزیکی لە زەویدا و شەهید بوو لەوێ تەرمەکەیان بەخاکسپارد. هێزەیەکی زۆر و ماندوو بوون بە جیهاز ئاگادار دەکرانەوە لەپاش و پێشەوە پێشمەرگەکان لە ناوەڕاستەوە بەجێماون و هێزەکەیان ڕادەوەستان تا هەموویان یەکبگرنەوە بۆ شەوەکەی لە قەندیلەوە بۆ قڕناقاو و پشت ئاشان بەڕێکەوتن. بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوێ بوون، خزمەتێکی زۆر باشی هێزەکانی پێشمەرگەیان کرد، و لەوێ بۆ سنوری مەڵبەندی سێ لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ گەیشتنە گوندی وەرتێ شەوێک مانەوە لەبەر ئەوەی ژێر پێان

هەمووی بووە تلۆقە بۆیە لەوێ پشوویان دا دواتر بە ڕێکەوتن بۆ سنوری دەشتی هەولێر بە ڕێکەوتن. هێزەکانی پێشمەرگە هاتنە سەر زێی دووکان لە ژووری تەقتەق حەوت کەس سەرکەوتنە سەر بەلەمێکی کون بوو بە قوتوو ئاویان لێ دەردەهێنا، ماوەیەک بە بەلەم ڕۆیشتن نزیکەی بیست مەتری مابوو بگەنە قەراغ ئاوەکە لەوێ شەهید مام نامیق خورشید فیشەکی لە خاوەن بەلەمەکە لێخوڕی پێش ئەوەی بخنکێن و دەتکوژم و خاوەن بەلەمەکە داری ژێر بەلەمەکەی دەرکرد هێنایانی ئەو بەری ئاوەکە. کەرتی(٣)ی تیپی( ٥١) ی گەرمیان لە شەڕی ئەنفالی (١) ی سەرکردایەتی سێ شەهیدیان بوو ئەوانیش : فەتح الله مەجید، تەیب فاتیح فەتاح، نەجات غەفوور بوو. لە ١٩٨٨/٤/٦ گەیشتنە گوندی تەپە عەرەب لە کاتژمێر (١٢)ی شەو دەنگی ماتۆڕێک هات چوونە دەرەوە تەماشایان کرد "بورهان سەرسپی " یە پێ ڕاگەیاندن خۆتان کۆبکەنەوە سبەینێ ڕژێم هێرش دێنێت بۆ سەر ناوچەی گەرمیان، ئەنفالی (٢) ناوچەی قەرەداغی گرتبووەوە هەمووی لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەستی بەسەردا گیرا بوو تا دەگاتە شاخی ئاژداغ لەوێ هێزەکان دابەشکران هەر کەرتێک بۆ سنورێکی دیاریکراو

کەرتەکانی ( ١, ٣ ) دەست نیشان کران بۆ بناری گل ، لە کاتژمێر (٧) ی بەیانی لە ١٩٨٨/٤/٧ گەیشتنە باوەکر. پشتگیریەکانیان کۆکردەوە و فیشەکانی ئەوانیان برد کە یەکی سێ مەغزنیان بەرکەوت. ڕۆیشتن تراکتۆرێکیان هێنا کە پڕ بوو لە ماڵ و شت لە پشت خانووەکەی مەلا قادرەوە بەتاڵیان کرد پاشان لە١٩٨٨/٤/٧ سەرێکیاندا لە تازەشار. لە شەڕی ئەنفالی (٣) ی گەرمیان ١٩٨٨/٣/١٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٧ بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ بە ڕێگاوە بوون. هەر هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١٢)ی نیوەڕۆ گەیشتنە گوندی تازەشاری بناری گل بۆ ئێوارەکەی دوژمن هێرشی هێنایە سەر تەختەمینا و تالآو ئەمانەیش مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) بە ڕێکەوتن بۆ گوندی تالآو لەو شەڕەدا ئەسکندەر ئیبراهیم بابان شەهید بوو ، سەر لە ئێوارە لە ڕووبەڕوونەوەیەکدا ئامر مەفرەزەکەیان ئەسکندەری مەلا برایم بە پێوە شەڕی دەکرد تا شەهید بوو. تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ باوەکر بە ماتۆڕ پێش تراکتۆرەکە کەوتن لە ماڵی مام حەسەن عەلی کەرەم خان وتیان ئەسکندەر شەهید بووە تەرمی پیرۆزی لە دوامانەوەیە: مەلا برایمی باوکی شەهید ئەسکندەر وتی: بەیانی دوو سەعات پێش خۆرکەوتن دەینێژین لە ترسی تۆپباران و کۆپتەر.

شەوەکەی چوونە کەریم باسام داستانی تازەشار بەخوێنی ئاڵی (٢١) پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا. ئەو بیست و دوو شەهیدە (١٣) پێشمەرگەیان یەکێتی بوون و (٨) پێشمەرگەیان لە هاوڕیانی حیزبی شیوعی بوون. ئەوان لە گوندی کەریم باسم بوون کۆپتەر نەهێشت برۆن بۆ تازەشار بڕیاردرا هاتنەوە بۆ دێی باوەکر ، بڕیاری بەرگری درا، بەرگری بۆ خاوکردنەوەی هێرش و پەلاماری ئەنفال بوو چونکە بە سێ مەغزن فیشەک و چەند گولە ئاربیچیکەوە شەڕی کۆپتەر و زرێپۆش نەدەکرا، لە ٤/١١ /١٩٨٨ لە کاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تۆپباران قورس بەسەر گوندی باوەکر دەستیپێکرد لەگەڵ حەوت هیلکۆپتەر بۆمبارانی گوندەکەیان کرد لە نێوان کەریم باسام و باوەکر پیاوێک بانگی کرد نێوانیان نزیک بوو، کۆپتەرەکانیان دەبینی تەقەیان دەکرد، ئەگەر پێشمەرگەن وەرن فریایان بکەون. سابیر مەدحەت و مەلا سەعید و ئیسماعیل مام خورشید بینیان شوانن کۆپتەرەکان تەقەیان کرد بوو بینییان کوڕەکەی بەناوی ( سلاح مام مەجید گولە) خەڵکی کۆشکی خواروو بریندار بوو ، بەلام هەردوو قاچیان خستە ناو جامانیک و کوڕەکەیان خستە پشتی

گوێدرێژەکە  هەردوو قاچی تا پەنجەی پایی شکاند بوو هێنایان بۆ سەر چەمی ئاوەسپی،  بریندارەکە ( سەلاح ) وتی: تینیوومە ئاوم بدەنێ، سابیریش وتی: ئاوی مەدەنێ شەهید دەبێت، باوکی وتی: قەینا ئاوی بەدەنێ، سابیریش یەک قوم ئاودایە شەهید بوو. باوکی بە سەیارەیەکی کەرتی( ٣ ) تەرمەکەیان گوێزایەوە بۆ گوندی قولیجان عەمین قارەمان لەوێ بەخاکیانسپارد. ئەو پیاوە بە ناوی ( مام مەجید ) خەڵکی کۆشک و دارتوو بوو، بەلام شەڕ دەستیپێکرد و تۆپبارانێکی زۆر سەخت کاتژمێر( ١٢:٣٠) کاک مەلا سەعید وتی: برۆ عەلی بیکەسیم بۆ بانگ بکە کە لەناو خانووەکانی ماڵ کاک جەبار حەسەن سلێمان بوو نێوانیان سەد مەتر دەبوو کە چوو بانگی  بکات کۆپتەرەکان تەقەیان لێکرد زۆر بەزەحمەت دەرچوو دوای ئەوە کاک عەلی هات بۆلای کاک مەلا سەعید پێ وت: پێم باشە لە ناو دێکە نەمێنن چونکە دێکە چاڵبوو هەم تۆپباران هەم کۆپترەکان هەم هێرشی زەمینی دەستیپێکرد لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردەکە گوندەکە بۆیە بڕیار درا لە دێکە دەربچن و دابەشکران. کەرتەکەیان کەوتنە دەستی گوندی عەلیان  واتا ئەمبەری ئاوەسپي، کەرتی( ٥) یش  کەوتنە دەستی کەریم باسام

کاتژمێر (١) لە دێکە دەرچوون و شەڕیش بەردەوام بوو، بارانیش دەباری دووژمن هێرشی هێنا، بەڵام تێکشکێندرا دواتر بەپاڵشتی کۆپتەر دێکەیان داگیرکرد. لە دەستی کەریم باسمەوە فەرماندەکەیان عەلی بیکەسی لە شەش پێشمەرگە پێکهاتبوون کە بەداخەوە عەلی بیکەسی شەهید بوو بە هەردوو کەرتەکەوە( ١٣) پێشمەرگە بوون، بەڵام ئەو ڕۆژە حەوت کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەوە بۆردومانیان دەکردن. سابیر بریندار بوو هاوڕێکەی خۆیشی بریندار بوو بەهۆی بەر بڵاوی شەڕەکەوە ئاگایان لەیەکتری نەما و جیهازی بێتەلیان پێ نەبوو تا برادەران ئاگادار بکەنەوە، بۆیە سابیر لە هاوڕێکەی دابڕا لە کۆی حەوت پێشمەرگە پێنجیان برینداربوون ( سابیر مەدحەت، مەلا سەعید، سالار حمەخان، ڕەحمان خورشید، میرزا یونس ) بەپێ نزیکەی چارەکە سەعاتێک ڕۆیشتن، بەڵام هاوڕێکەی بۆ سەرچەمی ئاوەسپی بۆلای برادەران هەواڵ بدات وایانزانی شەهید بووە، بەڵام بە تەنها مایەوە فیشەکی پێ نەما ، لە ٤/١١ بە برینداری و بێ نان مایەوە، بە لێواری ئاوەسپی ڕۆیشت بۆ بەرانبەر گوندی ڕەمەدان چەکێکی بەبێ فیشەک پێ بوو، کاتێک گەیشتە ئەشکەوتە جاش و سەرباز بە شوێن تکی

خوێنەکەیدا گەیشتنە سەر ئەشکەوتەکە گوێی لێ بوو بانگیان دەکرد، سیدی دیار بوو ئەفسەر لە گەڵیاندا بوو، ئەفسەرەکە وتی ( یالا ارجعو) کە وای وت ئیتر دەنگیان نەما، بۆماوی (٥) ڕۆژ لە ئەشکەوتێکدا کە دەکەوێتە نێوان گوندی باوەکر و خانی ڕەوف لە کاتژمێر (١) نیوەڕۆ بوو دواتر چوو بۆلای گوومەزەکان پاشان لە خان خوار کە جاش و جێش ڕوخاند بووی سەگ بۆیهات، جێشەکە پێشی کەوتبوو کە دوو و سێ ڕۆژ دواکەتبوو بەهۆی برینداریەوە، لە ئاوەسپی پەڕیەوە بۆلای قەبرستانی نێوان هەردوو خان شەو بەسەردایدا هات بارانیش دەباری نزیک بوەوە لە گوندی بەکرە گەڕە، بەڵام هەورەگرمە و بارانێکی زۆر بوو بەردەم خۆیی نەدەبینی هەر لەوکاتەیشدا هێزەکانی ڕژێم لە ناو گوندی بەکرە گەڕە دەستیان کرد بە تەقەکردن بەدەور وپشتی خۆیاندا ناچاربوو گەڕایەوە بۆ پشتی تاوسانە ئەو شەوە تا بەیانی باران بوو و لایتی سەیارەکانی بەعس لە بەرزاییەکانی گوندی سپی سەر دیاربوون، چووە ناو کێڵگەیەکی پاقلە کە جێهێڵدرا بوو. دواتر چووە ناو گوندی تاوسانە زۆر زەحمەت بوو چونکە هەردوو قاچی و دەستی و شانی بریندار بوو بە دوو دار بە دەستەیەوە بوو کە لە

ئەشکەوتەکەی لای خان دۆزییەوە دایە بن دەستی لە ئاوەسپی پەڕیەوە ڕۆیشت بۆ چەمی قامیشە ئێوارە خەریک بوو تاریک دادەهات لە سەرگردێکەوە دەنگێک هات وتی: زەلام وەرە بۆ ئێرە، سابیریش بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئاگای لە هیچ نەمابوو نەڕۆیشت بۆلای دوای ڕۆیشتە ئەشکەوتێک بەناوی ( تەنگی خڕنووکە) شەو لەوێ مایەوە بۆ بەیانیەکەی بینی دوو پێشمەرگە هاتە ئەشکەوتەکەوە هەردووکیان دواتر شەهیدبوون بەناوەکانی ( مام حەمید خاوەر فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی( ٢)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان و شەهید مەجید دووزی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی( ٦)ی تیپی( ٥١ )ی گەرمیان کە بە ئیختیفا گەڕابوونەوە بۆ ناوچەکە کەباسی خۆیکرد وتی: زۆر برسیمە بۆ ماوەی هەشت ڕۆژە نەیخواردووە، لە نێو ئەشکەوتەکە هەموو شتێکی تێدا بوو، نانیان بۆ دروستکرد  دوای پرسی کە شەوی ڕابردوو زەلامێک بانگی کرد زەلام وەرە بۆلامان لەوەڵامدا مام حەمید وتی: ئەوە مام شوکر عەمین ڕۆستمە لە ئەشکەوتێکی خوار تۆ خۆی حەشارداوە دواتر بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە تەنیا مایەوە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٠ شەهیدی فەرماندە سەید محەمەد هات بۆ

ئەشکەوتەکە وتی: برینەکەت زۆر خراپە دەرمان دەست ناکەوێت پێم باشە بتنێرینەوە بۆ نێو شار، بەڵام من ئەگەر شۆرش لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان نەمێنێت، تەسلیم بە حکومەتی عێراق نابمەوە و دەچمە دەرەوەی وڵات، دوای دوو ڕۆژەکە چەند پێشمەرگەیەک هاتن بۆلای بەناوەکانی ( سەباح شێخ حەمیدی، ساڵەح فەرتەنە، شەهید مەجید دووزی ) تا لە ٤/١٩ دوای هەشت ڕۆژ هاوڕییانی گەڕانەوە، بۆلای کە زانیان ماوە بەهۆی برینەکەیەوە شەهید نەبووە. هەروەها دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر تەسلیم بووەوە. مانگی ١٩٨٨/١١ ساڵح مەلا جەمیل وتی : عوسمانی برام و مەلا رحیم مەلا رەشید بە ئیختیفا لە ناحیەی سەرقەڵا لە ماڵی مەلا ڕەشیدن بابچن بۆلایان شەو تا کاتژمێر ( ١٢) پێکەوە بوون گفتوگۆیان کرد و پرسیاری برادەرانیان کرد ئەوان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ساڵی( ١٩٩١) بەشداری ڕاپەرینی کرد بووەتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی دووز تا مانگی ١٩٩٢/٣ سەر بە هێزی دووی قەرەداغ. لە ژیانی پیشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بووە لە ٢٥-١٩٨٧/٩/٢٦ لە شەڕی بورجەکەی قەرەداغ و لە ١٩٨٨/٤/١١ لە شەڕی باوەکر، لە نێوان

سالآنی (١٩٨٥ – ٢٠٢٠) بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ لە خەبات و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی بەردەامە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ( ٨٢٩٢) لە ٢/١٨/ ٢٠٢١ بڵاوبووەتەوە

## عەلی زاوتی

## ئەو بریندارەی ٢٠ ڕۆژ بەسەر پشتی هێسترەوە بوو!



عەلی عەبدول کەریم محەمەد لە ساڵی ( ١٩٦٤) لە گوندی چوار کڵاو سەر بە ناوچەی قۆرەتوو سەر بە قەزای

خانەقین لە خێزانێکی جوتیاری مام ناوەند لە ئامێزی گەرمی نیشتیمان هاتووەتە ژیانەوە. پێشمەرگایەتی قوتابخانەیەک بووە فێری خوێندن و نووسینی کردووە. لە ١٩٨١/٩/١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە پۆلی شەهید کاوە کردووە. لە ساڵی (١٩٧٤) بە ماڵ و منداڵەوە لە گوندی چوارکڵاو بار و بنەیان گوێزاوەتەوە بۆ گوندی زاوت. بەهۆی خۆشەویستی گوندی زاوتەوە بەناوی ( عەلی زاوتی ) ناسراوە. لە مانگی (١٢) ی ساڵی (١٩٨٣) لە کەرتی (١) ی تیپی (٥٣)ی شێروانە بووەتە پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە، لە ساڵی (١٩٨٥) لە شەڕی ڕەبیەی گوندی زەردی حەمە. لە ساڵی (١٩٨٨) لە شەڕی شاخی زەردە، هاوکات لەگەڵ پرۆسەی شاڵاوی ئەنفالی سێ گەرمیان پێشمەرگەیەک بەناوی "حمەسەعید فەرەج" منداڵەکانی برد بۆ گوندی چاڵەڕەش سەر بە قەزای کەلار بۆ ئەوەی منداڵەکان نەبنە ئەرک بەسەریاندا، ئەرکیان کەمتر بێتەوە، زیانیان پێ نەگات، بەڵام هاوسەری عەلی زاوتی و حمەسەعید فەرەج تا ئێوارە لە گوندی زاوت مانەوە، بارودۆخ سەختی ئەنفال دایک و باوک و منداڵەکانی لە یەکتر جیاکردەوە،


هەرچەندە دابڕان کارێکی سەخت و دژوارە و هیچ ڕێگە چارەیەکی تر لە بەردەمیاندا نەمایەوە، ئەو ڕۆژەی منداڵەکانی لێدابڕان و بە برینداریەوە کەوتنەڕێ، نەجم بۆیسانە هەواڵی بۆی نارد بوو وتبووی چارەسەری خۆی بکات. چونکە قاچی شکا بوو لە سەر تەخت ڕاکێشرا بوو، پێشەرگەیەک بەناوی حمەسەعید فەرەج وتی : من منداڵەکان دەبەم بۆ گوندی چاڵەڕەش . عەلی زاوتی بانکی پەرژینی کچی کرد وتی : پەرژین گیان وەرە ماچێکم بدەرێ. پەرژین وتی: پارەم دەدەیتێ عەلی زاوتی وتی: یەک دینارت دەدەمێ باوەشی بە ملیدا کرد خۆی پێ ڕانەگیرا دەستی کردە گریان. لە دوای تۆزێک وازی کردن وتی: کاکەگیان پارەکەم ون کردووە . عەلی زاوتی وتی: دینارێکی تریشت دەدەمێ. حمەسەعید فەرەج پەرژین و شانۆی برد بۆ گوندی چاڵەڕەش. دوای کاتژمێرێک خێزانی عەلی زاوتی و حمەسەعید وتیان : ئێمەیش لەگەڵ ئێوە دێین ، عەلی زاوتی وتی: ئەگەر ئێوە بێن ئەوە من خۆم دەکوژم! ئیتر ئەوان بە گریانەوە بەرەو ڕێگای هات و نەهات کەوتنەڕێ. بەهۆی نالەباری ڕەوشی ئەنفال و برینداری خۆییەوە زۆر بێزار و بێتاقەت بوو، عەلی زاوتی بە مەلا ئەحمەدی جەیران وت: چەکێک لەلام دابنێن و

ئێوە بڕۆن هەرکات دوژمن هات خۆم دەکوژم و ڕزگارم دەبێت، مەلا ئەحمەدی جەیران وتی: مەگەر ئێمە بکوژرێن تۆ لێرە بە جێ بهێڵین و بەر دەستی دوژمن بکەویت. لە ٤/١٤ بو ٥/٥ /١٩٨٨ بەهۆی برینداربییەوە لە گوندی زاوتەوە بۆ قاسمە ڕەش بەسەر پشتی ئێسترێکەوە بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠) شەو و ڕۆژ بۆ سەردەشت و لەوێشەوە بۆ بانە و سەقز و لە سەقزیشەوە بۆ تەبەرێز سەر بە کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئێران بۆ ماوەی (٦) مانگ لە شاری تەبرێز بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی لە خۆشخانە ماوەتەوە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی پێش تاوانی ئەنفالی ساڵی ( ١٩٨٨) کردووە لە ناوچەکانی ( گەرمیان ، دۆڵی ئاکۆیان ، سەرکردایەتی ، گرتنی سەنگاو و کەرکوک ) . کاتێک وێنەی پێشمەرگە دیرینەکان هەڵدەدەینەوە، عەلی زاوتی بە مزلیکی سیخۆ و شەش مەغزن و ڕومانەیەک و بەکڵاو و پوزەوانەوە دەبینی دەگەڕێنەوە نێو مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشان و دوای دونیایەک تێڕامان و وورد بوونەوە و بەسام و هەیبەتی جارانەوە دەمانەوێت لە ئامێزیان بگرین و سردووی (ئەی ڕەقیب) بڵێنەوە لەو گۆشەنیگایەوە دەمانەوێت فێری خۆشەویستی نیشتیمان و کوردستان بین. لەگەڵ خاتوو

( ناهیە مستەفا عەلی ) ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە ناوە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە بریتی یە لە ( پەرژین ، هاوژین ، ڕێژین ، ئەژین ، بەرهەم و ڕێبەر ). وێرای هەوڵ و ماندووبونی هەرگیز لە کاری پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن بۆ تەنها چرکەیەک سارد نەبووەتەوە، لە خەبات و تێکۆشان کۆڵی نەداوە و لەو مەیدانەدا خزمەت دەکات.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٨٢٦١ لە ٢٠٠١/١/٧ بڵاوبووەتەوە.

# حمەی حمەعەلی زخە.. پێشمەرگەی دوو شۆڕش



ئەمین دۆلە پیاوێکی دەوڵەمەندی سەردەمی خۆی بووە لە گوندی زەردەلیکاوی سەر بە ناوچەی سەنگاو لە خێزانێکی جوتیار لە دایکبووە. ئینجا لەگەڵ شێخەکاندا نێوانیان بە تەواوی تێکچووە و ناچاربوون باروبنە بگوێزنەوە بەرەو ناوچەی گەرمیان ڕەو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئارامی و دوور لە شەڕ و ئاژاوە بژین. جاران ئەوەی کۆچەری نەبووایە، هەرگیز نەیدەتوانی سەختی ژیان بەڕێبخات. ئەمین دۆلە ئەوەندە دەوڵەمەند بووە،

قەتارەی ڕانەکەی لە دوورە خەڵک گوێی بۆ ڕادێراوە. جاف هۆزێکی گەورەیی کۆچەری بووە، لە نێو دەواری ڕەشی بە بەنچنراودا ژیانی ئەمڕۆیان ڕاپێچی دوێنی کردووە. لە ساڵی (١٩٤٤) منداڵێک بەناوی ( کاکە حمەی حمەعەلی ئەمین) هاتوەتە شانۆی ژیانەوە. لە ساڵی ( ١٩٦٢) لە شۆڕشی ئەیلول بووەتە پێشمەرگە و لەسەردەمی خویدا پیاوێکی چالاک و ئازایی سەردەمی خۆی بووە. مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندیکی زۆر باشی لەگەڵ (ئەحمەد ڕۆستم) سەرۆکی تیرەیی ڕۆغزایی بووە. لە نێوانیاندا نامە گۆڕینەوە بووە و مەلا مستەفا دەڵێت: ئەرێ ئەحمەد تۆ بۆ چەکداری باشت نییە و ئەویشدا لە وەڵامدا دەڵێت: ئەزبەنی من پیاوی وەک حمەی حمەعەلی زخەم هەیە هێندە ئازا و بە جەرگە دەتوانێت ڕەبیەیەک بگرێت ، مەلا مستەفایش زۆری پێخۆش دەبێت و برنەوێک بەدیاری بۆ کاکە حمەی حمە عەلی زخە دەنێرێت. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی وەک شاخی سەڵبات ، قەرەداغ ، چەمی پەڵک و قاتەکانی کفری کردووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە ئاوی زەڵم نزیک ناحیەی سیروان سەر بە ناوچەی شارەزوور و لە کەڵەشێرتەپە لە سنورە ناوچەی زەنگابات بریندار بووە.

له ساڵی ( ١٩٦٩) لەگەڵ خاتوو ( گوڵبۆ عبدالقادر عەزیز محەمەد ) له هۆزی شێخ سمایلی ژیانی هاوسەری پێکەوه ناوه، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یه منداڵەکانی بەناوی (حەسەن ، حوسێن ، فاتیمه ، ئایشه ، عومەر و ئامینه ) کاکه حمه حمەعەلی زحه پیاوێکی کۆمەڵایەتی و ناسراوی ناوچەی گەرمیانه و ڕۆڵێکی باشی بینیووه له چارەسەری ئاشتەوایی کۆمەلایەتی له سنورەکەدا. له ساڵی ( ١٩٩٤) له پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا به سەختی بریندار بووه، بەهۆی ئەو برینەوه به پلەی سەرتیپ خانەشین بووه. له ساڵی ( ٢٠٠٤) به کارەساتێکی دڵتەزین له شاری کفری کۆچی دوایکردووه. له دوای خۆی کاک (سالار حمەخان ) جێگای ئومێدی بنەماڵەکەیانه و شوێنی کاکه حمەی پڕکردووەتەوه .

چاوپێکەوتن لەگەڵ ( مامۆستا مەجید عزیز قادر ئەمین ) له ٢٠٢٠/١١/٧

# عەلی پەڕلەمان .. بریا کوێر بومایە!



دوێنێ وێنەیەکی عەلی پەڕلەمانم بینی ، دوو گەنج لە ژێر باڵییەوە وەک دوو دار شەق لە گەڵیدا دەڕۆن و خۆیشی بەسەر گالۆکەیدا چەماوەتەوە. پیر پیاوە ژیرەکە بە هێزبە و بکەوە سەرپێ و هێشتا پێویستمان پێتە! زۆر تاسین هێندە بە ئازاریت، پیاوە گەورەکانی دونیا لە بەرامبەر سەختیەکانی ژیاندا هەرگیز ناکەون. تۆیش قەڵایەک لە جوامێری و ماندوونەناسی هەر لە خۆت جوانە ، وێنەیەکت هێندە ئازاری داوم گریان لە چاومدا زاوە، چۆن هێندە دڵڕەقیت ئازیزانت دڵ بشکێنیت گیانی گیانم. مامۆستا عەلی تۆیک قوتابخانەت بە ئەلف بێی کوردی ئاوەدان کردەوە، شۆڕش و پێشمەرگەت لە نێو بیر و هۆشتدا هەڵگرت، لە سەنگەری بەرگری خەباتدا وەک

دوندی هەڵو وەستایتەوە، هەزاران وشەی کۆنی لادێیەکان لە فەوتان قوتار کرد ، لەسەر پەڕەی پەخشانەکان نووسیووە و خوێنەرانیش بەدووی واتاکەیدا دەگەڕێن! لە نێو پەرتووکی لە بەردەم شکۆی مرۆڤە مەزنەکاندا سەدان ووشەم ڕیز کرد و فەرهەنگێشم شک نەبرد بیکاتە کوردی. لە نێو کوانووی خەبات و قوربانیدا تەمەن و جوانیت خۆت کردە خەڵات بۆ باڵای شۆڕش. کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار نەمایەوە ڕاست لە چەوت و چاک لە خراپ جیا نەکەیتەوە. بە ئامۆژگاریەکانت بویتە چرای ڕێنیشاندەری کادیران و فێرخوزان بواری ڕۆشنگەری. لەو پێناوەدا زۆر شەکەت بووی، پێەکانت زۆر هەڵکەوت و نەکەوتیت ئیتر چۆن بەم کوڕ بوونەوەت دڵم نایتەئێش !قوتابخانە بە تەباشیری ڕەنگاڵە ، چەک لە سەنگەر ، ووشە لە کۆبوونەوە ، توڕەیی لە ڕاست بێژی ، خۆشەویستی لە خزمایەتی ، وەفاداری لە گەورەیی ئەمانە ئاکاری ژیانی ڕۆژانەتن ئیتر چلۆن ناکەوینە هەڵەداون چونکە مامۆستا عەلیکی تر کۆپی ناکرێتەوە! ژیان هێندە دڵڕەقە لە تافی پیری و سپیبوون هەرگیز تۆی نەبەخشی، سەرەڕای ئەوە بەم ئازاری فەقەراتەوە زۆر جوامێریانە هاتیتە سەر شانۆ و

پەخشانێکت خوێندەوە دوو وانەی گرنگی ژیانت فێر کردین یەکیان لە بەرامبەر سەختی ئازارەکانی جەستەدا وەستایتەوە ئەویتریان جگە لە ئەمەداری هەرگیز نەتویست لە کاروانەکەت دوا بکەویت و بریا کورێر بومایە تۆم بەمشێوەیە نەبینیایە مامۆستا سەلارەکەم.

ئەم پەخشانە ڕۆژێک دوای تەواو بوونی چلەی ڕەوانشاد ( سلاح کوێخا ) لە ٢٠٢٠/١١/٩ بۆ ( مامۆستا عەلی پەرلەمان ) نوسراوە

## پێشمەرگە لە مەتەرێزی بەرگریدا

لە نێو خانووە قوڕەکانی لادێدا، هەزاران تێکۆشەر لە پێناوی خاکدا چەکیان بۆ ڕزگاریی نیشتمان هەڵگرت. گاڵۆکی شوانییان خستە لاوە و چەکی شکۆمەندییان بۆ بەرگری لە مافی ڕەوای میلەتەکەمان کردە شان. پێشمەرگە ئازاکان لە ڕێگەی کادیری ڕێکخستنەکانەوە، نامەکانی شۆڕشیان لە نێو باوەڵیماڵەکانیاندا دەشاردەوە. لە کاتی گەیاندنیدا، لە نێو پەڕەی سیغاری هەڵپێچراو دەشاردەوە و دەیان گەیاندە مەنزڵ. ڕێکخستنە نهێنیپارێزەکان، لە پێناوی ڕێکخستنەکاندا لە کونجی زیندانەکانی ئەبوعریب و هەیئەی کەرکووک و موسڵ خۆیان بینیووە. لە ژێر ئەشکەنجە و فەلاقەدا زیاتر پشت ئەستوور دەبوون. بۆ ئەوەی  ڕژێم لە ڕاز و نیازیان تێنەگات و زۆر سوارچاکی ئەو بوارە لە پێناو پەیمانی ڕاستگۆییدا، گەردنی خۆیان کردە خەڵاتی حەبلەکان. مەلا عەلی لە ژووری لەسێدارەدان لە موسڵ وتی: ژێری پێڵاوەکانم لەکاتی لەسێدارەدانمدا، لە سەری دوژمنەکەم بەرزترە. گەنجە تازە پێگەیشتووەکانی نێو قاڵبی خەبات تا دوا دلۆپ تێدەکۆشان و خۆیان نەوی نەکرد. پێشمەرگە بە کلێتە و پوزەوانە و  بە مزەلییەک و  شەش مەغزەن

و دوو نارنجۆک، تا سەرگەڵوو و بەرگەڵوو نەدەوەستانەوە، بەڵام ئێستا خەڵک بۆ سەیران دەچێت. پێشمەرگە لە مەتەریزی بەرگریدا نانێک و قومقۆمەکەیک ئاوی پێ بوو، هەتاکوو ئێوارە لە مشت و قەرەوڵی تفەنگەکەیەوە سترانی بۆ ئازادی نیشیمان دەچڕی. پێشمەرگە بە مانای وشە، واتە دارماڵ لە ئازایەتی، تژی لە ماندووبون، لێوانڕێژ لە خۆشەویستی، ئاخێندراو لە مۆراڵی پێشمەرگایەتی، چرای دوارۆژی نیشتیمانی لە ڕێگەی گڕپۆشی لوولەی تفەنگەکانیانەوە داگیرساند. لە نێو کەتواری ژیاندا، بوونە ترس و لەرز بۆ دووژمنان. بە منداڵی لە خۆشەویستیی پێشمەرگەوە حەزم دەکرد گەورەبم و وەک باوکم ببمە پێشمەرگە، لە هەمبەر دوژمن سەنگەرێکی چۆڵ پڕ بکەمەوە. پێشمەرگە لە سەر ڕێبازی "کاک ئارام" بوو، "کەم بژی و کەڵ بژی"ی خاڵە شیهابی لەسەر شایلەی تفەنگەکەی نووسیبوو، وێنەی هاوڕێ شەهیدەکەی لە سەر تاخمەکەی دانا بوو. شەهید "مەحمود گەرمیانی" بە جووتێک پێڵاوی لاستیکەوە، ترسی لە هەناوی دوژمن چاندبوو، مەلا ئەحمەد و حەوت ئێشکچیی گەرمیان، لە نێو قەڵۆەزی "داری خلە" بۆ هەتاهەتایە خەو بردنییەوە. جاش و جێش و پیاوە

ترسنۆکەکانی ڕژێم، لە نێو شاری کفریدا لە ترس و هیبەتی شەهید "قاسم فەقێ عەلی" تۆقیبوون، لە ناو و ناوبانگی ئازایەتیەکەی زندوقیان چوو بوو. شەهید "خالد گەرمیانی" بە مەفرەزەکەیەوە، لە داستانی قازنقایە، سنگی خۆی کردە قەڵغان بۆ پارێزگاری لە نیشتمان. شەهید "مەلا کەریمی تووکن" دەبابە شکێنەکەی داستانی هۆمەربل! سەرتۆپی ئازایەتی و قارەمانێتی بوو. شەهید "سیروان تاڵەبانی" بەرد و تلاشی دێ بە دێی گەرمیان نەما پێی لێ هەڵنەکەوێت، هەر بەو بۆنەیەوە: ناوم لێ نرا سیروان. "حمەڕەش"ەکەی گەرمیان لە بەهاری ڕاپەریندا، جەستە گەرمەکەی کردە خەڵات بۆ تێکۆشەرانی خورماتوو. شەهید مام سلێمان تەپەسپی، شەهید لالە مارف، شەهید قادرە سوور و شەهید مام باپیر و هەزاران ڕۆڵە و تێکۆشەری ئەم وڵاتە لە هەرکوێیەک تەقە تفەنگلێک بوایە، یەکنەدەردوو لەوێ حازربوون. پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر: ئێوە شەهیدی زیندوون! پێشمەرگە تێکۆشەرە دێرینەکان: ئێوە لە قەتارەی ئەم شۆڕشەدا زۆر ماندوو بوون، خاوەنی ئەزموونی ڕاستەقینەی کوردایەتی بوون. پێشمەرگەکان لە پێناوی نیشتمان ڕۆحی خۆیان بەخشی، بۆ ئەوەی نان

و ئازادی بۆ نەوەکانی داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن. شاعیری گەروەی کورد( شێرکۆ بێکەس) لە شیعریکیدا دەڵێت: "شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە، دڵی ئازادی و بەیداخی لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە". ڕۆڵە و منداڵانی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان!.لەم یادە پڕ لە شکۆیەدا بەڵێن دووپات دەکەینەوە ڕێبواری ڕێگەکەتان بین.

ئەم پەخشانە لە یادی شەهیدانی یەکێتی دا لە ٢٠٢٠/١١/٢١ نووسراوە

# ناوی پارتیزانەکانی گەرمیان




١. عوسمان حاجی مەحمود
٢. دارا نارینی
٣. سەلام نارینی
٤. مەلا ئەحمەد کەلاری
٥. حەیدەر شۆراوەیي
٦. پۆڵا
٧. حاجی حەمید
٨. ڕەحیم کەلاری
٩. کەریم ڕەشید ئەحمەد
١٠.نازم کەرکوکی
١١.حمە سۆران
١٢.ئەحمەد حاجی ڕەشید

١٣.عەلی فەقێ مستەفایي

١٤.کاکە عەبە

١٥.عومەر چەوساوە

١٦.حمەڕەشید توکنی

١٧.سەید جەوهەر

١٨.حمەڕەش

١٩.مەلا ڕەحیم مەلا ڕەشید

٢٠.سەید بابا

٢١.جەلال قولیجانی

٢٢.جەماڵ وارانی

٢٣.محەمەد چەوری

٢٤.ئەحمەد زەرداوی

٢٥.مکرم ڕەشید

٢٦.نەوشیروان حاجی ئەحمەد

٢٧.نەوزاد کەریم فارس

٢٨.مامۆستا حسین

٢٩.سەباح شێخ حەمیدی

٣٠.مەجید دووزی

٣١.کامەران مامۆستا هیدایەت

٣٢.عەدنان حمەی مینا

٣٣.حمه ئاغا

٣٤.هەژار کەرکوکی

٣٥.سەلام زینانەیی( کۆیی)

٣٦.بهالدین داربەڕوو

٣٧.فاتیح شێخ لەنگەريي

٣٨.جەماڵ مەلا ئۆمەری

٣٩.یاسین بچکول

٤٠.مقداد داربەڕوو

٤١.ڕەمەزان کولەجۆيي

٤٢.ملازم عەباس

٤٣.مەلا سەعید

٤٤.جەماڵ شێخ حەمید

٤٥.خەلیل بیکەیسي

٤٦.بەرزان قایش پاشا

٤٧.حمەچاوجوان کفري

٤٨.حەسەن حەمید ئۆمەرملي

٤٩.شێخ کەریم چاوڕەش

٥٠.شێخ لەتیف شێخ بابا ڕەسول

٥١.ئازاد سەگرمە

٥٢.سەید محەمەد

٥٣.جەعفەر لەتیف

٥٤.عەلی غایب

٥٥.خەباتە سوور

٥٦.شوکر قەرەبڵاغی

٥٧.دکتۆر ئاتێلا

٥٨.مەحمود سەنگاوی

٥٩.مام ڕۆستم بازیانی

٦٠.عوسمان مەلا جەمیل

٦١.ساڵح فەرتەنە

٦٢.جەلیل کۆکزی

٦٣.سەیوان مامۆستا غازی

٦٤.حەسەن حەمید کوڵەجۆ

٦٥.حەسەن کوڵەجۆی زەنگاباد

٦٦.عەلی سوور کفري

٦٧.عارف کەماڵەیي

٦٨.لوقمان چاوڕەش

٦٩.نادر وارانی

٧٠.هەژاری ئاسایش

٧١.فازل برای شێخ کەریم چاوڕەش

٧٢.مەحمودی مامە عەزە

٧٣.غایب حوسێن

٧٤.جەمیل شێخ لەنگەری

٧٥.کوردۆ قاسم

٧٦.حمە پارویڵە

٧٧.حاجی عوسمان

٧٨.سامی سەمین

٧٩.مەلا کەریم سەعدیە

٨٠.هەیاس مرور

٨١.حمەکادیر

٨٢.سەلاح کفري

٨٣.مەلا ئەحمەدی جەیران

٨٤.مامۆستا نەجم

٨٥.بورهان حمەی مینا

٨٦.برایم کفري

٨٧.حەمە ئێرانی

٨٨.حەمەی مالیە

٨٩.فایەق کەلاری

٩٠.جومعەی مەجید داوێ

٩١.کامەران  عەبدوڵا

٩٢.مامساڵح وڕە

٩٣.مام بەگزاد

٩٤.سەڵاح کوێخا

٩٥.عەلی سوور زەماوەنگەیي

❖ لە پەیجی تیپی (٥١)ی گەرمیان وەرگیراوە.

## جەلال قولیجانی  و بیرەوەریی سەردەمی پارتیزانی




جەلال محەمەد عەلی قادر لە ساڵی ( ١٩٧٣) لە گوندی قولیجانی سەرحەد سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایکبووە. تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە. لەگەڵ پێگەیشتنی تەمەنی هەستی کوردایەتی لەناخیدا چەکەرە دەکات. لە بەرایی ساڵی ( ١٩٨٦) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات. لەگەڵ بینینی قەتارەی پێشمەرگەکان ڕۆژ لە ڕۆژ خەون و خولیایی پێشمەرگایەتی زیاتر بووە. لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٦)

بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی (٦)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان.
لە ساڵی (١٩٨٨) میلەتەکەمان توشی شەڕێکی بەرەیی گەورەیی سەرکردایەتی لەگەڵ حکومەتی عێراقی بوو. پێشمەرگەیەک بە ناوی ( نازم) لە تیپی(٥١) ی گەرمیان لە نزیک گوندی قەمچوغە لە ئەسکەرە شۆردیان و بەخاکیان سپارد و ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان ناوی خوێندەوە. یەکێک تر لە پێشمەرگە ئازاکانی گەرمیان بەناوی ( عەتا قولیجانی) لە شەڕی سەرکردایەتی لە ٣/٢١/ ١٩٨٨ شەهید بوو. بەشداری کارایی شەڕەکانی سەرکردایەتی کردووە، دوای ئەوە گەڕانەوە بۆ گوندی قەیتول لە گەرمیان. لە کەرتی (٦) ی تیپی (٥١)ی گەرمیان لە شەڕی ئەنفال لە شەڕی سەرکردایەتی گەڕانەوە زۆر ماندوو بوون، کەوتنە بۆسەیەکەوە لە ١٩٨٨/٤/١٢ پێشمەرگەیەکیان بەناوی ( فواد حەبیب بەلەگەیی) شەهید بوو بەهۆی تێکچونی بارودۆخی شالاوی ئەنفالەوە، ناچاربوون بەجلەکەی خۆییەوە لە گوندی عەلیان بینێژن چونکە کفنیان دەستنەکەوت. لە ١٤/ ١٩٨٨/٤ دوای ئەوەی لە شەڕەکانی سەرکردایەتی گەڕانەوە بۆ گوندی قولیجانی سەرحەد گوندەکەیان بە تەواوەتی چۆڵ بوو، دایکی و تەلیعە خوشکی گەورەیی و

مامی حمەڕەشید ئەوان هاتبوون بۆ سوراغ و هەواڵپرسینی، دوای ئەوەی ئەوان دین و بڕیادەدا که دووباره بگەڕێنەوە بۆلای هاوڕێ پێشمەرگەکانی، بەڵام دایکی و تەلیعە زۆر هەوڵیاندا و زۆر لێی پاڕانەوە کە نەڕۆم و لیان دانەبڕێم، دایکی زۆر دەترسا جەرگی بسوتێ و خوشکە گەورەکەیی ئاگر لە ناخی بەربوو کە ئیتر یەکتر نابینینەوە و دەیوت: تو خوا جەلال مەڕۆ! ئەویش گوێی لێان نەگرت و خواحافیزی لێانکرد و ملی ڕێگای گرتەبەر، بەڵام ئەوان خوا حافیزیان لێ نەکرد. تەلیعەی خوشکی زانی بێسوودە و بڕیاری یەکجاریداوە و ناگەڕێت ەوە بەدوای کەوت و باوشی پێدا کرت و دەستی کردە گریان وتی: مادام بەگوێیان ناکەیت بۆ هەمیشە خوا حافیز ئیتر یەکتر نابینینەوە، تەلیعەی خوشکی گومانی وابرد، شەهید دەبێ و ئەو لە ژیاندا دەمێنێتەوە، بەداخەوە پێچەوانەکەی ڕاست دەرچوو تەلیعە و سێ منداڵی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت لەگەڵ حمەڕەشیدی مامی تا ئێستا لە ژیاندا ماوە! لە شاخی قەندیل لە خڕدۆڵ یان چاڵەڕەق بارەگایان دانا، ئەرکیان لە پشت قرناقە و پشت ئاشان بوو، لە ١٩٨٨/٩/٦ سەدام لێبوردنی بۆ ئەو پێشمەرگانە دەرکرد لە شاخ بوون و

بڕیارەکە تەنیا مام جەلال تاڵەبانی نەگرتەوە، لە دوو جێگا پاسەوانیان دانا، نوختەیەک بەرامبەریان لە درەنگانێک بانگی کرد وتی: هاوڕێکانتان تەسلیم بە حکومەتی عێراق بونەوە، ئەمانیش ڕۆیشتن هەواڵیاندا سێ پێشمەرگە تەسلیم بووەتەوە، مام فازل پیاوێکی فەقیر بوو وتی: زانیمە ئەو ترسنۆکانە ڕووخاون قسەی زۆری پێوتن، پێشمەرگەیەکیش وتی: مام فازل ئەگەر خاوەن هەڵوێست بونایە خۆیان ڕاستی حکومەت نەدەکردەوە، مام فازلیش وتی: ئەگەر پیاو بونایە منیانیش لەگەڵ خۆیان دەبرد. لە مانگی ١/ ١٩٩١ لەگەڵ کاک سەید بابا لە سنوری قشقەبوو، گەلە جاشێک لە نزیکیانەوە ڕاوە ئاسک دەکەن، ئێوارەیەکی درەنگ بوو، ترسی ئەوەیان نەبوو، تەیارە لێان هەڵبسێت بەرەو خۆر ئاوا بوون دەڕۆیشت، بۆسەیەکیان بۆ جاشەکان دانا و بیست دەقە شەڕیان نەکرد و هەڵهاتن بەدوایاندا ڕایانکرد و جاشێکیان گرت، وتیان: ئێمە پێشمەرگەین و لە ترسدا بڕوای پێیان نەکرد، دوای چەککردنی ئازادیان کرد، بڕواتە بۆ ناو ماڵ و منداڵی، ئینجا لەگەڵ کاک سەید بابا بانگکیان کرد وایدەزانی دەیکوژن و چەک و تاقمەکەیان پێداوە زۆری پێخۆشبوو و دەستی کردە ملیان وتی: ئێستا بڕواتان پێ

دەکەم ئێوە پێشمەرگەن و وتیان برِو بڵاوی بکەوە ئەم سنورە پڕیەتی لە پێشمەرگە. لە ساڵی( ١٩٨٨ ) تا بەهاری ڕاپەرین وەک پێشمەرگەی پارتیزان لە دیهاتە قەرەچۆڵبڕاوەکانی سنوری گەرمیان مانەوە، پەیمانیان بە میلەت و خەڵکەکەیاندا بۆ هەمیشە لە گەڵتان ڕاستگۆ دەبین و خاوەن بەڵێن و پەیمانی خۆیان بوون، لە ماوەی سێ پارتیزانی زۆر نارِەحەتی و برسێتی، سەرما و گەرما، شەڕ و شۆڕ، کۆڵ بە کۆڵ بۆ ئەوەی بۆ دوژمن بیسەلمێنن، لە بەرامبەر ستەم و زوڵمەکانتان بە دەنگی بەرز دەڵێن: نەخێر. بەشداری شەڕەکانی سەرکردایەتی، قەرەداغ، شارەزوور، سەنگاو، گەرمیان ، چەمچەماڵ ، کەرکوک، تبج ، یەنگیجە ، نەقشبەندی و ئیسلاحیکردووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووجار بە سوکی بریندار بووە لە ساڵی (١٩٩١) لە بان مەقان لە چەمچەماڵ و لە ساڵی( ١٩٩٦) لە تەقتەق . بە دەرلەوانە خوشکێکی بەناوی" تەلیعە" بە سێ منداڵەوە بەناوی ( سەردار، سەلام و ڕێبوار) لەگەڵ مامەیەکی بەناوی ( حمەڕەشید) خۆی و خێزانی و دوو کوڕ و کچێکی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، ئینجا برایەکی بەناوی ( مستەفا) لە ١٩٩١/٤/٣ لە کۆمەڵگای زۆرەملی جاران ڕزگاری ئێستا بەهۆی

پاشماوەی مینەکانی حکومەتی عێراقەوە شەهید بوو دواتر لە گۆڕستانی زەڕایەن بەخاکیان سپارد. ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو ( معبوب قادر محەمەد ) پێکەوە ناوە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە منداڵەکانی بەناوی ( کاوە، پۆلا، شنیار، ساکار، توانا و ئەوین )ە. لە ساڵی (١٩٩٧) لە هێزەکانی حەفتایی ( ی.ن.ک) بە پلەی ( عەقید) خانەنشین کراوە. لە ساڵی (٢٠١٤) بەشداری شەڕەکانی داعش کردووە، و خاوەنی بەڵێن و پەیمانی خۆیەتی لەگەڵ نیشتمانەکەیدا ڕاستگۆیە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٨٢٤٦) لە ١٢/١٧/ ٢٠٢٠ بلاَبووەتەوە

## نوری عەلیانی

## پێشمەرگەیەک باسی کەمئەندامبوونی خۆی دەگێڕێتەوە



نوری ئەحمەد ڕەحیم لە ساڵی ( ١٩٦٤) لە قەزای کفری سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایکبووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، بەهۆی خۆشەویستی گوندەکەیەوە بە نوری عەلیانی دەناسرێت. لە ساڵی ( ١٩٧٩) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە هەمان ساڵدا دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٥)ی قەرەداغ لە مەفرەزەی شەهید خالد گەرمیانی و هەژار تەپەڕووسی. لە ساڵی (١٩٨٠) لە شەڕی ( لەواوان) سەر بەناحیەی

باوەنوری  قەزاری کەلار بە سەختی بریندار بووە، دوای تەواوببونی شەڕەکە بەهۆی دەرچوونی گولە ئاربیجیک لە دەستی خۆی بوەتە هۆی بریندار بوونی خۆی و دوو ئافرەتی تری خەڵکی گوندەکە، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە  بۆ وەرگرتنی چارەسەر تەسلیم بوەتەوە ، دوای تەسلیمبونەوەی دەست کردووەتەوە بە  کاری ڕێکخستن لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بەهۆی ئاشکرابونی ناوی ڕێکخستنەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە  لەگەڵ (٢٧)  لە ئەندامانی هاو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستگیر دەکرێن دواتر ڕەوانەی شاری بەغدا دەکرێن هەروەها  دوو لە هاوڕێکانی بەناوی ( دارا حەمید عەزیز و عەلادین تۆفیق عبدالقادر) لە سێدارە دران،  نورییش بە (١٥) ساڵ حوکمدرا ، هەندێک لەو زیندانیانە لە گەڵی بوون بەناوەکانی (شوکر حمەی هەیەر، مەردان حاجی قادر ( مەردان چاوشین)، فەریق عەلی قەیسەر و عەباس حەمەنوری، بۆ ماوەی ( دوو ساڵ و هەشت مانگ ) زیندانی کراون، بەڵام  لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٢) لەگەڵ باقی هاوڕێکخستنەکانی  بەر لێبوردنی گشتی کەوتن بە بڕیاری (١٧٥) ئازاد کران. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە، لە ساڵی (

١٩٨٠) له شه‌ڕی( له‌واوان) سه‌ر به قه‌زای که‌لار، پێش ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی شه‌ڕه‌که خه‌ڵکی گونده‌که هاتنه بۆلایان زۆر تکایان کرد شه‌ڕ نه‌که‌ن بۆ ئه‌وه‌ی زیانیان لێ نه‌که‌وێت، به‌ڵام پێشمه‌رگه‌کان شه‌ڕێکی زۆر ئازایان کرد و سوپای ڕژێم کشایه‌وه، به‌ڵام هێشتا برینه‌که‌ی به ته‌واوی سارێژ نه‌بوو له هه‌مان ساڵدا له شه‌ڕی (شۆڕاو) سه‌ر ناحیه‌ی سه‌نگاو بریندار بووه، له ١٩٩١/٣/١٢ له ناحیه‌ی سلیمان به‌گ سه‌ر به‌ناحیه‌ی دووز خورماتوو بریندار بووه‌ته‌وه، ته‌قاندنی هاوه‌نونێک بووه‌ته هۆی له ده‌ستدانی بیستنی هه‌ردوو گوێچکه‌ی و په‌نجه گه‌وره‌ی ده‌ستی و لایه‌کی جه‌سته‌ی به ته‌واوی له جوڵه وه‌ستاوه دوای مانه‌وه‌ی له نه‌خۆشخانه چاک بووه‌ته‌وه ئێستا ده‌توانێت به ئاسانی ڕێ بکات به‌هۆی له ده‌ستدانی بیستنی هه‌ردوو گوێچکه‌ییه‌وه له نێو خه‌ڵکدا به ( نوری که‌ڕ) ده‌ناسرێت، هه‌روه‌ها برایه‌کی به‌ناوی ( هیدایه‌ت ئه‌حمه‌د ره‌حیم ) ناسراو به ( هیدایه‌ت بنکه‌یی) پێش نوری بووه‌ته پێشمه‌رگه له هه‌رێمی (٥) قه‌ره‌داغ له دۆڵی شه‌هیدان که ده‌که‌وێته نێوان قڕناقا و پشت ئاشانه‌وه و ناحیه‌ی وه‌رتێ ئێستاوه شه‌هید ده‌کرێت. له تاوانی شومه ئه‌نفالی ساڵی (١٩٨٨) خوشکێکی به خۆی و هاوسه‌ری و

هەشت منداڵیەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال دەکرێت، لە ئێستایش کەم ئەندامی سەنگەرە بە پلەی ( نقیب) خانەنشین کراوە.
لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٣٠٤) لە ٢٠٢١/٣/٤ بڵاوبووەتەوە.

## فاتیح مەلا وەهاب
## بە تفەنگی خۆییەوە بوو بە پێشمەرگە



فاتیح وەهاب محەمەد عەلی ناسراو بە فاتیح مەلا وەهاب باوکی مامۆستای ئاینی بووە، لە ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی هۆمەرمل سەر بە قەزای کفری لە دایکبووە و، تا دووی

ناوەندی خوێندووە، لە مانگی ( ١)ی ساڵی ( ١٩٧٨) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە، بە پارەی خۆی تفەنگێکی سەمینۆفی بە (٣٨٠) دینار کڕیووە لە ١٩٧٨/٢/١٥ بووەتە پێشمەرگە لە مەفرەزەی شەهیدی خالید گەرمیانی لە هەرێمی (٥)ی قەرەداغ. لە هەمانکات کاروباری کۆمەڵەی بەڕێوەبردووە و درێژەی بە خەباتی نهێنی داوە، ساڵی ( ١٩٨٤) کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی هێزی پشتگیری لە گوندی توکنی گەرمیان. لە کۆتایی ساڵی ( ١٩٨٦) لە چالاکیکدا دوو سەربازی ڕژێم لەلایەن هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پشتگیری لە نزیک شاری کفری بە دیل دەگیرێن، شەهید فاتیح ڕێزیان لێدەگرێت، باسی زۆرداری و داگیرکاری بەعسیان بۆ دەکات بەرامبەر خەڵکی کوردستان هەروەها پیان دەڵێت: ئێمە دەزانین ئێوە بە زۆر کراون بە سەربازی ڕژێم ، بۆیە ژیانتان پارێزراوە، ئیتر هەردوو بەندکراوەکە ڕەوانەی بارەگای تیپی ( ٥١)ی گەرمیان دەکات. شەهید فاتیح پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس لە هەمان کاتدا گورج و گوڵ و خۆنەویست، لە دەیان چەلاکیدا بەشداری کردووە وەک شەڕەکانی: دووز خورماتوو، کفری، سەرقەڵا، قادر کەرەم سەنگاو،

سەرجادەی دووز – کفری، سەر جادەی کفری – کەلار، هۆمەرمل، توکن، ئیمام محەمەد و سەیسوێنان و شەڕی ئەنفالی سێ گەرمیان، ئەفسوس لە ١٩٨٨/٤/١٤ دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال و شوێنبزر کرا.
لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ژمارە (٨٥٩٣) لە ٢٠٢٢/٢/٢١ بڵاوبووەتەوە.

## کاوە تاڵاوەیی ... شەڕەکانی ئەنفال لە بیرەوەری پێشمەرگەیەکدا



کاوە عەبدول عەزیز محی الدین محەمەد لە ساڵی ( ١٩٧٢) لە گوندی تاڵاو سەر بە قەزای دووز خورماتوو لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایکبووە. لە ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندیکردووە بە ڕێکخستنەکانی تیپی( ٥١)ی گەرمیان.

له هەمان ساڵدا بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی (٦)ی تیپی ( ٥١)ی گەرمیان. حکومەتی عێراقی هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی زیانێک بە پێشمەرگە  و خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی هێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنێت لە ڕێگەی شەڕ و پەلاماردان و دەست وەشاندنەوە، لە ١٤/٧/ ١٩٨٧ لە گوندی مەحمود بەگ سەربە ناوچەی داوێ بوون، کۆپتەرەکانی ڕژێمی عێراقی پەلاماری دەڕاسەی گوندنشینەکانی دەشتی پەتەکی سەر بە گوندی زنانەی ناوچەی داودەیان دا، لە دەرئەنجامی ئەو پەلامارەدا هەشت هاولاتی و پێشمەرگەی هێزی پشتگیری شەهیدبوون، هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرپەرەشتی ( عوسمان حاجی مەحمود) پەلاماری ڕەبیەکانی ڕژێمیاندا بە تەنکی ئاوەکە ناسراوە بۆ تۆڵەکردنەوەی شەهیدەکان ئەوکات ڕەوانشاد ( ڕەوف دادە یاسە) جێگری تیپی ( ٥١)ی گەرمیان لە گەڵیان دا بەشدار بووە، لە ماوەیەکی کەمدا توانیان دەست بەسەر ڕەبیەی تەنکی ئاوەکەدا بگرن، لە ئەنجامی ئەو شەڕە سێ پێشمەرگە شەهید بوون بە ناوەکانی ( ئەحمەد حاجی عەزیز دووزی، عەلی حەسەن قوڕیچایي، ئاوات عارەب ) هەروەها سێ

برینداریش بەناوەکانی ( ڕەوف دادە یاسە، خەلیل کارێزیي، ملازم عەباس). لە شەوی ١٤-١٩٨٧/٧/١٥ کۆپتەر هەستا ژیانی لە پێشمەرگەکان تاڵکردبوو، بەدەرلەوە شەهیدەکان و بریندارەکانیان بە کۆڵی پێشمەرگەوە لە ناوچەی شەڕەکە دووریان خستنەوە ، لە ١٩٨٨/٤/١١ لە گوندی باوەکرەوە بۆ گوندی بنەکەی خەپە کوێری سەر بە ناوچەی گەرمیان دەڕۆیشتن بۆ هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە ئەوەی لە بیر ناچێتەوە پێشمەرگەیەک بەناوی ( فواد حەبیب بەلەگەیی) لە شەڕەکانی شاڵاوی ئەنفالی سێی گەرمیان لە گوندی عەزیز قادر شەهید بوو، لە ١٩٨٨/٤/١٢ تەرمی پێشمەرگەکەیان هێنایەوە بۆ گوندی عەلیان بەهۆی بارودۆخی شەڕەوە بەجل و بەرگی خۆییەوە بە خاکیان سپارد، لە ١٩٨٨/٤/١٤ بە هۆی قورسی شەڕەکان پێشمەرگەیەک بەناوی ( عوسمان هۆمەرملی) لە گوندی قولیجانی سەرحەد بە هۆی ماندووبونی زۆر و نەبوونی پشوودانەوە پروکیان گیانی بە نیشتمان سپارد. پێشمەرگەیەک بە ناوی ( خەلیل پارەپارەیی) لە شەڕی گوندی ( لفتی ئاغا )ی سەربەناوچەی داوێ بریندار بوو، لە گوندی لفتی ئاغاوە تا بناری سەنگاو پێشمەرگەکان

لەگەڵ خۆیان بردیان، بەڵام بە هۆی ئەوەی پشتی شکا بوو، نەیان دەتوانی لەگەڵ خۆیان ببیەن، هەروەهایش ئەو پێشمەرگە برینداره نەیدەتوانی لەسەر وڵاغ خۆی ڕابگرێت، لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال دا ئەوەندە دۆخەکە ناخۆش و نا لەبار بوو، تەنانەت کەس بە کەس نەبوو، شەوێک گوێبیستی دەنگی کەسێک بووین لە نێوان هەردوو گوندی بانیمۆرد و کڕبچنەدا لە بناری سەنگاو هاواری دەکرد، برادەران پێشمەرگە کێ گوێ لێمە بۆ دەنگ ناکەن وەرنە هانامەوە؟ منیش پرسیم ئەوە دەنگە کێیە؟ هاورێکانی وتیان ئەوە "خەلیل پارەپارەیی"یە ئیتر هیچ کەس نەچووە هانایەوە ! لەوێ مایەوە تاوەکو شەهید بوو! منداڵێک لە نزیک گوندی کڕبنچنەی سەربە ناوچەی سەنگاو فڕێدرا بوو، دایک و باوکی منداڵەکە لە هێزەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقی بوو، پێشمەرگەیەک بەناوی ( جەماڵ عەزیز) لە تیپی (٥١)ی گەرمیان خەڵکی کفری بوو، هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بۆ منداڵەکە جوڵا لەگەڵ خۆی هێنا تا گوندی کانی خاکی بناری سەنگاو لە وێندەرێ دایکی منداڵەکەی دۆزییەوە و ڕادەستی خاوەنەکەی کردەوە پێکەوە شاد بوونەوە. لە ١٩٨٨/٨/٨ شەڕی نێوان عێراق و ئێران وەستا لەگەڵ وەستاندنی شەڕ حکومەتی عێراقی


فشاری خستەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و ژیانی لێ تاڵ کردوون تا ١٩٨٨/٨/٢٨ لە شاخی گەرەویان پێشمەرگەیەک بەناوی ( ڕێبوار عەزیز نەورۆز) خەڵکی کفری هات بۆ سەر شاخی گەرەویان ئاگاداری هێزەکەی کردەوە وتی : وەرنە خوارەوە بڕیاری پاشەکشێ دراوە بەرەو بناری قەندیل بکشێنەوە. لە دۆڵی باڵەیان سەر بە ناوچەی قەندیل لە ١٩٨٨/٨/٣١ لەلایەن کۆپتەرەکانی حکومەتی عێراقییەوە ( ئازاد هەورامی) فەرماندە و سەرکردە شەهید کرا. لە ١٩٨٨/٩/٦ لە شاخی قەندیل بوون لەلایەن سەدام حسێن ەوە لێبوردنی گشتی بۆ پێشمەرگە و خەڵک دەرکرا، بەڵام لێبوردنەکە هەڤاڵ ( مام جەلال تاڵەبانی ) نەگرتەوە. سەرکردایەتی ( ی.ن.ک) دوای ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ترسی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران هێزەکانی پێشمەرگەیان دابەشکرد بۆ سێ بەش: پێشمەرگە خێزاندارەکان لە ئێران مانەوە، بەتالوێنەکان هێنایە سنوری نێوان ئێران و عێراق، هێزێکی پارتیزانیان ڕەوانەی ناوچەکانی کوردستان کردەوە. لە ١٩٩٠/٧/١٢ بەتالیۆنەکان لە سنوری دۆڵە ناوە سەر بە ناوچەی شاری مەریوان لە کوردستان ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ

مەبەستی بەشداریکردن لە خولی سەربازی مایەوە، لە ١٩٩٠/٧/١٤ خولی سەربازی دەستپێکرد لە شاری ئەهوازی ئێران بۆ مەبەستی ڕاهێنان و مەشق کردن بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوامی بوو. لە ١٩٩٠/٨/٢ حکومەتی عێراقی پەلاماری کوێت دا بیکاتە پارێزگایەک لە خاکی عێراق و سەرپێچی خواستی ئەمریکای کردووە، ئەوکات هێزەکانی پێشمەرگە دڵنیایەکیان بۆ دروست بوو. لە ١٩٩١/٣/٦ هێزی بەتالیۆنەکان قۆناغ بە قۆناغ گەیشتن بە دەرەوەی شاری سلێمانی بۆ ١٩٩١/٣/٧ شاری سلێمانی ئازاد کرا. لە ١٩٩١/٣/١٠ هێزەکانی پێشمەرگە تووشی شەڕێکی قارەمانانە بوون لە ناحیەی قەرەهەنجیر سەر ناوچەی چەمچەماڵ لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەناوی( جەماڵ وارانی ) بریندار بوو، هەروەهایش پێشمەرگەیەک بەناوی ( محەمەد شێخ خەیرالله) شەهید بوو. لە ١٩٩١/٣/١١ بەشداری شەڕی بانی مەقان سەربە ناوچەی چەمچەماڵ کردووە شەڕێکی زۆر قورس و نا بەرامبەر ڕووبەڕووی ڕژێم بوونەوە تەنانەت کۆپتەر و تانکی ڕژێم گەیشتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە شەڕەکە زۆر سەخت و دژوار بوو لەو شەڕەدا پێشمەرگەی دانەبڕاو بە ناوی( بورهان

سەرسپی) شەهید بوو. لە ١٩/١٨ - ١٩٩١/٣ هێزەکانی ( ی.ن.ک) بە نێو مۆڵگەکانی ڕژێمی عێراقیدا پەڕینەوە بۆ نێو شاری کەرکوک تا گەیشتنە نێو گەڕەکانی قەدسیە و حوریە و شۆریجە بۆ ماوەی یەک شەو و ڕۆژ شەڕی بەردەوام بوو، شەڕێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بە ناوەکانی( یاسین بچکۆل، عەلی تەپەلوو، بەرزان قایش پاشا و هەژار ) لە ئێوارەی ١٩٩١/٣/١٩ بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی گیانفیدایی پێشمەرگەکانەوە شاری کەرکوک ئازاد کرا. بەشداری لە دەیان داستان و نەبەردی کردووە ( دووز خورماتوو، چەرمگا، سەنگاو، بناری قەندیل، سادرچەکوچ، بانی مقان – چەمچەماڵ، کەرکوک، شەڕی داعش لە کوباشي، جەلەولا و بانی شاخی داقوق). کاوە تاڵاوەیی جگە لەوەی پێشمەرگەی دانەبڕاوە لە ١٩٨٨/٩/٢٠ – ١٩٩١/٣/٦ لە خاکی ئێراندا ماوەتەوە و تەسلیمی حکومەتی عێراقی نەبووەتەوە، دوای گەڕانەوەی لە ڕاپەڕین زۆر پرسیار کردووە بۆ ئەوەی بزانێت خێزانەکەی چی بەسەر هاتووە ئەوەی جیگای نیگەرانی یە دایک و باوک و سێ خوشکی بەر شالاوی ئەنفال

کەوتوون. تاوەکو ئێستایش لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە.
لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ( ٨٣٤١) لە ٢٠٢١/٤/٢٣ بڵاوبووەتەوە.

## عەلی کارێزەیي
## لە خزمەتی پیاوێکی تێکۆشەردا



عەلی محەمەد سەعید لە ساڵی (١٩٥٤) لە گوندی میل قاسم لە خێزانێکی کورپەروەر سەر بەقەزای کفری لە

دایکبووه. بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری سەرقاڵی ژیان بووە. باوکی لە گوندی کارێزی قنگربان بووە، نازناوی عەلی کارێزیی لە باوکی ماوەتەوە. لە ساڵی (١٩٧٢) ئەندامی کارایی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٧٢- ١٩٧٥) بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول. لە ١٩٧٧/١٠/١١ پەیوەندیکردووە بە کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردستان لە هێڵی کەرکوک بە سەرپەرەشتی شەهید شەماڵ و دواتریش شەهید لالە مارف لێپرسراوی ڕاستەوخۆی بووە. بەهۆی هەڵهاتنی سەربازی خۆی و ماڵ و منداڵی بار دەکات بۆ گوندی سەڕەش. دوای ئەوە پەیوەندی دەکات بە کوردۆ قاسم و دەکرێتە لێپرسراوی شانەی ژمارە (٧). لە نێوان ساڵانی (١٩٨٤ – ١٩٨٨) بووەتە پێشمەرگە لە کاروباری کۆمەڵایەتی لە مەفرەزەی ( حەسەن قادر ساڵح ناسراو بە ئەبوو فەلاح). لە مانگی (١١) ی ساڵی (١٩٨٨) بە سەرپەرەشتی کاک عوسمان حاجی مەحمود لە ناحیەی سمود شانە کۆنەکانی ڕێکخستنی زیندوو کردوەتەوە.لە ساڵی (١٩٩١) بەشداری ڕاپەڕینی ناحیەی سمود و مجاهیدینی کفری کردووە. لە دوای کۆڕەو لە ساڵی ( ١٩٩١) لە قەزای پێنجوێن و شانەدەری ڕێکخستنەکان

زیندوو دەکاتەوە کرا بە (کادری ڕێکخستن). لە ساڵی (١٩٩٣) کرایە ئەندامی کۆمیتە و لێپرسراوی کەرتی (٦) ی گەرمیان بۆ ماوەی (١١) ساڵ، لە کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری کادیرێکی چالاک و زیرەک بووە. لە مانگی (١٢) ساڵی (٢٠٠٠) هەڵبژێردرا بە ئەندامی کۆنگرەی (ی.ن.ک). لە ساڵی (٢٠٠٣) بەشداری پرۆسەی ئازادی عێراق لە سنوری جەلەولا و سەعدیە کردووە. لە ساڵی (٢٠٠٤) کرا بە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری (ی.ن.ک). لە ساڵی (٢٠١٢) بەهۆی نەخۆشی یەوە بە پلەی (ڕێپیدراوی ٦) خانەنشین کرا.

چاوپێکەوتن لەگەڵ تێکۆشەری دێرین ( عەلی کارێزیی) لە ٢٠١٦/٧/٣١

# بەشی سێیەم

## ئەنفال و جینۆساید

# ئەنفال .. زامێکی قوڵ لە دیرۆکی کورد



کورد بە درێژایی مێژوو لە خەبات و تێکۆشان درێخی نەکردووە، درێخیش ناکات، بەڵگەیش بۆ ئەوە مێژوو شاهید حاڵی ئەو ڕاستیانەیە، ئێمەی کورد لەسەر زێد و خاک و نیشتمانی خۆمان ژیانمان بەسەربردووە، بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراق هاوکاریمان بکات، ئێمە کە خۆمان بە بەشێک لە وڵاتی عێراق دەزانین، حەق وایە ڕژێمی لە گۆڕنراو هەستی بەو کارە بکردایە، هەموو نەتەوەکان، ئاینەکان، ڕەنگەکان، دەنگەکان، جێگەو مەکانیان بە گوێرەی ڕێژە و قەبارەیان بۆ دیاری بکردایە، بۆئەوەی جارێکیتر بیری لە پاشەڕۆژی خۆی بکردایەتەوە، نەوەکو داگیرکەرانی تری پێش خۆی باجی فەرمی بداتەوە، ئەم ڕژێمە لە گۆڕنراوە بە دڕندەترین و خوێنڕێژترین ڕژێمی عێراق لە زبڵدانی مێژوودا دادەنرێت، بە ڕاستی هەستانی

پیاوان و سەرانی عێراق بە تورەیی ڕشاندنی قین و قاری خۆی بەسەر میلەتی چەوساوەی کورد لە کوشتن و بڕین و ئەنفال و کیمیاباران و لادییەکان و دروستکردنی زیندان و ئەبلوقەدانی بواری ئابوری و ... تاد درێخی نەکردووە بێگومان بۆ ئەم سیاسەتەی بەکارهێنا بۆئەوەی کورد لە نێو خاکی عێراق بە هیچ شێوازێک تۆوی ڕەگەزی کورد نەمێنێت، سەرۆکی سێدارەدراوەی پێشووی عێراق لە ساڵی (١٩٨٣) وتی: لە هەموو هێزەکانی دونیا ناترسم تەنها لە بزەیەکی تاڵەبانی نەبێت. دەیزانی ڕۆژگارێک دێت، ئەو تاوانە دژوارەی بەسەر خاک و نیشتمانی کوردی هێنا بەسەر خودی خۆی و دەسەڵات و بنەماڵەیی دێت، بۆیە دەبێت بزانیت کە هەر دەسەڵاتێکی دڕندە دەگاتە لوتکەی دەسەڵات و تاوان ، ئەوا زۆر نزیک دەبێتەوە لە ڕووخان و تێکشکان.

لە پاشکۆی ئەنفالنامەی ڕۆژنامەی گۆڕان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان تایبەت بە یادی ئەنفال لە ٢٠٠٥/٤/١٤ بڵاوبووەتەوە.

# گوندی تەپەسپی گەرمیان لە پەراوێزی مێژوودا



گوندی تەپەسپی یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان، لەسەر گردێکی بەرامبەری گوندەکە خاکەکەی سپییەتی تێدایە، لە کاتی لێدانی تیشکی خۆر سپی دەکاتەوە، خاکێکی گەچۆڕی هەیە، زۆربەی ماڵەکان پێش تاوانی ئەنفال بۆ جوانکردنی خانووە قوڕەکان بەکاریان هێناوە، هۆی گەڕانەوەی ناوی " تەپەسپی: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە ساڵی هەزار و هەشت سەدەکاندا ئاوەدان کراوەتەوە، شەڕکردن لە نێوان هۆز و تیرە و عەشیرەتەکان زۆر ڕویداوە، شەڕ لە نێوان تیرەیی ڕۆغزایی و هەمەوەند دروست بووە پیاوێکی خەڵکی گوندی تەپەسپی بەناوی ( قەیتولی) کوژراوە، دواتر لە گوندی کوردەمیری سەر ناوچەی گەرمیان بەخاک دەسپێرێت. شێخ کەریم

کەسنەزان (عەزیزی قەیتولی) لە قشڵاخە کۆن تەپەسپی پێ ئاوەدان دەکاتەوە، ئینجا دوای ئەوە حەیدەر(هەیەر) کوڕی پیاوێکی دیار و هەڵکەتوو بووە لە (٢٢ ) ی ئابی ساڵی ( ١٩٢٠ ) بەشداری شۆڕشی برایم خان دەلۆ وەک جەنگاوەرێک لەگەڵ دوومامی خۆی بە ناوەکانی(حمەساڵح و حمەخان) جەنگاون دژ بە حکومەتی بەریتانیا بۆ ماوەیەکی کاتی دەست بەسەر شاری کفریدا دەگرن. گوندی تەپەسپی دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی قەزای کفری یەوە، لە باکورەوە گوندی عەلیانی گەورە و لە باشورەوە گوندی سماق و لە خۆرهەڵاتەوە گوندی هەوارگە قووڵە و لە خوارئاواوە گوندی بنەکەی خەپەکوێر بە گشتی گوندی تەپەسپی لە ناوچەیەکی نیمچە تەختی ناوچەی شاخاوی هەڵکەوتووە کە ( ٤٥٣ م ) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. گوندی تەپەسپی کەرتی کشتوکاڵی ژمارە (٤٠) ە و کۆی گشتی ئەو زەوی یە دەیمیانە بریتی یە لە (٢٠٢٥) دۆنم زەوی هەیە، دابەشکراوەتە سەر (٢٧) جوتیاری گوندەکەدا، بەڵام ئەوە زەویانەی بەکاری کشتوکاڵی دێت بریتی یە لە (١٠٢٥) دۆنم زەوی هەر جوتیارێک

(٧٥) دۆنمی زەوی کشتوکاڵی وەرگرتووە، بەپێی بڕیاری حکومەتی عێراقی ژمارە (٨٠٦) لە ١٩٧٢/٨/١٣ گرێبەست لە نێوان جوتیارەکان و حکومەتدا کراوە. پێش تاوانی ئەنفالی ساڵی (١٩٨٨) کۆمەڵێک ماڵی ڕاکردوو و کادیر و پێشمەرگە بوون بریتی بوون لە (٣٦) ماڵ بەهۆی جوامیری شەهید مام سلێمانەوە لە گوندی تەپەسپی کۆبوونەتەوە، بەڵام ژمارەی ماڵە ڕەسەنەکانی خەڵکی تەپەسپی (٣٢) ماڵ بوون . لە ساڵی (١٩٨٥) پێش تاوانی شومی ئەنفال بۆ ماوەی (٣) ساڵ قوتابخانە لە گوندی تەپەسپی کراوەتەوە، ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکە لە (٤٨) قوتابی بوون لەلایەن مامۆستایانی شۆڕش بەناوەکانی ( مامۆستا محەمەد تەپەسپی و مامۆستا بەرزان حەمید کفری) وانەیان وتووەتەوە بەدەرلەوە مزگەوتیشی بووە، مەلا عەبدڵای تەپەسپی پێش نوێژی بۆ کردوون. لە دوای ڕاپەرینش قوتابخانە ، بنکەی تەندروستی ، تۆڕی ئاو ، کارەبا و چەوکردنی ڕێگاوبان بۆ گوندەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروستکراوە هەروەها مزگەوتیش لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراوە.

له ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ( ٨٢٣٩) له ٢٠٢٠/١٢/٨ بڵاوبوەتەوە.

## ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی تەپەسپی/ ناوچەی گەرمیان

له ساڵی (١٩٨٨ ) گوندی تەپەسپی وەک گوندەکانی تری کوردستان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، ناوچەی گەرمیان بەتایبەت گوندی تەپەسپی بەدەرنەبووە، لەو شاڵاوە و گوندەکەمان پێش تاوانی ئەنفال (٦٨) ماڵی تێدا ژیاوە، جگە له ماڵە ڕەسەنەکانی گوند چەندین ماڵی پێشمەرگە و ماڵی ڕاکردوو هاتوون لەوێ نیشتەجێ بوون بۆئەوەی خۆیان بپارێزن له چنگی ڕژێمی بەعس. کاتێک کاولکاری گوندەکان دەستیپێکرد خودی خەڵکی گوندی تەپەسپی خاوەنی (١٠٣ ) ئەنفالکراوی هەیە . خاوەنی (١) شەهیدی سەنگەر و (١) شەهیدی دەستی تیرۆر و (٢) شەهیدی مین هەیە، و ئەو ماڵانەی کە ڕایانکردبوون نزیکەی (٣٦) ماڵێک دەبوون و زۆربەیان بەری شاڵاوی ئەنفال کەوتن و هەندیکیان

شەهید بوون و هەندیکیان لانە وازبوون و ئێستا گەڕاونەتەوە ئەو شوێنی نیشتەجێ بوونیان و نووسینەوەی ناوی ئەنفالکراوانە بۆ بە دیکۆمێتکردنی ئەنفال و ناویان لە مێژووی نەتەوەکەماندا ون نەبێت

**ناوی قوربانیانی ئەنفالکراوەکان:**

١. عەزیز حمەئمین عەزیز قەیتولي
٢. مەلەک حوسین عەزیز قەیتولي
٣. نەجات عەزیز حمەئەمین
٤. ئاسکە عەزیز حمەئەمین
٥. ساڵەح عەزیز حمەئمین
٦. محەمەد عەزیز حمەئەمین
٧. سیامەند عەزیز حمەئەمین
٨. رەحمە عەزیز
٩. بورهان محەمەد داود محەمەد
١٠. یازی
١١. زیبا محەمەد داود محەمەد
١٢. عەلی رەشید رۆستم
١٣. حەلاو عەزیز فارس

١٤.سەیوان عەلی ڕەشید

١٥.کاروان عەلی ڕەشید

١٦.ئارەزوو کەریم ڕەشید رۆستم

١٧.ژیان کەریم ڕەشید ڕۆستم

١٨.بەفراو کەریم ڕەشید ڕۆستم

١٩.عاسی ڕەشید رۆستم

٢٠.محەمەد ڕەشید رۆستم

٢١.عەزیز ڕەشید رۆستم

٢٢.نەدیمە حەمید قادر

٢٣.شەونم عەزیز ڕەشید ڕۆستم

٢٤.سەرکەوت عەزیز ڕەشید ڕۆستم

٢٥.سەنگەر عەزیز ڕەشید ڕۆستم

٢٦.رۆستم حمەشریف

٢٧.مەحمود رۆستم حمەشریف

٢٨.ڕەشید ڕۆستم حمەشریف

٢٩.ڕەحمە مەجید ناسر

٣٠.جەیران ڕەشید ڕۆستم

٣١.سەیران ڕەشید ڕۆستم

٣٢.فەوزیە ڕەشید ڕۆستم

٣٣.فەرید ون ڕەشید ڕۆستم

٣٤. محەمەد تۆفیق مەحمود مەولان

٣٥. عەلی حمەئەمین

٣٦. کەریم حمەئەمین

٣٧. قادر حمەئمین

٣٨. لەیلی ئەحمەد مستەفا

٣٩. دلیر قادر حمەئەمین

٤٠. مەریوان قادر حمەئمین

٤١. گەرمیان قادرحمەئەمین

٤٢. خەیاڵ قادر حمەئەمین

٤٣. بێخاڵ قادر حمەئەمین

٤٤. حەمید سالح تۆفیق

٤٥. ساعدە عەلی

٤٦. هەژار حەمید ساڵح

٤٧. سەمیرە حەمید ساڵح

٤٨. هاوکار حەمید سالح

٤٩. ڕۆژگار حەمید ساڵح

٥٠. فەریدە ڕەشید رۆستم

٥١. سەلمە عەلی سەمین

٥٢. شیرین حمەامین  امین

٥٣. عەلی سەمین بارام

٥٤.رەشید عەلی سەمین
٥٥.عائیشە عبول ڕەزاق
٥٦.محەمەد ڕەشید عەلي
٥٧.ئەحمد ڕەشید عەلي
٥٨.ڕێبوار ڕەشید عەلي
٥٩.هاوکار ڕەشید عەلي
٦٠.بەختیار ڕەشید عەلي
٦١.نەجم الدین ڕەشید رۆستم
٦٢.غەریبە حمەئەمین ئەمین
٦٣.سروە نجم الدین ڕەشید
٦٤.لەتیف نجم الدین ڕەشید
٦٥.ئارام نجم الدین ڕەشید
٦٦.بێستون نجم الدین ڕەشید
٦٧.بەکر ئەحمد مەنسور
٦٨.چنار محەمەد مەنسور
٦٩.عومەر ئەحمد مەنسور
٧٠.هونەر عومەر ئەحمد
٧١.شنۆ عومەر ئەحمد
٧٢.مەحمود مەنسور محەمەد
٧٣.مستەفا مەنسور محەمەد

٧٤.خورشيد رۆستم حمه شەريف

٧٥.نەورۆز كامل عەباس

٧٦.شاخەوان خورشيد رۆستم

٧٧.گەرميان خورشيد رۆستم

٧٨.سەيوان خورشيد رۆستم

٧٩.رعده حمەئەمين عەزيز قەيتولي

٨٠.ڕێژاو قادر ئەحمەد كاكە ڕەش

٨١.مەريم محى الدين ڕەشيد

٨٢.شۆخان محى الدين ڕەشيد

٨٣.پەيمان محى الدين ڕەشيد

٨٤.نيهايەت محى الدين ڕەشيد

٨٥.شيما محى الدين ڕەشيد

٨٦.ئيبراهيم عەلى ئەمين

٨٧.عائيشە سالح قادر

٨٨.رەحمە ڕەشيد محى الدين

٨٩.شەكرە عەلى ئەمين

٩٠.نەسرين عەلى ئەمين

٩١.نەجم الدين عەلى ئەمين

٩٢.ناسكە تەيب ساڵح

٩٣.ياسين ڕەشيد ئەحمەد زايەر

٩٤.ڕازیە عەزیز محەمەد

٩٥.رەمزیە یاسین ڕەشید

٩٦.سارا یاسین ڕەشید

٩٧.کوێستان یاسین ڕەشید

٩٨.تەحسین یاسین ڕەشید

٩٩.عوسمان ئەحمد مەنسور

١٠٠. نیگار عوسمان ئەحمەد

١٠١. کوێستان عوسمان ئەحمەد

١٠٢. کامەران عوسمان ئەحمد

١٠٣. حوسین عەزیز قەیتولی

## ناوی شەهیدەکانی گوندی تەپەسپي:

١. شەهیدی سەنگەر

سلێمان ئەحمد عزیز امین (مام سلێمان تەپەسپی)

تێبینی// لە ١٩٨٨/٤/٨ لە گوندی هومەرمل لە شاڵاوی ئەنفال شەهید کرا.

٢. شەهیدی دەستی تیرۆر

سەلام محەمەد تۆفیق مەحمود مەولان

تێبینی// لە قەزایی دوز خورماتوو بەهۆی تەقینەوە شەهید دەکرا.

٣. <u>شەهیدی مین</u>

جومعە مەحمود مەنسور محەمەد

تێبینی// لە ساڵی(١٩٩٢)لە ناحیەی صمود بەهۆی پاشماوەی لوغم و تەقەمنی ڕژێم. بەعسەوە شەهید بوو.


٤. <u>شەهیدی مین</u>

جەمال محەمەد مەنسور محەمەد

تێبینی// لە ساڵی(١٩٩٢) لە ناحیەی صمود بەهۆی پاشماوەی لوغم و تەقەمنی ڕژێمی بەعسەوە شەهید بوو.

لە سایتی ئەنفالستان لە ٢٠٢٠/٧/١١ بڵاوبووەتەوە ز.

## تەیموری ئەنفال .. تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و مناڵە ئەنفالکراوەکان




ناوی تەواوی(تەیمور عەبدوڵا ئەحمەد)ە لە(١٩٧٦/٧/١ ) لە گوندی (هەوارە بەرزە ) لە دایکبووە، بەڵام خۆی بنەڕەتی خەڵکی گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان سەر بەناوچەی گەرمیانە، بەناوی ( تەیموری ئەنفال ) ناسراوە، لە مانگی چواری ساڵی (١٩٨٨) قۆناغەکانی ئەنفال دەستیپێکرد، گەرمیانیش بە ئەنفالی سێ بەناوبانگە و زۆرترین پشکی قوربانی ناوچەکە کەوتووە، دایکی تەیمور بەناوی(سارا محمد محمود) و خوشکەکانی تەیمور بەناوی ( لاولاو، سنور، گێلاس ). کاتێک شالاوی

ئەنفال دەستپێکرد، هەموو خەڵک سەریان لێشیاو بوو، خۆیشیان نەیان دەزانی بۆ کوێ دەچن؟ کاتێک جاشە کوردەکان هاتن قسەیان بۆ خەڵک کرد وتیان: ئێوە هەمووتان دەبەین بۆ ئۆردوگای صمود و لەوێ نیشتەجێ دەبن و زەلامەکان دەبن بە سەربازی ڕژێم، باوکی تەیمور هەرگیز ئەوەی بەلاوە پەسەند نەبوو، دەیوت: من بڕۆم بۆ سەربازی؟ ئەی کێ چاوی لە منداڵەکان بێت و ئیشیان بۆ بکات؟ باشتر وایە: با هەموومان پێکەوە بین، ئەگەر بژین یان بمرین. حکومەتی صدام زۆر دڕندە بوو، ئەوە بوو، لە گوندی (ملەسوورە) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانەوە، دواتر هەموو خەڵکەکەیان خستە نێو ئیڤای عەسکەری و لاندکرۆزەر گڵابە و مەکینەی خۆیان و سەربازی ڕژێم  و جاشە کوردەکان لە نێو سەیارانە جاشێک یان سەربازیک پاسەوانی دەکردن، ئەو مەکینەی تەیمور لە پێشەوە سواری بوو، سایەقەکەی ناوی (عومەر) بوو، مامی تەیمور بوو، سەربازێکی عەرەب پاسەوانی دەکردن، قافڵەکە یەک لەدوای یەک دەڕۆیشت، لە نێو ئەنفالکراوەکان دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە(عافوات) دراوە و دەیانبەن بۆ کۆمەڵگای صمود و لەوێ سەقام گیردەبن، ئەو قافڵە یە نەوەستا ڕۆیشت بۆ

شوێنێک وەک گوندێکی گەورە دەچوو، لەوێ سەربازگەیەکی دووقات لێ بوو، هیچ کەسی تێ نەچوو بوو، ئەو شوێنە پێ دەوترێت ( قەڵای قۆرەتوو ) بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ مانەوە، ئاوێکی گەرمی تەنکەر دەهێنا بەشی خواردنەوەی نەدەکرد  بۆ ئاو خواردنەوە زۆر بێ تاقەت دەبوون ، هیچ جۆرە خواردنێک پێ نەدان، لە ڕووی خواردنەوە هاوکاری یەکتریان دەکرد، جاشەکوردەکان تا قەڵای قۆرۆتوو هاتن و ئیتر نەیان بینیەوە، تراکتۆرەکان و قەڵای قۆرتۆ بەجێان هێشت، هەمووان بە کۆمەڵ دەکرانە نێو لۆریەکانەوە بە کۆمەڵ و سەربازی ڕژێم وەک پاسەوانی هەموو لۆریەکان دابین کرا بوو، تەیمور دەڵێت: من منداڵبوم زۆر دەترسام لەو سەربازانە چونکە چەکدار بوون، دوای سێ کاتژمێر بە سەیارە ڕایانکرد، تا گەیشتینە ( تۆپ زاوا) لەوێ پیاوەکانیان لەژن و منداڵ جیاکردەوە ئەوە زۆر قورس بوو، چونکە من و باوکم زۆربەی کات پێکەوە بوین و هۆگری یەکتر بوین، لە نێو قاعەی تۆپ زاوا ئەوەندە خەڵکیان پێوە کردبوو، تەنانەت ڕێگەی ئەویش نەدەبووە، قاچ ڕابکێشیت، تەیمور زۆر پەرۆشی باوکی بوو، بەنێو قاعەکان دەگەڕان تاگەیشتە کوڕێک بەناوی (عەلی

جیهانیان) هەواڵی باوکی پرسی ئەویش وتی: نەمبینیووە، کاتێک دەڕۆیشت بۆ (ئاو دەست) زۆر نائومێد بوو، گەڕایەوە نەڕۆیشت بۆئەوەی (میز) بکات. گەڕایەوە هەواڵەکەی گەیاند بە دایک و خوشکەکانی هەموویان دەستیان کردە شیوەن و گریان، ئەو ڕژێمە زۆر دڕندە بوو، کاتێ دەڕۆیشتی بۆ (ئاودەست) نەدەگەیشتە ئەوێ یەکسەر دەیانکردە هاوار و دەیان کردنە دەرەوە و چەندین کەس بەهۆی نەبونی شوێنەوە خۆیان پیس ئەکرد، بۆئەوەی ژمارەی قاعەکان بزانن چەند کەس دەبن تەنها یەکەم ڕۆژ ئەوانیان ناونوسکرد، دواتر هەموویان سواری لۆری کران بە کۆمەڵ سواریان کردن، لە نێو لۆریەکە (ماڵی خالۆی عوسمان و منداڵەکانی و تەیمور و دایکی و هەرسێ خوشکەکەی و مالی حاجی حەمەجان و حەوت منداڵیان پێ بوو، ماڵی میمکە مەعسومە و هەر( ١٠) منداڵەکەی و ژنێ تریش بەڕێکەوت هاتە لایان بەناوی (پیرۆز حەسەن مراوەیس) خەڵکی گوندەکەی خۆیان بوو، لە نێو لۆری یەکە تەنها ( ژن و منداڵ و کچی عازەب )یش لەگەڵیان بوو، لۆری کەوتەڕێ زۆر شەکەت و ماندوو بون و تا گەیشتینە(سەماوە) هەر بەسەرجادەی قیر دەڕۆیشتین زۆری پێ نەچوو گەیشتینە

سەرجادەی (گڵ) بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتین دوای ماوەیەک ڕێکردن لە ڕێگە هەمووان دابەزین  بە ( پەڕۆی ڕەش) دەست و چاویان بەسترا، خرانە نێو (سەیارەی موقەبەت) و داخراو هیچ شوێنێکیان نەبینی، تەنها کونێکی زۆر بچوکی تێدا هەبوو، ئەویش هەوایەکی زۆر کەم هات بۆئەوەی تەنها بژین و هیچی تر. نێو سەیارەکە زۆر تەنگبەر و کەم هەوابوو، ئەوانیش ژمارەیان زۆر بوو، بەهۆی نەمانی ئۆکسجین دوو منداڵ لە نێو سەیارەکە مردن، دوای ئەندازەیەک ڕۆیشتین لەوێ دابەزین بۆئەوەی هەوایەکی پاک هەڵمژن،  ئیتر بمرینیش زۆر ئاساییە، لەگەڵ دابەزین ویستیان دوو شەهیدەکە دەربکەن و ئاماژەیان بۆکردن و وازی لێ بینن، دەست و چاویان زۆر شل بەسترابوو، تۆزیک خۆی ڕاتەکاند دەستەکانی کرانەوە و چاوی کردەوە و هەمووانیان خستە نێو چاڵێکەوە وەک گۆڕ وەهابوو، ئەو کاتە گەیشتینە ئەوێ، خەریک بوو، خۆر ئاوابێت، تەمیوریش زۆر بە جوانی تەماشایانی دەکرد، نەیش دەترسا و دواتر بەعەرەبی قسەی کرد و حاڵی نەدەبوو، دەستیان کردە تەقەکردن و هەموویان ڕەمی کرد، دایکی بەری سەری کەوت و سەرپۆشە سپییەکە سەری پەری و خوشکیکی

بەناوی (لاو لاو) بەڕوومەتی کەوت و خۆشکەکەتریشی بەناوی(سنور) دەستی داوە بەر گولەکە وای دەزانی نایبڕێت، تەیموریش بەرشانی کەوت و هەڵسایەوە لە خۆیەوە ڕووبەڕووی سەربازەکە بووە و ئەویش بێ تاقەت بوو بۆیان، دواتر خۆی تورڕدا فڕەمی داوە نێو چاڵکەوە دەست ڕێژی گولەیکرد و فیشەکێک بەر پشتی کەوت کەوتە زەوی و وەها هەستیکرد دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە، دەنگی کچێک ئەهات، وتی: خۆت دەرباز بکە بە هێواشی قسەبکە، دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ئاگای لێ نەما، دوای چەندجارێک هەوڵدان توانیی بەو برینەوە لەو چاڵی مەرگە دەربازی بێت، کاتی تەقەکردنەکە فیشک و مغزن کەوتە سەر زەوی و تەنها یەک شۆفڵێش لەوێ بوو، بۆئەوەی دایانپۆشێت، پێش ئەوەی لە باوکی جیابکرینەوە تەنها(١٥) دیناری عێراقی پێدا، بۆئەوەی خەرجی بکەن، کەلایەکی بەردین و بەردە قەرماسنیکی پێ بوو، دوای ڕزگاربوون، ئیتر ئەو دەشتە لماویمە داوە بەر ڕێکردن و ئیتر هەرلە خۆیەوە دەمووت: باوکم ببینم چۆن بۆی بگێڕمەوە؟ چۆن باوەڕم پێ بکات؟ دوای ڕێکردن شوێن تایەی سەیارەکی دۆزییەوە، ئیتر خۆشحاڵبوو بۆ ئاوەدانی دەڕوات، جارێک ونی دەکرد و

دیسان دەیدۆزیەوە، تاگەیشت بە(دەوارنشین)ێک، پێش ئەوە چەند سەگێک دەستیان کردە وەڕین، بەردێک بەدەستی هەڵگرت ، تەنها ئەوە چەکی دەستی بوو، بۆئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، پیاوێک بەو نیوە شەوە دەرکەوت بەناوی (غانم) زۆر بەلایەوە سەیر و سوڕمان بوو، یەکسەر هەڵیگرت بۆ نێو دەوارەکە و هەمووانی خەبەر کردەوە، دەستیان کردە تیمارکردنی زۆر لەوە دەترسا ئەمانە ڕادەستی بەعس بکەنەوە و دسداشەیەکیان کردە بەری ڕێک پڕ بەری بوو، لە نێو ئەو بیابانە لماویەوە، درەختێک هەبوو بەناوی (عەگوڵ) و ئیتر نازانم چۆن ئەو ئاژەڵانەیان بەخێو دەکرت، دوای تیمارکردن لە نێو دەوارەکە بۆ خۆی خەوت تا ڕۆژ بووەوە، بۆ بەیانیەکەی بردیان بۆ گوندی(ئەلعیشم) سەیارەکە زۆر بەخێرایی دەڕۆیش لە ڕێگا ئەوانیان ڕاگرت وتیان: بۆ خێرا دەڕۆن ؟ ئەوانیش وتیان: ئەو ژنە نەخۆشە و تەیموریان لە ژێر عابەکەی خۆی حەشاردا بوو، بۆئەوەی کەس هەستی پێ نەکات، دواتر کەوتینە ڕێ بۆ ماڵەکەی تریان لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ شاردیانەوە و نەیان دەهێشت بڕوات بۆ نێو کۆڵان بۆ یاریکردن و دوای ئەوە دەرمان و تیمار کردن و

بەتەواوەتی چاک بوەوە بەڵام تا ئەم سات و کاتە بەهۆی نەزانینی زمانەوە نەیان دەزانی چی بەسەر هاتووە؟ کچێکی مامۆستایان بوو، فەرهەنگێکی (کوردی _عەرەبی) کڕی، تەیمور بەکوردی قسەی دەکرد، ئەویش دەیکردە عەرەبي، ووردە ووردە فێری زمانی عەرەبی کرد، ئەو کچە باشە ناوی( کەریمە) بوو، فێری زمان بوو، ئیتر لە حاڵ و ئەحواڵی زۆر بە باشی تێگەیشت و بووە کوڕی ئەو ماڵە ناوی نرا (عەلی) چونکە لە سەر مەزهەبی شیعە بوون، ئامۆژگاریان دەکرد هیچ قسەیەک لە دەرەوە نەکات، تێکەڵاوی منداڵان بوو، کەس درکی بەوە نەدەکرد چونکە ئەو ماڵە دووبنە بوون، هاتوچۆی دەکرد و تیموریان زۆر خۆش دەویست و ماچیان دەکرد و لەدڵی خۆیدا وتی: ڕزگاربێت، ئەو شەوە ئەوە(٥) دینار کردە خێر لەڕێگای خوا و ئەو کارەی جێبەجێکرد، و (١٠) دیناری مایەوە ئەویش لەویَ خەرجکرد، لە ساڵی( ١٩٩١) داوایکرد، بگەڕێتەوە بۆ نێو قەوم و کەس وکاری لە کەلار و ناونیشانی تەواوی پێدان بۆئەوەی کەسێک بێتە دوایدا بۆئەوەی بگەڕێتەوە، یەکی لە عەرەبەکان وتیان: بابگەڕێنەوە بۆ سەربازی هاوڕیَ ی کوردمان هەیە، پیَ دەڵێن: ئەو سەربازە کوردە ناوی ( ئەسعەد حاجی

حوسێن )ە و خەڵکی دسکەرەی شارەزوورە و ئەویش ئاگاداری پیاوێکی کرد بووە بەناوی (کاک صاڵەح) و هەموو ناونیشانێک و زانیارێک گەیاندە شوێنی خۆی و ماڵی مامەکەی لە کەلار و ماڵی میمکەکانی لە ناحیەی سەرقەڵایە، دەبێت ئەم دەنگوباسە زۆر نهێنی بێت و بەهەرحاڵ هەردوو مامەکەی هاتن بۆ سەماوە و تەیمور بۆماوەی ( ٣ بۆ ٤ ) هەفتە لە سەماوە مایەوە، کاتێک ( عەلی و عەزیز )ی مامی گەیشتنە ئەوێ یەکسەر ئەوانی ناسیووە خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕۆیشت خۆیکردە باوشیدا، بەڵام لەو کاتە زمانی کوردی بیرچوو بووەوە، لە گەڵیان هاتەوە بۆ کەلار، دوای ماوەیەک دەنگۆی ئەوە بڵاو بوەتەوە یەکێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان گەڕاوەتەوە و حکومەتیش لە گۆڕەپانەکەدا مابوو، مامەکانی داوایان کرد لە (سەرحەدی خەلیفە یونس) توانی ئەو هەواڵە کپ بکاتەوە چونکە دەستی دەڕۆیشت، دیسان بەهۆی ئەو دەنگوباسەوە دیسان گەڕایەوە بۆ بەغدا و لەوێ بۆ سەماوە ئەو ماڵانە خۆشیان دەویست چونکە منداڵێکی جوان و ڕۆح سووک بوو، زۆر دڵخۆشبوو ئیتر مایەوە تا ساڵی( ١٩٩١) ئیتر بە تەواوەتی هاتەوە، دەنگوباسەکە گەیشتە جەنابی(مام جەلال) لەساڵی( ١٩٩١ )جەنابی (مام

جەلال) وتی: صدام حسێن دادگای دەکرێت، ئەم ڕۆژانەی هەمووی لە پێشچاو بوو، لە ڕێگەی ( مامۆستا عەلی پەڕلەمان ئەوکات ئەندامی پەڕلەمانی کوردستان بوو، هەواڵەکەی گەیاندە هێرۆخان، هێرۆخان سەرەپەرەشتیکرد تا وەکو ( ٣١)ی ئاب بووە پێشمەرگە و لای هێرۆخانیش فێری زمانی ئینگلیزی کرا، هەرکات کەسێکی خارجی و ئەمەریکی بهاتایە، بانگیاکرد وەک شاهیدحاڵێک و لە ڕێگەی تیمێکەوە ناردیانە ئەمەریکا بۆئەوەی بەسەلامەتی بمێنێتەوە، لە ئەمەریکا لە ماڵی" مام جەلال و دکتۆر بەرهەم" مایەوە بەخێویانکرد و ڕۆژێکیش دکتۆر بەرهەم تەلەفونی بۆیکرد وتی: کەسێک هەیە دەڵێت: من ئەوم ڕزگارکردووە، تەمیوریش قایل بوو ڕۆیشت بۆلایان مایەوە، دواتر لە ڕێگایەوە توانی دوو کچی ئەو بنەماڵە ڕابکێشێت بۆ ئەمەریکا بۆئەوەی وەفاداریکی بەرامبەریان هەبێت چونکە خزمەتی زۆریان کردبوو، توانی لە ئەمەریکا (کۆڵن پاوڵ) ببینێت و باسی تاوانی ئەنفالی بۆ بکات، لە ساڵی( ٢٠٠٩ ) بۆ یەکەمجار گەڕایەوە بۆ سەماوە بۆ ماڵیان ئەو ژنەی بووە دایکی نەیتوانی بەرەو ڕوو سەیری بکات و تەنها دەگریا، دواتر چەند جارێک سەردانیان کردووە و هاتۆ و چۆیان پێکەوە


هەیە و جارێکیش ڕۆیشتەوە بۆ سەماوە بۆ شوێنی تێدا ڕەمی کران و کەس وکارەکەی تێدا شەهید کران، پێش ئەوە کەس و کاری خۆی برد  و سوپاسی بنەماڵەی ئەوانیان کرد و پارێزگاری سەماوە بەناوی (ئیبراهیم مەیالی) پێشوازیکی زۆر گەرمی لێ کردن و جێگای باسە ئەو بنەماڵەی کە تیموریان ڕزگارکرد بەناوی(فازل و محمد و حسین) زۆر سوپاسیان کرد، خودی تەیمور وەک: شاهیدحاڵێک لە دانیشتەکانی صدام و دارو دەستەکەی دانیشت باسی نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکانی دەکرد، صدام و دار و دەستەکەی واق و وورِ و سەرسام مابوون چۆن شتی وەها ڕوویداوە؟ لە ڕۆژی ( ٢٠٠٦/١١/٢٧ ) بۆ یەکمجار ڕوو بەڕووی صدام بووەوە نزیکەی (١٠) ساڵێک لە وڵاتی ئەمەریکا ژیانی بردەسەر بۆئەوەی ژیانی پارێزراو بێت،  دواتر هاتەوە بۆ گوندەکەی خۆی بۆیەکمجار خاکی گوندەکەی خۆی ماچ کرد! ئێستایش لە شارۆچکەی کەلار – ڕزگاری نیشتەجییە، دواتەی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان خستە ڕوو: هەرکاتێک مردم لە مەزاری ئەنفالکراوەکان بمنێژن لەگوندی(دێ بنە) بۆئەوەی ڕۆحی تەیمور و ئەنفالکراوەکان تێکەڵاوی یەکتر بێت.

سەرچاوە/کتێبی (تەیمور ..تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منالّە ئەنفالکراوەکان) لەنوسینی (عارف قوربانی) لەساڵی٢٠١٣ لەسلێمانی چاپ کراوە.

لە ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست لە ساڵی (٢٠١٣) بڵاوبووەتەوە.

## عومەری حاجی ئەحمەدی مەنسور

## کاکە عومەر و بنەماڵەکەی لە گێژاوی ئەنفالدا



عومەر ئەحمەد مەنسور لە ساڵی (١٩٥٧) لە گوندی تەپەسپی لە گەرمیان لە دایکبووە، لە ڕووی بژێوییەوە سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە. دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ و دروستبوونی مەفرەزەکانی پێشمەرگە، گوندی تەپەسپی دەبێتە شوێنی پشوودانی هێزی پێشمەرگە، هید عومەریش لە نێو کۆباسەکانی شۆڕش و پێشمەرگە و تفەنگ ژیاوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە خەمی نیشتمانەوە گەورەتر دەبوو، لە

نێو خەڵکی گوندەکەیشدا بەهۆی وریایی و خۆشەویستیەوە پێی دەوترا( کاکە عومەر).  گەر ئەنفال و لێکەوتە خراپەکانی نەبوایە و کاکە عومەر بمایە، ئێستا دەبووە کەسایەتیکی دیار و میلەتێک شانازی پێوە دەکرد. شەهید عومەر ماتۆڕێکی سووری هەبوو، خستبوویە خزمەتی کاروباری ڕێکخستن و پیشمەرگایەتیەوە سوودی زۆری لێ دەبینرا، بەتایبەت لە شەڕەکاندا، بەڵام حەیف ڕەشەبای ئەنفال وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان درەختی ژیانی ئەویش هەڵکەند، خۆی و دوومنداڵ و دوو مامی و دوو برا و سێ برازا و ئامۆزا و خوشکێکی و زۆربەی بنەماڵەکەی بەر ئەو شاڵاوە کەوتن.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٦٦٢) لە ٢٠٢٢/٥/٢٣ بڵاوبووەتەوە.

## حەسەن عەلی سەمین .. تاقانەیەکی تری ئەنفال کوانەوەکەی کوژایەوە!



حەسەن عەلی سەمین بارام له ١٩٤٥/٧/١ له گوندی تەپەسپی سەر بە ناوچەی گەرمیان له دایکبووە. بنەماڵەکەیان بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ خجلبوون، حکومەتی بەعس تەواوی لادییەکانی ڕووخاند و خەڵکەکەی ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عێراق کرد. لە نێو پرۆسەی شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا خێزانەکەی ڕاپێچی نوگرە سەلمان کران. ژمارەی ئەندامانی جینۆساید کراو لە پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال بریتی بوو لە ( ٩) کەس . حەسەن حاجی عەلی باوکی و خوشکێکی و

برایەکی و (٥) برازا  تەنیا خۆی لە پرۆسەی ئەنفال دەربازی بوو، بەهۆی دەربازبوونی کاک حەسەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی شوان بوو، لە دوای ئەنفال هەر بەتەنیا خۆی مایەوە و ژیانی هاوسەرگیری دروست نەکرد و ژیانی بە تەنیایی بردەسەر بۆماوەی ( ٧) ساڵ لەسەر جێگا نەخۆشبوو، لەماوەی نەخۆشیەکەیدا خوشکەزاکەی بەناوی( عەلی حمەئەمین عەمین ) بە جوانی خزمەتیکرد،  لە دوای(٣٢) ساڵ لە چاوەڕووانی هاتنەوەی خێزانەکەی بە دیداری یەکتر شاد ببنەوە، بەڵام ئەفسوس بەو چاوەڕوانی و نائومێدییەوە بۆ هەتا هەتایە ژیانئاوایی لێ کردین. لە شەوی ٢٠٢٠/٧/١٠ لە گۆڕستانی سەیدە لە نزیک ناحیەی ڕزگاری پایتەختی شەهیدان  و ئەنفالکراوەکان بەخاکسپێدرا ئەوەی لە هەمووی خەمناکترە و ئازاری ئێمە دەدات بە تەواوی بنەماڵەیی ( حاجی عەلی سەمین  بارام) کوانووەکەیان کوژایەوە و سروەی لێ بڕا.

لە سایتی ئەنفالستان تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید لە ٢٠٢٠/٧/١١ بڵاو بوەتەوە.

## دەروێش حمەئەمین

## یەکەم ئەندامی کۆمەڵە



حمەئەمین حمەحەسەن سەمین لە ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی هەوارگەڕەقەی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و نیشتیمان پەروەر لە هامێزی گەرمی نیشتیمان سڵاوی لە ژیان کرد. لە نێو کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی بووە. لە دوای هەرەس لە ساڵی (١٩٧٦) لە ڕێگەی حمەئەمین شەربەت و شەهید مام سلێمان تەپەسپی یەوە پەیوەندی

دەکات بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بەناوی قەسابییەوە دەگەڕان و لە هەر لادێک ئەندامێک بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دادەنرا، لەو مەیدانەدا دەروێش حمەئەمین پشکی شێری بەردەکەوێت، دەبێتە یەکەمین ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە گوندی هەوارگەڕەقەی گەرمیان. دەروێش حمەئەمین مرۆڤێکی سەر ڕاست و چەلەنگ بوو. بەهۆی ڕاستگۆییەوە نامەکانی شۆڕش دەخستە نێو سیگاری جگەرەکەیەوە دەیگواستەوە بۆ نێو شارەکانی کفری و کەرکوک. بەهۆی خۆشەویستی شێخ حسێن هەزار کانی یەوە ناوی لێ نرا بوو بە ( دەروێش حمەئەمین). بنەماڵەی حاجی حمەحەسەن بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و خانەدان بوون هەر بۆیە لەو پێناوەدا سێ کوڕی بەناوەکانی ( دەروێش حمەئەمین ، شەهید ئیبراهیم ، کاک محەمەد ) پێشکەش بە نیشتیمان کرد. لە دوای ئەوەی مامەڕیشە لەلایەن کاک سامان گەرمیانی زۆری لێ دەدرێت و لە گوندی کانی عوبێد بەجێ دەهێڵدرێت، دەروێش حمەئەمین هەستی مرۆڤایەتی بەرز دەبێتەوە و بەو خەڵکەکەی گوندی کانی عوبێد دەڵێت: یارمەتی بدەن با بڕوات و بگەڕێتەوە نێو کەس وکاری. لە ساڵی ( ١٩٨٨)

دەروێش حمەئەمین پیاوێکی سادە و گران بوو، لە دوای پرۆسەی ئەنفالی سێ ی گەرمیان  و ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان بۆ نێو شارەکان سەرەڕای ئەوە خۆی و چوار برای لە گوندەکان خۆیان لە ترسی ڕژێم حەشار دەدەن، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ گوندەکەی خۆیان لەگەڵ محەمەدی برایدا بۆئەوەی هەندێ  خۆراک و پێداویستی باری دوو گوێدرێژ بۆ براکانی ببات، لە نزیک گوندی توران دەکەونە نێو قافڵەی جاش و جێشەوە دەستگیر دەکرێن. بەپێ ی ئاژانسەکانی دەنگوباس تا ساڵی ( ١٩٩١) لە شاری کەرکوک لەگەڵ پیاوێک بەناوی ( مام حەمید ) زیندانی دەکرێن ، مام حەمید ئازاد دەکرێت، ئێستایش لە ژیاندا ماوە، دوای ئەوە دەروێش حمەئەمین ڕەوانەی خواروی بیابانەکانی خواروی عێراق دەکرێت، وەک هەزاران خەڵکی بێ تاوان بێسەر و شوێن دەکرێت، ساڵی (٢٠١٩) عەلی دەروێش و گۆران شەهید سیروان لە شاری بەغدا زۆر دەگەڕێن بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی باوکیان بدۆزنەوە، بەڵام هیچیان دەست ناکەوێت. لە دوای دەروێش حمەئەمین باری سەرشانی خاتوو ( گەلاوێژ مەحمود) زۆر قورس دەبێت، بەڵام زۆر ئازایانە منداڵەکانی دەروێش حمەئەمین بەخێو دەکات

بەناوەکانی ( شیرین ، عەتا ، مەریم ، عەلی ، حەیدەر و نەجیبە ) . دوا بەدوای ئەوە کاک عەلی کوڕی پاشگری ناوی دەرویش بەهۆی خۆشەویستی باوکیەوە هەڵدەگریت و دریژە بە خەباتی باوکی دەدات.

چاوپیکەوتن لەگەڵ ( عەلی دەرویش ) کوری شەهیدی جینۆساید " دەرویش حەمە ئەمین" لە ٢٠٢٠/١٠/١٥

# عەتا زێڕینی.. نەمریی لە یادەوەریماندا




عەتا عەلی محەمەد لە ساڵی (١٩٧٣) لە گوندی زێڕینی سەر بەناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. تا قۆناغی خوێندنی سەرەتایی خوێندووە بەهۆی داخستنی قوتابخانەکەیان لەلایەن ڕژێمەوە نەیتوانیووە درێژە بەخوێندن بدات. لە ساڵی (١٩٨٦) لە کەرتی ڕێکخستنی کەلار بووەتە ئەندامی ( ی.ن.ک). لە ساڵی (١٩٨٧) بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی (٥) ی تیپی (٥٣) ی شێروانە. بەشداری شەڕەکانی (١)ی سەرکردایەتی و بەرگری لە ئەنفالی (٣) ی گەرمیان کردووە. لە١٣ /٥ / ١٩٨٨ لەگەڵ ( برایم محەمەد ساڵح و تەهای شەهید مام باپیر ) لە گوندی زەڕێن لەلایەن چەند

هێلکۆپتەرەوە کە بۆ کێومالْکردنی ناوچەکە هەڵسابوون دەبینرێن پاشان هەر ئەو هێلیکۆپتەرانە بۆیان دەنیشنەوە و دەستگیر دەکرێن دواتر بەپێ ی شاهیدحالْەکان لە زیندانەکانی نوگرەسەلمان بینرانەوە.

چاوپێکەتن لەگەڵ ( وەستا ڕەفعت) برای شەهیدی جینۆسایدکراو ( عەتا زێڕینی ) لە ٢٠/١٠/٢٠

## سەردار سابیر

## بە سەرهاتی ئەو منداڵەیی بە تەنیا کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال



سەردار سابیر ساڵح لە ساڵی ( ١٩٧٧) لە گوندی گۆمەشینی سەربە ناوچەی دەشتی کۆیە لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایکبووە. لە پێش تاوانی ئەنفال تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون، باوکی سەردار دێوەخاندار بووە، لە خزمەتی پێشمەرگەدا

بووه. دەشتی کۆیە شاڵاوی ئەنفال لە ٥/٣ دەستیپێکرد بۆ ٥/٨ بە ئەنفالی چوار ناسراوە، بەڵام گوندی گۆمەشین لە ٥/٥ شاڵاوی ئەنفالی پێگەیشتووە لەو پرۆسە ترسناکەوە هەستیان بە ترسناکی تاوانەکە کردووە، لە خێزانەکەیان سێ کەسیان بەر پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال کەوتن ئەوانیش ( سەردار سابیر، محەمەدساڵح ( مامی) و ساڵح ئەحمەد (باپیری). لە کاتژمێر یەکی شەو حکومەتی عێراقی بە جاش و جێشەوە گوندی گۆمەشین وێران و کاول کرد، گوندەکەی سوتێنرا، چوار دەوری گوندەکە بەهێزی سوپای عێراقی درا بوو، دواتر خەڵکەکەی ڕەوانەی سەبازگەی قەڵای هەرمۆتە لە کۆیە کرا، بۆ ماوەی(٢) ڕۆژ لەوێ مانەوە، ئەوانیان بردە ژوورێکی ناخۆش و تەنگەبەرەوە، محەمەد ساڵح ( مامی) لەگەڵ دوو گەنجی تر بەناوەکانی ( غەفور عەباس و عەزیز عەباس) لە پێشچاوی خوشک، برا، دایک ، خەڵک زۆریان لێدان تا ئاستی مردن، مامی سەردار هەر لەوێ ڕەمیکرا، تا ئێستایش نەیوانیووە لە ماڵەوەیان بیدرکێنێت. دوای ئەوە بە ئیفا گوێزرانەوە بۆ تۆپ زاوای کەرکوک لەگەڵ ئەو خەڵکە، هەر لەگەڵ دابەزاندیان کرانە سێ بەشەوە یەکەم گەنجەکان دووەم پیروپەکەوتەکان سێ

یەم ژن و منداڵ. لە تۆپ زاوا باپیری لە سەردار دابڕێنرا، تێکەڵی ژن و منداڵەکان کرا، لەگەڵ خەڵکی گوندی گۆمەشین لە تۆپ زاوا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ مایەوە، لە نیوە شەوێکی درەنگدا خەڵکی گۆمەشین گوێزرانەوە بۆ شوێنێکی نادیار ، سەردار و خالد محەمەد نەجم خەڵکی چەمچەماڵ نێردران بۆ قاعەیەکی تر، ئەو قاعەیە زیاتر خەڵکی گەرمیانی لێبوو، لەو قاعەیە گەنجێکی بە هیمەت بەناوی ( سەلام عەبدوڵا غەفور) هاوکاریکی زۆری سەرداری کرد لە ڕووی معنەوییەوە دەیوت: هیچ خەم مەخۆ ئێمە هەمووومان برا و کەسی تۆین، بە قسە زۆر دڵخۆشیکردبوو، لە ڕووی کۆکردنەوەی پارەو و پەیداکردنی خواردن بووە فریاد ڕەسێک بۆ سەردار. کاتێک سەردار ڕۆیشتە ئەو قاعەیە لەلایەن زیندانیەکانەوە پێشوازێکی زۆری لێکرا لەبەرئەوەی منداڵێک بەبێ دایک و باوک و هیچ کەسی لەگەڵدا نەبوو، زۆر دڵنەواییان دەکرد، هەموو زیندانەییەکان ڕەوانەی دوبز، نوگرە سەلمان، عەرعەر و سەماوە، بەڵام سەرداریان خستە قاعەیەکەوە پیان دەوت (متەفەریق)ە. سەردار لەگەڵ ئەفسەر و عەسکەرەکانی ئەوێ قسەی دەکرد و دەیووت: من خەڵکی شارم و بە ناهەق گیراوم و قسەیدەکرد چونکە

کرانەوەی زیاتری بەخۆیەوە بینبووە، بەهۆی ترسەوە ئیفادەی قسەکانی گۆڕی وتبووی من خەڵکی گوندی گۆمەشینم چوار دەوریان بە تەنیا گرت لە بازگەیەکی سەربازی لەسەر جادەی گشتی ( کەرکوک – بەغدا) . ژمارەیەک مەنشئە ڕاوەستابوون خستیانە نێو یەکێک لەو مەنشئانە ئیتر لە گەڵ خەڵکی گەرمیان یەکیان گرتەوە. لە نێو مەنشئە بە تەنیا مابیەوە زۆر گریا و هاوار و داد و بێدادی کرد، خەڵکی نێو مەنشئەکە و دوو پاسەوانی ئیستغبارات ئەوانیش بێزارکرد بوو، ئەفسەرێک بەناوی ( ڕائید تەحسین) لە مەبەستی سەردار تێگەیشتبوو ، هەوڵیدا ئازادی بکات، دوای ئەو هەموو گریان و ناڵە نەقیبێکی عەسکەری گوێچکەکەی توند گرت و وتی: دەتەوێت بمرێت ئێستا لەو پەنجەرەوە فرێت دەدەمە خوارەوە، ئەوسا زانی ئیتر هیچی پێناکرێت بێدەنگ بوو، دوای (١٦) کاتژمێر ڕێکردن زۆر ماندوو بوو، خەوی لێکەوت لە دەنگە دەنگە خەبەری بووە، ئەوکات زانی ئەوێ زیندانە شەوێک لە قاعەیەکی بچوکی تەنگەبەردا مانەوە، خەڵکی بە تەمەنی زۆر تێدا بوو، لە وەرزی هاویندا لە چلەی گەرمادا لەدەرگاکەوە دیمەنێکی زۆر سەرسوڕهێنەری بینی، ئەویش پیرەژن و پیرەپیاوێک بوو

، پیرە پیاوەکە قات و چۆغەی لەبەردا بوو، سەرقاتەکەی داکەند بوو، هەموو پراسووەکانی هاتووە دەرەوە بەهۆی برسیتییەوە! ئینجا گوێزرانەوە بۆ قاعەیەکی تر بۆ ماوەی چوار ڕۆژ مایەوە لای ژنێک بەناوی ( ئاسکە کەریم هیبەت) دڵی زۆر تەنگ بوو، دوای ئەوە چاویکەوت بە ژنێک بەناوی ( حاجی خاوەر خەڵکی عەزیز قادر) ی سەربە ناوچەی گەرمیان ئەوانیش بەماڵ و منداڵەوە لە هەمان قاعەدا زۆر دڵی پیانکرایەوە بۆ ماوەی سێ مانگ لایان مایەوە خزمەتی زۆری لێکرد و جیاوازی لە نێوان منداڵەکانی خۆی نەدەکرد. هەر لە نوگرە سەلمان هەواڵی باپیری کۆچی دوای باپیری زانی و لەوێ نێژراوە، بڕیاری ئازادکردنی کۆمەڵێک ژن و منداڵ و پیرە پیاو درا بوو، بەڵام ئەفسەرکە بەناوی ( ڕائید تەحسین) بەڵێنی بە "سەردار" دا بوو هەوڵبدات ئازادی بکات زۆر بە دوایدا گەڕا تا دۆزیەوە، پیاوێک بەناوی ( مام مهدی) بەڕێوەبەری قاعەکەیان بوو، نوگرەسەلمان زیندانی تایبەتی حەجاج بوو جگە لەخۆی کەس مافی هاتنە دەرەوە و چوونە ژوورەوەی نەبوو، ئەو ڕۆژەی ڕائید تەحسین سەرداری لە زیندان ئازاد کرد، قەدەری ژیان وابوو، حەجاج لەوێ نەبوو چونکە لە حەجاج زۆر

دەترسا، ئەو ئەفسەرە  بەهۆی ئازادکردنی سەردار لە زیندان، دوای ئەو سەرداریان هێنا بۆ سەماوە لە نزیک بیابانی عەرەبستانی سعودی دوای ئەوە دیسانەوە ڕەوانەی تۆپ زاواکرایەوە بۆ ماوەی ( ١٥) ڕۆژ مایەوە، ئینجا ڕادەستی دائیرەی ئەمنی کەرکوک کرایەوە، لە ژووریکی تەنگ و تاریک و هیچ کەس پرسیاری لێ نەدەکرد دوای چەند ڕۆژێک  بە ئۆتۆمبیلێکی داخراوی زیندانی لە ناو بازاڕی کەرکوک بەیەکجاری ئازادیان کرد، ئەوکات سەردار تەمەنی( ١١ )ساڵ بوو، ئەو کوڕە فریادڕەسەی پێشتر وتمان ناوی ( سەلام عەبدوڵا غەفور) خەڵکی ناوچەی کوڵەجۆی زەند ئاباد بوو ، پێشتر لە نوگرە سەلمان بڕێک پارە و یارمەتی باشی بۆ کۆکردووە هەر بەو پارەیە یەکسەر تەکسیەکی بەکرێگرت بۆ شاری هەولێر، لە هەولێر لەگەڵ گەیشتنی کۆمەڵێک منداڵ و خزمی خۆیان دۆزیەوە ئەوانیش خزمەتێکی باشیانکردبوو، دواتر بردیان بوو بۆ ماڵی خاڵۆی بەناوی ( سەید جەلال عەبدول عەزیز)  شەوێک لەوێ مایەوە حەمامی کرد و جلی جوانیان لەبەرکرد بۆ بەیانیەکەی خاڵۆی سەردار تەکسیەکی بەکرێگرت بۆ شاری کۆیە، ماڵی باوکی سەردار لە گوندی گۆمەشینەوە هاتوەنەتە

شاری کۆیە و خانوویکیان بەکرێ گرتبوو، لە دوورەوە دایک و خوشکی بینی خەریکی نانکردن بوون بە پەرەمێز هەروەها مامی و نەنکی دانیشتبوون. خاڵی سەردار بەناوی "سەید جەلال" بانگی خوشکی کرد وتی: تۆ ئەو پەرەمێزە بکوژێنەوە، سەرداریش لە پشت دەرگای حەوشەوە شارد بووە بۆ ئەوەی نەیبینن، دایکی سەردار پەرمێزی نانە کردنەکەی کوژاندەوە، لەسەربانەوە وتی: دە وەرە سەرەوە ئەویش وتی نەخێر وەرە بۆ ئێرە دیاریکم بۆت هێناوە، دایکی سەردار هات بۆ دەرگای حەوش سەید جەلال سەردار بە هەردوو دەست گرت وتی: ئەوە دیارییەکەیە بۆتم هێناوە، ئیتر سەردار و دایکی یەکتریان لە ئامێز کرد بەیەکتر شاد بوونەوە، ئەو شادی و خۆشی یە دوای حەوت مانگ بۆ خێزانەکەیان گەڕایەوە. ئەو گەڕانەوە بۆ سەردار هەم خۆشبوو بەدیداری خێزانەکەی شاد بووە و هەمیش ناخۆشبوو چونکە مامی لە قەلای هەرمۆتە ڕەمیکرا، و باپیری لەنوگرە سەلمان کۆچیدوایکر،د نەیدەزانی چۆن ئەم پەیامە بگەیەنێتەماڵەوە! چونکە ئەوان لە خێزانەکەیان سێ کەسبوون بەتەنیا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دوای ئەوە دەنگوباس بڵاو بووە کە ئەنفال گەڕاوەتەوە خەڵک دەهات بۆ

پرسیارکردن ئەمەیش بەپێی ئاستی زانیاری خۆی وەڵامی دەدایەوە، لەساڵی ( ١٩٩٦) لەگەڵ خاتوو ( زولفە عومەر قادر) ژیانی پێکەوەنا و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە بریتییە لە ( سیڤان، ئاڤان و دانیار ) هەر بەمەیشەوە نەوەستاوە سەرەڕای سەختی ژیان و دابین کردنی بژیوی ژیان هیوای بەرنادات، لە ساڵی ( ٢٠٠٦) دەستدەکاتەوە بە خوێندن لە ساڵی ( ٢٠١٨) یاسای گشتی لە زانکۆی قەڵەم لە کەرکوک تەواوکرد ، بەدەرلەوە لە ساڵی( ٢٠٠٤) بووەتە کارمەندی ئاسایش لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە کۆیە بۆ ماوەی ( ١٧) ساڵە وەک ڕێپدراوی(٧) خزمەت دەکات.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٨٢٢١) لە ٢٠٢١/١/٢١ بڵاوبووەتەوە.

# داستانی تازەشار

## چالاکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی ی.ن.ک و حزبی شیوعی لە ئەنفالدا




کە ئۆپراسیونەکانی ئەنفال دەستیپێکرد، هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چەندین شوێن ڕووبەڕووی هێزی دوژمن بوونەوە، یەکێک لەو شوێنانە ناوچەی گەرمیان بوو، قۆناغی سێیەمی ئەنفال کە تیایدا ڕژێمی عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەکانی گەرمیان، بە زەرەمەندترین قۆناغی دادەنرێت بەلای خەڵکی کوردستانەوە، بەلای پێشمەرگەشەوە تابڵیی سەخت و دژوار بوو، سەرپایی دوژمن لە هەرچوارلاوە لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگری دەبارانده سەر گوندەکان و

دانیشتووانەکەی و دەستیان لە هیچ نەدەپاراست. پێشمەرگە قارەکانەکانی حزبی شیوعی عێراق و یەکێتی لەبەرپەچدانەوەی سوپای ئەنفال، داستانی هاوبەشی شەهیدبوون و شانازییان تۆمارکرد و لە شەڕەکانی : باوەکر، نەوجول، قادرکەرەم، خورماتوو، تالآو، تازەشار ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێم بوونەوە. هەردوو هێزەکەی یەکێتی و شیوعی لە سەرەتای مانگی ٤ی ١٩٨٨ لە گوندی تازەشار سەنگەری بەرگرییان لێدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای داگیرکەری عێراق، ئەو پێشمەرگانە بە گیانبازی و قارەمانیەتی خۆیان توانیان بگەنە بەرزاییەکانی سەرووی ئاوایی تازەشار تا لە گەیشتنی سوپای دوژمن دەستێکی باشیان لێ بوەشێنن، هێزەکانی ڕژێمیش بە تانک و زرێپۆش و ڕاجیمە و هاوەن و چەکی جۆراوجۆر دەستیانکرد بە ئاگربارانی ئاوایی تازەشار، هەریەک لە هاوڕێ ملازم سامی فەرماندەی هێزەکەی شیوعی و کاک نازم بچکۆل فەرماندەی هێزەکەی یەکێتی( فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان ) بوون، بڕیاری بەرگریاندا و بەرنامەیان دانا تەقە لە دوژمن نەکرێت تا نزیک دەبنەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ هێزەکەی ڕژیم تەواو نزیک بووە و

بەپێی بەرنامەی هەردوو فەرماندە گورزێکی کەمەرشکێن لە دوژمن درا و سەرەتا دوژمن لەبەرامبەر قارەمانیەتی پێشمەرگە خۆیان پێ ڕانەگیرا، بەڵام شەڕەکە درێژەی کێشا و هێندە نابەرامبەر بوو، مەگەر هەر پێشمەرگە بتوانێ ڕووبەڕووی هێزێکی ئاوا زۆر و پڕ لە چەک و تێر وتەسەل بێتەوە، ئەفسەرێکی کڵاو ڕەش دەکوژرا، یەکێکی تر لە پشتەوە تەقەی لە پێشمەرگە دەکرد، تانکێک بە گوللەی ئاربیجی پێشمەرگە دەسوتێندرا، تانکێکی تر دەهاتە شوێنی، بەدەرلەوش زیاتر لە (١٠) هێلیکۆپتەر و دوو فرۆکەی هەنتەر هێزەکانی پێشمەرگەیان ئاگرباران دەکرد، لەگەڵ ئەوشدا ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە هەر لە برەودا بوو، غالب عەبدوڵا فەرماندەی مەفرەزەی یەکێتی لە گردەکەی سەرووی تازەشارەوە لەگەڵ چوار پێشمەرگە دوژمنیان بە بیکەیسی و ئاربیجی هەراسان کرد بوو، لە سوتاندنی زرێپۆش و سەغڵەتکردنی کۆپتەر و کوشتنی سەربازی دوژمن ڕۆڵی گرنگیان گێرا، قارەمانیەتی ئەو پێشمەرگانە هێزەکانی دوژمنی تەواو شپرزە کرد بوو، بۆیە دوژمن وناچار بوو بە دوای دەستنیشانکردنی شوێنەکەیاندا بگەڕێن تا بیدۆزنەوە و هەڵیان کەنن، ئەوە بوو پاڵە پەستۆیەکی زۆریان

خستەسەر غالب و هاوڕێکانی، ئەوانیش ناچاربوون سەنگەریان گۆڕی و پاشەکشیان کرد، دواتر غالب هەردوو قاچی شکا بە سەختی بریندار بوو، پێشمەرگەکان هاوڵیاندا بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە، بەڵام بێسود بوو، هێزەکانی ڕژێم بە خێرایی لە پێشڕەویدا بوون و گەیشتنە سەر غالب و شەهیدیان کرد. لەبەیانییەوە تا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو، بەڵام هێزەکانی رژێم نەیانتوانی بگەنە نێو ئاوایی تازەشارەوە، لە دوای نیوەڕۆ شەڕەکە بەجۆرێک گەرمتر بوو کە پێشمەرگە و زرێپۆش سیرەیان لەیەکتری دەگرت، لەخوارووی ئاواییەوە هاوڕێ ماجد سیرەی لە زرێپۆشێک گرتبوو ، زریپۆشەکەیش لەوی گرتبوو و دواجار ماجد پێکرا شەهید بوو. لە ڕاستیدا پێشمەرگە نەیدەزانی تەقە لە چی بکات! لوولەی تفەنکەکەی بکاتە سەرباز یان جەیشی عێراقي، کۆپتەر و هەنتەر یان دەبابە و زرێپۆشەکان، لە هەموو ئەوانەش ناخۆشتر ئەو هێزە زۆرەی جاش و خۆفرۆش بوو کە بەگژی پێشمەرگەدا دەچوون. هێزەکانی ڕژێم بە پاڵپشتی سەدان جاش و سەرباز و هێزی ئاسمانی و نزیکەی (٤٠) تانک گەمارۆی تازەشاری دا، جگە لە توولە ڕێگەیەک نەبێت

بواری دەربازبوون نەما، بۆیە لە کتوپڕێکدا بڕیاری پاشەکشێ دراوە، بە هەموو جۆرە چەکێک ڕووی چەکەکانیان کردە شوێنی پاشەکشێی پێشمەرگەکان لە ناو تاوێرەکان، لەسەرکانییەکەوە تا سەر گردەکە ڕێک وەک کورەی ئاسنگەر گڕی گرتبوو، لە دەرئەنجامی ئەو پاشەکشێیە (٢٠) پێشمەرگە شەهید بوون، دوای ئەوە هێزەکانی دوژمن تەرمی شەهیدەکانیان بردە لای مزگەوتی تازەشار، پاش دوو سەعات مانەوە، ئاواییەکە بەتەواوی کەوتە دەست هێزەکانی ڕژێم  بە تەواوی داگیرکرا، لە بەرزاییەکانی رۆژئاوای ئاواییەکەوە بوون بەهۆی سەختی خاکەکەیەوە، ئەو پێشمەرگانەش لە شەڕەکە دەربازیان بوو( ئاوات گوڵپیی و هاوڕێ دەرسیم و کەماڵ حمە بەکر سەعید) بوون، ئەوانی تریش لە سەرووی ئاوایی تازەشار بوون بە ناوەکانی( هاوڕێ ئەحمەد مەجید، بەهمەن سەید هەیەر، پێشمەرگەیەکی تر لە بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حیزبی شیوعی) ڕزگار بوون. ئەنجامی شەڕەکەی تازەشاری بناری گل لە گەرمیان، بە شەهیدبوونی (٢١) پێشمەرگەی قارەمان کۆتایی هات کە (٨)یان لە هاوڕیانی حزبی شیوعی و (١٣)یان یەکێتی بوون.

❖ شەهیدانی داستانی تازە شار، کەرتی (١)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان ئەم شەهیدانە بوون:

١. نازم بچکۆل (فەرماندەی کەرت)
٢. برای شەهید نازم (پێشمەرگە)
٣. نیزام ئەحمەد ڕەمەزان (جێگری فەرماندەی مەفرەزە)
٤. هونەر (جێگری فەرماندەی مەفرەزە)
٥. مامۆستا نەجات حەفتە غاری (پێشمەرگە)
٦. ئیحسان کانی قادری (فەرماندەی مەفرەزە)
٧. حەمید ئەحمەد ساڵح (پێشمەرگە)
٨. هەڤاڵ ئاوباریکی (پێشمەرگە)
٩. ئەحمەدە سوور (پێشمەرگە)
١٠. یاسین سەعدون سەعید (جێگریفەرماندەی مەفرەزە)
١١. سەبار کانی قادری (پێشمەرگە)
١٢. شێرزاد بەچە (پێشمەرگە)
١٣. مام عادل تازەشاری (پێشمەرگە)
١٤. ملازم سامی (جێگری فەرماندەی بەتالیونی چواری شیوعی)
١٥. مام ئاشتی (رابەری سیاسی لق)
١٦. هاوڕێ ماجد (سەرپەل)
١٧. عامر عەرەب (فەرماندەی مەفرەزە)

١٨. تارق کانی قادری (پێشمەرگە)

١٩. عەدنان کانی قادری (پێشمەرگە)

٢٠. عەبدولا هەیەرە سووری (پێشمەرگە)

٢١. عەلی عەرەب (ئیدارەی لق)

سەرچاوەکان:


١/ لە کتێبیی " هەیەرەسوور و ئەنفال و یادەوری پێشمەرگەیەک" لە ساڵی (٢٠٢٠) چاپی یەکەم لە هەولێر، لاپەڕە ( ٩٠ – ٩٨) لە نووسینی: ئەحمەد مەجید.

٢/ لە کتێبی پارتیزانێک لە نێو گڕو گڵپەدا، چاپی یەکەم ساڵی ( ٢٠٢٠) لە ئێران لە نوسینی : ڕەشید عەلی سەعید.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ( ٨٥١٧) لە ٢٠٢١/١١/٢٢ بڵاوبووەتەوە.

# بەشی چوارەم

# زیندانی سیاسی و لە سێدارەدان

## سەید محەمەد..دوای ڕووداوەکەی ئەشکەوتی داری خلە چی ڕوویدا؟




محەمەد محی الدين ناسراو بە ( سەید محەمەد ) لە ساڵی ( ١٩٤٧) لە قەزای کفری لە دایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، لەئامێزی خێزانێکی ئاینی و نیشتمانپەروەردا گەورە بوو، لە ساڵی ( ١٩٧٦) پەیوەندی کردووەتە کۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی ڕەنجەدرانی کوردستانەوە، لە شاری کەرکوک. ئەندامێکی چالاک و چاوقایمی ڕێکخستنەکان بوو، پلەکانی ڕێکخستنەکانی

بڕیووه لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە کفری. توانایەکی باشی هەبووە لە کاری ڕێکخراوەیدا، لە ماوەی خەباتی نهێنیدا یەکێک بوو لە کادیرە سەرکەوتوو و پڕ بەرهەمەکان لە سنوری گەرمیان. ساڵی (١٩٧٩) شاری کفری جێدەهێڵێت و ماڵەکەی دەباتە ناوچە ڕزگاکراوەکان و لە گوندی( تەپەسپی) گەرمیان جێگیر دەبێت. ئیتر هەم وەک کادیری سیاسی و وەک پێشمەرگەیەک درێژە بە خەبات دەدات ڕۆڵی باشتر دەگێڕێت بە تایبەت لە بواری ڕێکخستن و کاری سیاسیدا، لە بارودۆخی دوای ساڵی ( ١٩٨٨) دا وەک لەگەڵ شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری درێژە بەخەباتی پارتیزانی دەدات لە سنوری گەرمیان، پارتیزانەکان چەندین مەلجە و ئەشکەوتیان هەبوو  بۆ خۆپاراستن لە کیۆماڵکردنی لە کاتی گەڕانی هێزەکانی دوژمندا، لەو قۆناغەدا سەید محەمەد چ وەک کادیرێک و چ وەک پێشمەرگەیەک ر َۆڵی گرنگی دەگێڕا، لەو دۆخە سەختەدا، کە ڕژێم بەردەوام سەرقاڵی گەڕان بوو بە دوای پارتیزانەکاندا، سەید محەمەد بۆچونی وابوو تا یەک بست خاک بمێنێت نابێت سەنگەری خەبات چۆڵ بکەیت، ئەو یەکێک دەبێت لە پێشمەرگەکانی بنکەی ئەشکەوتی( داریخلە) بە پێی کاتی دیاریکراو لە کاتژمێر( ٥:٣٠)

ئێوارەی ١٩٨٩/٢/١٩ لەگەڵ حمە سۆران دەچنە سەر بەرزایەکی نزیک ئەشکەوتەکە بۆ پەیوەندیکردن بە بنکەیەکی دیکەوە لە ڕێگەی جیهازەوە، بەڵام لە پڕ دەنگێکێک دەبیستن، بە خێرای بەرەو ئەوێ ڕادەکەن و دەبینن ئەشکەوتەکە داتەپیووە بەسەر پێشمەرگەکاندا، کە ژمارەیان حەوت کەسبوو و بەو هۆیەوە هەموویان شەهید بوون. هەرچەندە ڕۆژی دواتر تەواوی مەفرەزە پارتیزانەکان دەگەنە ئەوێ بەڵام دەرەتانی هەڵدانەوەی ئەشکەوتەکەیان نابێت. سەید محەمەد درێژە بە خەباتی خۆی دەدات تا لە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/١ بۆ ئەنجامدانی کاروباری ڕێکخستن چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ئەندامێکی ڕێکخستنەکاندا دەڕوات بۆ سنوری قەزای کەلار، بەڵام بەهۆی پیلانێکی بۆ دارێژراوە دەهێننە نێو ماڵێکەوە ڕژێمی عێراقی لێ ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام لە ئەنجامدا دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی ئەمنی عامەی بەغدا دەکرێت و ڕۆژی ١٩٩١/١/١٧ لە سێدارە دەدرێت، تراژیدیای چیرۆکی ژیانی ئەم تێکۆشەرە هەر ئەوەنییە کە خۆی شەهید دەکرێت، بەڵکو زیاتر ئەوەیە هەریەک لە هاوسەر و شەش جگەرگۆشەکەی کەوتنە بەر ئۆپراسیونەکانی ئەنفال و شوێنبزر کران.

له ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٥٨٨٧) له ٢٠٢٢/٢/١٤ بڵاوبووەتەوە.

## حاجی سیروان .. شەهیدی دەستی خیانەت



سیروان ئەحمەد محەمەد ئەمین ناسراو بە ( حاجی سیروان)، ساڵی ( ١٩٥٢) له خێزانێکی خانەدانی شاری کفری له دایکبووه و دەرچووی قۆناغی سەرەتاییه، ساڵی

(١٩٧١) بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ( ١٩٧٤) بە خێزانەوە ڕوو دەکەنە ئێران لە ئوردووگای ئەنزلی نبشتەجێدەبن، ساڵی ( ١٩٧٧) پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی (ی.ن.ک) باڵی سۆسیالیست، ساڵی (١٩٨٢) لە گوندی (بەردەسووری کۆن)ی کەلار بە ئەنجومەنی گوند هەڵبژێردراوە، ساڵی ( ١٩٨٨) لە سەروەختی ئەنفالدا لە ئۆردوگای سمودی ئەوسا نیشتەجێ دەبن، بەڵام بەردەوام بووە لە خەباتی ڕێکخستن، هاوکار پارتیزانەکانی گەرمیان بووە بە تابیەت شەهیدان ( سەید محەمەد محی الدین و مەلا ئەحمەد کەلاری)، سەید محەمەد دوای دەربازبوونی لە ئەشکەوتی داری خلە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ماڵی شەهید حاجی سیروان لە ئۆردوگای سمود ماوەتەوە بەداخەوە، بەهۆی هەواڵدانی خەڵکی ناپاک بە ئەمن، سەید محەمەد لە نێو شای کەلار دەستگیردەکرێت، دوای ئەوەیش حاجی سیروان لە ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٢١ لەلایەن ئەمنی کەلارەوە دەستگیر کراوە، ڕەوانەی ئەمنی عامەی بەغدا کرا، لە ئەنجامی ئازار و ئەشکەنجەی زۆردا شەهید کرا و تەرمەکەی نەدرایەوە کەس و کاری.

له ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٠٢١/١٢/٢٧ بە ژمارە ( ٨٥٤٧) بڵاوبووەتەوە.

## ئەحمەد بازۆکە.. جوامێری نێو زیندانەکانی ئەبوو غرێب بووە !



ئەحمەد عەزیز حەسەن لە ساڵی (١٩٥٥) لە قەزای کفری لە شاری ئەنجومەنی وەزیران سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و زەحمەتکێش لە هامێزی گەرمی نیشتیمان لە دایکبووە. لە ساڵی (١٩٨٠) پەیوەندیکردووە بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی کوردستان – عێراقەوە.

له ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندیکردووە بە بەتالیۆنی (٤) ی گەرمیانەوە بووەتە پێشمەرگە. لە سەرەتای پێشمەرگایەتی تفەنگێکی پێ بووە بەناوی ( بازۆکە) ئینجا بەناوی ( ئەحمەد بازۆکە) دەناسرێت. عەزیز حەسەن باوکی" ئەحمەد بازۆکە" وەک پشتیوانێکی معنەوی گەورە لە پشتی کوڕەکەی وەستاوە، هاندەری بووە لە درێژەدان بە خەباتی چینایەتی و بەرگریکردن لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. لە دەیان داستان و قارەمانیەتی بەشداری کردووە وەک شەڕەکانی باوەکر و تازەشار و چالاکیەکانی سنوری ناوچەی داودە. لە ساڵی (١٩٨٨) لە شەڕی بەرگری ئەنفال یەکێک بووە لەو پێشمەرگە قارەمانەی وەک قەڵغانێک لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی بەعس ڕووبەڕوویان بووەتەوە. لە دوای تاوانی شوومی ئەنفالی (٣)ی گەرمیان لە ١٩٨٨/٥/٧ بە سەرپەرەشتی ( مامۆستا عەلی ڕوسی ) بەرپرسی بە تالیۆنی (٤)ی گەرمیان بڕیاری مقامەت و مانەوە وەک پارتیزان لە سنورەکەدا بمێننەوە. ئەو سنورەی ئەحمەد بازۆکە وەک بەرپرسیی عەسکەری گەرمیان بڕیاری پارتیزانی تێدا دەدەن لە چوارشاخ، کوڵەجۆی زەنگ ئاباد و ناوچەکانی زەنگەنە و لە هەر شوێنێکی تر کە شارەزایی تەواویان لە

ناوچەکەدا بوایە و کاری پارتیزانیان تێدا کردووە. ئینجا دواتر بۆ ئەوەی لینکەیەک لە نێوان شار و شاخ دروست بکات ، ژیانی خۆی و هاوڕێ پێشمەرگەکانی باشتر بکات چونکە پێشمەرگە پێویستی بەخواردن و جل و بەرگ و پێداویستی  لە هەمان کاتدا ویستی لە نێو شارەکان بوژاندنەوەی ڕێکخستنەکان لە ئەولەویەتی کارکردنیدا بووە. هەر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی یەوە ئاگادار کرایەوە فلان هاوڕێ لە ژێرەوە گومانی لێدەکرێت پەیوەندی بە ڕژێمی بەعسەوە هەیە،  ئەحمەد بازۆکە ویستی دوای ئەنجامدانی چلاکیەکانی نێو شار لە ڕاست و دروستی هەواڵەکە بکۆڵێتەوە، بەڵام لەو کات و ساتەدا دەرفەتی بۆ نەگونجاوە، کاتێک ئەحمەد بازۆکە دەگاتە نێو ناحیەی سمودی جاران لەسەر پردێک لەگەڵ ئەبوو ڤیان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی گەرمیان سواری ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆفەرێک دەبن، پێش ئەوەی بگاتە سەر پردەکە خۆفرۆشەکە ئۆتۆمبیلەکە لێ دەخوڕێت و  لایت دەکاتەوە و دەیکوژێنێتەوە وەک ئاگادار کردنەوە لەو کاتەدا ئەحمەد بازۆکە دەڵێت: بۆ وا دەکەیت؟ خۆفرۆشەکە دەڵێت: بە گۆڕی شەهید کاوە هیچ شتێک لە ئارادا نییە. ئیتر ئەحمەد بازۆکە هیچ گومانی لەوە نامێنێت هەواڵەکە ڕاستە و

دەستبەجێ دەمانچەیەکی چواردە خۆری پێ دەبێت، دوو فیشەکی پێوە دەنێت پێش بریندار بوونی تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە و بە سزای گەل و حیزب دەگەیەنێت، سەرانی ڕژێم دەیدەنە بەرێژنەی فیشەک تا فیشەکی پێ دەمێنێت بەرگری دەکات ئینجا بەهۆی سەختی شەڕەکەوە بریندار دەبێت و باڵێکی دەشکێت و توانای جوڵەی نامێنێت بەدەرلەوە زۆر ئازایانە پەلاماری ڕوومانەیەک دەدات بۆ ئەوەی بیتەقێنێت بە دەستێکی ڕومانەکەی دەگرێت و قوڵفی ڕومانەکەی بەدەم ڕادەکێشێت تەنانەت دەمیشی هەڵدەتلیشێت یەکسەر سەرانی ڕژێم دەگەنە سەری و ڕوومانەکەی لێ دەسەنن و دەستگیری دەکەن ، سەبارەت بە ئەبوو ڤیان لە کاتی کەوتنە  بۆسەکە دەرگای ئۆتۆمبیلەکە دەکاتەوە و هەر لەوێدا شەهید دەکرێت. دوای دەستگیرکردنی ئەحمەد بازۆکە  ڕەوانەی زیندانەکانی ئەبوو غەریب دەکرێت. لە نێو زیندانەکانی ئەبوو غریب ئەحمەد بازۆکە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەسەر یەک وشە اعتراف لەسەر ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکان و ماڵە شیوعیەکان نادرکێنێت. لە نێو زیندان لەگەڵ " کاک سیامەند تاهیر" کادیری ڕێکخستنی (ی.ن.ک) بەهۆی کاری سیاسییەوە دەستگیر دەکرێت لە

یەک ژوور بەیەکەوە دەبن و دەڵێت: ئەحمەد بازۆکە جوامێری نێو زیندانەکانی ئەبوو غریب بووە وەک قەڵایەک لە وورە بەرزی و قارەمانیەتی سەیرمان دەکرد، ڕژێمی بەعس وێڕایی توند وتیژی لە ڕادەبەدەری لە هەمان کاتدا ڕێکخستنە سیاسیەکان لە چەشنی پۆلا لەنێو زیندان لە بەرامبەر ئاگر و ئاسن و کارەبا لە پێناوی بەرگری کردن لە مافی ڕەوای گەلەکەمان بەپێیەوە وەستا بوون، بەڵام هەزار جار ئەفسوس لە ١٩٩٠/٥/٢ لەزیندانی ئەبوو غریب لە سێدارە درێت. دوای لە سێدارەدانی شەهید ئەحمەد بازۆکە تەرمەکەی ڕادەستی باوکی شەهید ئەحمەد بازۆکە دەکرێت و پێ دەڵێن: ئەگەر پرسە بۆ کوڕەکەت دابنیت چارەنووسی تۆ لە کوڕەکەت باشتر نابێت. شەهید ئەحمەد بەهۆی سەرقاڵی بە ژیانی پێشمەرگایەتی و حیزبەوە دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە هاوسەرگیری پێکەوە بنێت ، بەڵام لە پێناوی مافە ڕەوای میلەتەکەمان ناوی بە زیندووی دەمێنێتەوە..

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ( هاوڕێ مەحمود ئەحمەد ) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٩

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد عەزیز) برای (شەهید ئەحمەد بازۆکە) لە ٢٠٢٠/١٠/٣٠

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک (سیامەند تاهیر) زیندانی سیاسی لەگەڵ (شەهید ئەحمەد بازۆکە ) لە ٣١ /٢٠٢٠/١٠

## سیامەندی زیندان.. بە سەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە



سیامەند تاهر محەمەد گەنجی لەساڵی (١٩٦٧) لە گوندی حاجی خەلیل لە دەشتی بنکورەی سەر بە قەزای خانەقین لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. تا شەشەمی زانستی لە ئامادەی الپورەی لە قەزای کەلار خوێندووە. ئینجا بەهۆی دەستگیرکردنی کاری سیاسییەوە بە (سیامەندی زیندان) ناسراوە. لە ١٩٨٣/٢/١٩ پەیوەندی بەناوچەی کەلاری شۆڕشگێڕانەوە کردووە و لێپرسراوی بەشێک لە خەتی شەهید شوان گەرمیانی بووە. لە ١٩٨٩/١٠/٢٢ لە گەراجی بەغدا لە گەڕەکی بنگردی قەزای

کەلار خەریکی خوێندنەوە ڕۆژنامەی ئاسۆ بووە. ئیستغباراتی خانەقین چوار دەوریان گرت و دەمانچەیان ناوە بنا گوێیەوە و خستیانە نێو جیێب قیادەی مەدەنی دوای ماوەیەک ڕۆیشتن سواری میێک زەمینی کراوە و لە نێو ئۆتۆمبیلەکە بەسەر دەمدا ڕاکێشراوە و ئیستغباراتەکان پێەکانیان خستە سەر پشتی تا گەیشتە قەزای خانەقین. بەهۆی تۆمارکردنی کاسێتێکی دەنگی کە هی ئەو نەبووە، لە ماوەی (٨) ڕۆژدا بە چەندین جۆری لێکۆلینەوەی لێکرا لە ژێر ئازار و ئاشکەنجەدان وەک هەڵواسینی پەنکە، سوتاندنی بەکاوي، لێدانی ئاسایی وەک شەق و زلە و تێهەڵدان لە هەمووی سەختر ڕاکێشانی بەئۆتۆمبیل لە سەرووی ئەوە ڕۆژ لە ڕۆژ لە ئەوپەڕی وورە بەرزی و نەسەڵمینەوە بووە. سێ کەس لە هاوڕێکانی ئازاد کرا، بەڵام دووانیان بەهۆی بوونی زانیاری و هەواڵگری خزمی خۆیانەوە ئازاد نەکران. پێش دەستگیرکردنی نەشتەگیری گورجیلەی بۆ کرا بوو لە ژێر ئازار و ئەشکجەندان زکی هەڵدڕا و دووجار تووشی نەزیف لە زیندان بوو. لە ١٩٨٩/١٠/٣٠ بۆ ماوەی یەک ڕۆژ ڕەوانەی شاری کەرکوک کرا لە نێو ژوورێکی تاکە کەسی یەک مەتری کە لە ژوورەکە بەخوێن بەناوی (

سەلاح حەمەی عەلە گیان ) نوسرا بوو. دوای لە سێدارەدانی تەرمەکەی نەدرایەوە بە خاوەنی. لە زیندان چاویکەوت بە ( نوری سوور) وتی: حاڵت چۆنە؟ سامەند وتی: کەرکوک لە خانەقین خراپترە. لە کەرکویش لێکۆلینەوە لەسەر کاسێتەکە کرا، بەڵام نکولی لێکرد. لە زیندانی کەرکوک لەگەڵ ( برایم حاجی مەجید و حامد عبدالواحید) بووە. لە ١٩٨٩/١٠/٣١ ڕەوانەی شاری بەغدا کرا لە ئیستغباراتی گشتی شوعبەی ژمارە (٥) تایبەت بوو بە زیندانی سیاسی دوای ئەوە هەرسێکیان لە یەک ژوور جووتێ ناعل و دزداشەیەکیان پێدرا و دواتر دابەشکران بۆ سەر سێ قاعەی جیاواز. ئیستغباراتێک بەناوی ( فیسڵ) پێشتر لە کەلار خەڵکی بوو وتی : مەترسە ئەمە ژووری ژمارە (٥) ژووری لە سێدارەدان نییە لەبەرئەوەی هەردووکیان کەلاری بوون هەست و سۆزی بۆی جولا، دوای هێنانی بۆ ژوورەکە وتی: نان و ئاو و جێگای بدەنێ ، و ئەوانەی لە نێو زیندانیەکەدا بوون زۆر ترسان وایان زانی لە ژێرەوە بەعسییە چونکە هەموو گیانی لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەدان هەر خوێن بوون. دوای چەند کاتژمێرێک و پێدانی نان و ئاو خواردن و لێان نزیک بوونەوەی زانیان کە کادیری ڕێکخستنەکانی یەکێتییە

وەک جەنگی ڕەسوڵ لە ڕێکخستنەکانی خەڵکی ڕانیە و زەینڵ سەمین باخەوان خەڵکی کفری بوو. لەسەر هەمان شێوەی ڕابردوو لێدان و ئەشکەنجەدان بەردەوام بوو. ڕەوانەی ( السلامە وگنی ) کرا بۆ مەبەستی لێکۆلینەوە لەسەر کاسێتەکە بە ئۆتۆمبیلێکی داخراو لە نێو ئۆتۆمبیلەکە هەردوو دەستەکانی کەلەبچە کراو و وتی: نازانم بۆ کوێیە؟ بۆ چییە؟ دوو ئیستغباراتی لەو دیوی پەنجەرەیەکی داخراو لە نێوانیاندایە. ئیستغباراتەکان ناو بە ناو دەیان وت: بۆ لە سێدارەدانە ئیتر ترسێکی ئێگجاری لێ نیشت چونکە پێشتر چەند هەڤاڵێکیان دەستگیر کرا بوو ، لەوە ترسا بوو لە ژێر لێدان و ئەشکەنجدان ئیعترافیان کرد بێت تا گەیشتنە جێگا کە دوای چەند کاتژمێرێک دەستکرا بە لێکۆلینەوە لەسەر کاسیتەکە ئیتر دڵی ئاسودە بووە و هیچ شتێک لە ئارادا نییە، بووە خاوەنی ورەیەکی پۆلایین و لەوێش زۆر بەئازایانە تا ئێوارە نکوڵی لێکرد و گەڕایەوە بۆ شوعبەی ژمارە (٥) تا ١٩٨٩/١٢/١٢ لەوێندەرێ مایەوە، لە هەفتیەک دووجار فەلاقە دەکرا، دوای تەواو بوونی لێکۆلینەوە نێردرا بۆ شوعبەی ژمارە (١) کاتی خۆیشی خودی ( سەدام حسین ) لە هەمان ژوور زیندانی بووە، بۆ ماوەی

یەک ڕۆژ لەوێ مایەوە تا ١٩٨٩/١٢/١٣ ئینجا گوێزرایەوە بۆ ( جناج خاس) تایبەتە بەو کەسانەی کە لێکۆلینەوەیان تەواو بووە، چاوەڕێ دادگا دەکەن بۆ ئەوەی کێشەکەیان بخاتە لایەکدا هەروەها ناخۆشترین شوێن بووە چونکە ئازاری دەروونی دراوە. لە ڕووی خواردنەوە دۆخیان زۆر خراپ بووە ڕۆژانە سێ پەپکەی نان و تۆزیک شۆربا و برنجیان پێ دەدرا. عەریف لەتیف وتی: نانەکەی لە زیندانەیەکان لیان دەسەندەوە دەیبردە دەیدا بە مانگاکانی چونکە مانگاکان خزمەت زیاتر بە نیشتیمان دەکەن چونکە شیریان هەیە، بەڵام ئێوە دووژمنی نیشتیمانن و زیندانەکانیش بە برسێتی دەمانەوە. داوایان لە( عەریف خچیر) بەشی پەرەستیاری تەواو کرد بوو ئەویش ڕەزامەندی پیشاندا و شەوێک (١) کاتژمێر یەک بە دوانزدە تەقڵ زکی بە دەرزری و مەچیر دوورییەوە هەروەها وتی: بە هیچ شێوەیەک ناوی من نەهێنن. لەگەڵ مامۆستا نصرالله و صالح کەلاری لە یەک ژوور بەیەکەوە بوون. دوای ئەوە گوێزرایەوە بۆ ژوورێکی تر چاویکەوت بە ( ئەحمەد بازۆکە) یەکێک لە فەرماندەکانی حیزبی شیوعی پیاوێک لە خۆراگری و قارەمانیەتی لە ( جناح الخاص) شاری بەغدا . بەڵام مامۆستا نصرالله و

ڕائید محسن دزەیی حوکمی عیدام دران لە ١٩٩٠/٣/١٢ – ١٩٩٠/٤/٩ لە دادگای الپورەی بەغدا دووجار دادگایی کرا. دواجار بە حوکمی (١٥) ساڵ زیندان و برایمی حاجی مەجید بە حوکمی (١٠) ساڵ بە مادەی (١٧٥) یاسای سزادانی عێراقی حوکم دران. لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ژێر ئەشکەنجەدان مایەوە، لە ١٩٩١/١٢/٢٦ لەگەڵ دوو کەسی تر بەناوەکانی ( بەهمەن برایم عەباس کەلاری و شێروان شەقلاوەیی) بە لێبوردنی گشتی لە زیندان ئازاد کران. لە ١٩٩١/١٢/٢٩ تا گەیشتنە ماڵ کەس ئاگای لێ نەبووە، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە کردنە دایکی سیامەند بەناوی ( ئامینە مەجید حەلا) لە دوای کۆڕەو لە ئێرانەوە تا دەگاتە زیندانی ئەبوو غریب لە شاری بەغدا ڕێگایەکی دوور و درێژی بڕی و باسی ئازایەتی پێشمەرگە و قارەمانیەتی بۆ کوڕەکەی دەکرد دەبوایە ئەو ژنە پەیکەرێکی وەک ڕێزلێنان بۆ دروستبکرایە. سەرەڕای ئەوەی لە زیندان بوون ڕادیۆیەکیان لە نێو زیندان بە دزییەوە شاردبووە، لە گرتنی کۆیت تا دەگاتە ئازادکردنی قەزای کەلار ئاگاداری ڕووداوەکانی دەرەوەی زیندان بوون، ئەوکات کەلار ئازاد کرا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەی

خەڵکی کوردستانەوە سیامەندیان دەخستە سەر ملیان بەنێو زیندان دەیان سوڕاندەوە و دواتریش شیرینان بەخشیوە بەسەر هاوڕێکانیدا.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ٨٢٦٦ ) لە ٢٠٢١/١/١٤ بڵاوبووەتەوە.

## جەبار کارێزەیی .. هاوکاری پارتیزانەکانی گەرمیان بووە



جەجار محەمەد ڕەسوڵ ناوخاس لە ساڵی (١٩٦٨) لە گوندی کارێزەیی حمە کەیفەی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا

لە خێزانێکی نیشتیمان پەروەر لە دایکبووە. تا قۆناغی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. لە مانگی (٢)ساڵی (١٩٨٢) پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ١٩٨٥/١٠/٥ لە ناوچەی شۆڕشگێڕان بووەتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی (ی.ن.ک). بەشداری لە چەندین داستان و نەبەردی کردووە، لە شەڕی گۆبان کردووە، لەو شەڕەدا لە ٢٣ /١٩٨٥/١٢ بە سوکی بریندار بووە. لە دوای ئەنفال یەکێکە لەو ڕێکخستنە نهێنیانەی هاوکارێکی باشی پارتیزانەکانی گەرمیان بووە لە نێوان کەلار – ڕزگاری لە گەیاندنی خۆراک ، دەرزی و دەرمان ، کەل و پەل و گواستنەوەی پارتیزانەکان بە ئۆتۆمبیلی خۆی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ بۆئەوەی لە مەترسی ڕژێمی بەعس بیانپارێزێت. ئیستغباراتی خانەقین لە نێوان کەلار – ڕزگاری دەستگیر دەکات، ڕەوانەی خانەقین کرا، هەر ئەو ئێوارەی جەبار کارێزیی دەستگیر کرا بۆ شەوەکەی بە نیازبوون ژنی بۆ مارە ببڕن، بۆ ماوەی هەفتەیەک لە بعقوبە مایەوە، دوای ئەوە گوێزرایەوە بۆ شاری بەغداد. دوای هەفتەیەک سەعید وەلی ڕەشید هاوکارێکی باشی شەهید جەبار بووە، ئەویش دەستگیرکرا و لە سێدارە درا. کاک

سەرداری برای بەهۆی شەهید جەبارەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت بۆ ماوەی (٤) مانگ لە پارێزگای دیوانیەوە نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە تا بارودۆخ ئاسایی دەبێتەوە، دوای دوو شەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دیسان دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای دیوانە تا لە فەرمانی دەستگیرکردنەکە ڕزگاری بووە. لە ١٩٨٩/١/١١ لە شاری بەغداد لەسێدارە درا، تا ئێستایش تەرمەکەی ڕادەستی خانەوادەکەی نەکرایەوە و بەغەریبی سەری نایەوە، ڕۆیشتە نێو کاروانی سەروەرانی نیشتیمانەوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ( سەردار محەمەد ڕەسوڵ) برای شەهید جەبار لە ٢٠٢٠/١٠/١٩

## مام باپیر

## بەعس هێندە بە داخ بوو، ئامادە نەبوو تەرمەکەی بداتەوە بە کەس و کاری!



ئەحمەد محەمەد ساڵح ناسراو بە ( مام باپیر ) ساڵی (١٩٤٧) لە گوندی زەڕینی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە دایکبووە. خوێندنی حوجرە تەواو کردووە، لە شۆڕشی ئەیلولدا کادیری پارتی بووە. لە ١٩٧٥/١٢/٢٩ پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، و بە هەڵبژاردن بووەتە لێپرسراوی پۆل. ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٢١ ڕژێمی بەعس ماڵی مام باپیر لە گوندی زەڕین ڕووخاند کەس و کارەکەیشی

دەستگیرکران. لە ٢٩/١٢/١٩٨٥ لە نزیک گوندی میل قاسم لەگەڵ چەند پیشمەرگەیەک دەکەونە بۆسەی کۆمەڵێک جاش و خۆفرۆشەوە بە برینداریی دەستگیر دەکرێت، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا، سەرەڕای ئەوە مەکۆی نهێنیەکانی شۆڕش بووە، ڕژێمی ئەفلەقی بەغدا نەیتوانی هیچ نهێنیکی لێ دەربهێنێت، شەهید مام باپیر چۆکی دانەدا و هەر بەردەوام بوو لە خەبات، لە مانگی ( ١) ی ساڵی داهاتوو لە ئەبو غرێب گوللە بارانکرا، بەعس هێندە لێی بە داخ بوو، ئامادەنەبوو تەرمەکەی بداتەوە بە کەس و کاری. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٢٦ لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا ڕووفاتەکەی هێندرایەوە بۆ کوردستان لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاک سپێدرا، شایانی باسە ڕۆژی لە ١٣ /٥ / ١٩٨٨ چەند هیلکۆپتەرێکی دووژمن کە سەرقاڵی کێوماڵکردنی ناوچەکە دەبن، لەو کاتەدا کوڕێکی مام باپیر بەناوی تەها لەگەڵ ئیبراهیم محەمەد ساڵح و عەتا عەلی محەمەد لە گوندی زەڕین دەبینرێن و هێلکۆپتەرەکان بۆیان دادەبەزن و دەستگیردەکرێن و شوێنبزردەبن.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ژمارە ( ٨٦١١) لە ٢٠٢٢/١٢/١٤ بڵاوبووەتەوە

# بەشی پێنجەم

# کەرەستەکانی پێشمەرگە

# کەرە گوێلەق




دوای ڕووخاندنی لادییەکان لە شاڵاوی ئەنفالدا، چەندین دەستەی بچوک بچوک مانەوە، بەشێک لە پێشمەرگەکان وەک پارتیزان لە سنوری گەرمیان بۆ ئەوەی دوژمن بزانێت پێشمەرگە لە خەبات و قوربانیدان درێژەی هەیە. ئەو پێشمەرگە پارتیزانە بە سوود وەرگرتن  لە بڕیاری لێبوردنی گشتی دەتوانن بێنەوە خوارەوە خۆیان ڕاستی ڕژێمی سەدام بکەن، بەڵام پێشمەرگە لەو ماوەیەدا توانیان زۆرترین خواردن و کەل وپەل و مەلجەی باش ئامادە بکەن، بۆئەوەی لە کاتی کێومالکردن و تەمشیت و گەڕان خۆیان تێدا حەشار بدەن. ژمارەی پارتیزانەکان نزیکەی ( ٥٧) پێشمەرگە بوون، لە ڕێگەی ئامێری بێسیمی

بچوکەوە دەیانتوانی ئاڵوگۆری زانیاری و جوڵەکان و سەردانی یەکتر بکەن. لە نێو مەکۆی خەباتدا، کەرە گوێلەق شوێنێکیان بۆ ئامادە کردبوو، بە ڕۆژ دەیانشارەدەوە، بۆ ئەوەی شوێنی پێشمەرگەکان ئاشکرا نەکات. کەرە گوێلەق ئەوەندە وریا و بە ئاگا بوو لەکاتی کێوماڵی دوژمنان و دەنگی کۆپتەرەوە ڕایکردووەتە ناو مەلجەکەی خۆیەوە. کەرە گوێلەق سەروەت و سامانێکی گەورەی پاتیزانەکان بۆ گواستنەوە و پێداویستیەکانیان، ئەوێ ڕۆژێ لە کاتی باران و ڕەهێڵە و شەوەزەنگدا پێشمەرگەکان شەوارەیاندەکرد، بەڵام کەرە گوێلەق پێشەنگیان بوو، بە سەرما و ڕەهێڵە دەیانبردەوە هەمان ئەو جێگەی لێیهاتوون.

# تووله ڕێیەکانی کوردایەتی



کاتێک دەستە دەستەی بچوک پێشمەرگە قەتارەی دەبەست بە نێو هەردە و چۆڵەکانی گەرمیاندا، بە پیادەڕەوی، سواری و تراکتۆر دەهاتن و دەچوون، پێشمەرگە هێندە بە شوێن سەخت و دژوارەکاندا دەگەڕان، شوێن پێی پێشمەرگەکان سپی سپی دەبوونەوە، بەو شوێنە سپیانە دەوترا( تووله ڕێیەکانی کوردایەتی). گەنجی لادێیەکان لە دوورەوە قەتارەی پێشمەرگەکانیان دەبینی، شەیدای کوردایەتی لە ناخیاندا چەکەرەی دەکرد، داری شوانیان فڕێدا، ڕانە مەڕەکانیان بەجێدەهێشت، بەپارەی گیرفانی خۆی و شوانی چەکێکیان بۆ پێشمەرگایەتی دەکڕی، بە پشتیوانی

نامەکانی ڕێکخستن وەردەگیران، دەبوونە پێشمەرگە، زۆرجار باوک و دایک بە دوای کوڕەکانیان دەڕۆیشتن بۆئەوەی نەبنە پێشمەرگە، بەڵام خەباتی پێشمەرگایەتی و شەیدایی نیشتمانپەرەوەری لەسەر ڕاسترەوی ڕێگەکانیان بەردەوام دەبوون. خەڵکی لە زوڵمی ڕژێمی بەغدا بێزاربوون، ئامادەبوون ڕۆح، پارە، ماڵ و منداڵیان بکەنە قوربانی بۆ ئەوەی هەناسەیەکی ئازایەکی ئازادی بۆ نەوەکانی داهاتوو بە دەست بێنن، لەو پێناوەدا بە هەزاران ڕۆڵە پێشکەشکرا بە نیشتمان. حکومەتی عێراقی هەر بەمیشەوە نەوەستا لادێیەکانی ڕووخاند، خەڵکەکەی ئەنفال و کیمیاوی بارانکرد، ویستی کورد لەسەر نەخشە بسرێتەوە، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی پێشمەرگە و خەڵک لە ستەمەکانی بەعس زیاتر بوو، بەهۆی ملهوڕییەکانی سەدام بۆ شەڕەکانی ئێران و کۆیت دەرفەتێکی مێژووی زێڕین هاتەئاراوە، پێشمەرگە قارەمانەکان بە ناردنی نامە بۆ ڕێکخستنەکان و جاش کوردەکان  و ... نێردرا دوای تەواوبونی ئامادەکارییەکان بە هاوکاری جۆش و خرۆشی خەڵک ڕاپەرین کرا، بەشێک لە خاکی کوردستان ئازاد کرا.


## قومقومەی ئاو



قومقومەی ئاو بریتییە لەو مەتارە ئاوەی پێشمەرگە لەکاتی جەولەکان و شەڕەکاندا، لەسەر گازەرەی پشتیان دەیانبەست بۆئەوەی لە ماندووبوون و ترسدا، قوم قومە ئاوی لێبخۆنەوە. دەستە دەستەی پێشمەرگە هەردە بە هەردە لە پێدەشتەکانی گەرمیانی کاکی بە کاکیدا، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی دەگەڕان بۆئەوەی بونی پێشمەرگە و خۆشەویستی پێشمەرگە لە ڕێگەی فەرماندەکەیان یان ڕابەری سیاسیەکەیانەوە بە خەڵک بگەیەنن. لە وەرزی هاویندا، لەو مەملەکەتی گەرمەسێرەدا، دونیا تاودەسەنێت، پێشمەرگەیش

لەجەولەکانیدا بەردەوامبوون، سەختی هەڵەت و هەردەکان و گەرمی جوگراقیای ناوچەکە لە ڕێگەی قومقومەی ئاوەکەیەوە دەمی تەڕ دەکرد، بۆئەوەی ئاهێکی بەبەردابێتەوە. پێشمەرگە لەکاتی چالاکیدا، یان هێرشی هێنانی دوژمن بۆسەر ناوچەکە لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەکدا، ترس دروست دەبێت، دەستەبەجێ دەمی هێزەکانی پشتگیری، پێشمەرگەکان، پشتیوانی خەڵک و ڕێکخستنەکان وشک دەبێت، لە ڕێگەی قومقومەی ئاوەکەیەوە دەمی پاراو دەکات.

# دووربین



دووربین بریتییە لەو ئامێرەی بە دوو چاو بەکاردەهێندرێت بۆ بینینی دیمەنی سروشتی، مرۆڤ و گیانەوەران ، ڕێگای دوورمان بۆ نزیک دەکاتەوە. لە دەستەیەکی پێشمەرگەدا، بە کەمی دووربین لەلایەن فەرماندەکانەوە دەبینرا لە ڕووماڵکردنی دۆخی ناوچەکە لە جموجوڵی دوژمن. گەر لە چاوی کامیراکەوە هێزێکی سەربازیکی و نامۆ ببینرایە، بەوردی لەلایەن فەرماندەکەوە دەخرایە ژێر چاودێرییەوە، دڵنیابن لە هاتن و نەهاتنی دوژمن. گەر دڵنیابوون لە هاتنی هێزێکی

بێشوماری دوژمن  و فەرماندەی دەستە لە ڕێگەی تەتەرەکان یان بێسمیەوە هێزەکانی دەوربەری ئاگادار دەکردەوە، لوتی دوژمن تێکبشێنن. هێزەکانی پێشمەرگە بە بیروباوەری کوردایەتی و مەردایەتی لەبەرامبەر بە هێزترین ڕژێمی داپڵۆسێنەر وەستانەوە، وانەیەکی مێژوویان دادا. لە ڕێگەی چاوی دووربینێکەوە، حیزبێکی شۆڤێنێتی نەیار بە دەست هەشت هەزار بۆ نۆ هەزار پێشمەرگە لە تەواوی کوردستان بوونە پۆڕی خوراو.

## لایتی دەستیی



لایت بریتییە لەو ئامێرەی وزە لە خۆر و گەرمی لە چراوە وەردەگیرێت، هەموو شتەکانی دەوربەرمان دەبینین، ڕێگای تاریکیمان ڕۆشن دەکاتەوە. پێشمەرگە بە تونیلی شەوەزەنگی سارد و تەنیایدا هەنگاو بە هەنگاو خۆی گەیاندووەتە ئامانجی دیاریکراو. لە نێو هەردە و هەڵەت و چۆڵەکانی گەرمیاندا، لە ڕێگەی نامەبەر و کوڕانی ڕۆژانی سەخت و هەواڵنێر و نهێنیەکانی شۆڕشیان بە وتەی " شەو قەڵای مێردانە" گەیاندووەتە شوێنی مەبەست. لایت لەسەر کەمەری پشتی پیشمەرگە دەبەسترێت و بە تونێلە تاریکەکانی شەوان بەکاردەهیندرا. لایتی سێ پیلی یان بچوکتر لەلایەن پێشمەرگە ئازاکانەوە کەڵکی لێوەرگیرا. لایت لە ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی کەرەستەی لوجستیەکانەوە ناتوانرێت

دابگیرسێنێت چونکە لە ڕێگەی دووربینی پێشکەوتوو لە قەرەوڵی تفەنگەکانەوە دەپێکێت.

## قەرەوڵ




ئازادی لە هەر نەتەوەیەک زەوت بکرێ، ئابلوقەی ئابوری لەسەر وڵاتێک دابخرێ، ستەمکردن ببێتە خوویەکی خراپ، ئەوکات دەستەیەک، گروپێک، کۆمەڵێک ئەمانەی پێ قەبوڵ ناکرێ، لە پێناوی ئازادی نیشتمان بە خوێن و فرمێسک وەریدەگرنەوە و پێدەڵێن: پێشمەرگە. پێشمەرگە لە ڕێگەی شکاندنی نیشان و ڕاهێنانی پتر توانیان لە ڕێگەی قەرەوڵی تفەنگەکانیانەوە ئامانجەکانیان بە

دروستی بپێکن، شکاندنی هەر نیشانێک واتە لە ناوبردنی دووژمنێک، گەر بۆ کردنی چالاکیەک یان هێرشێکی دووژمن قەرەوڵی تفەنگەکانی دەست و بازووی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەریگریکردن دەیکردە ڕۆژی حەشر. دەستەی پێشمەرگەکان لە ژمارەی پەنجەکان تێنەدەپەڕین، بەڵام لە دلێری و ئازایەتیدا لەگەڵ فرۆکەکانی ئاسمان دەجەنگا و دەیپێکا، لەشەڕدا چەک زۆر دەور نابینێت، بەڵام وەر و غیرەت قارەمانیەتی دەنووسێتەوە، بە سەدان و هەزران سەربازی ڕژێم لەبەرامبەر چەند پێشمەرگەیەک لە ترسدا هەڵدەلەرزین و هەڵدەهاتن. کورد میلەتیکی قارەمانە، تاشەبەردێک نییە، خوێنی شەهیدێک، یادەورەی پێشمەرگەیەک، سەروەری پێشمەرگە لەپاڵیدا نەنووسرابێتەوە، لە شوێنی کەوتنی دڵۆپە خوێنی شەهیدەکان، گوڵاڵە سوورەی بەهاری تێدا ڕوواوە، چونکە پێشمەرگە لەکاتی مشتگرتنی تفەنگەکەی دەستیدا، پەنجەی لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکەیەتی و چاوی لەسەر قەرەوڵی تفەنگەکەی هەڵناگرێ تا ئازادی بۆ نیشتمان دەچڕێت. ڕۆڵەکانی میلەت باڵایی پێوە دەکردن چونکە لە هەناوی خەڵکەوە هەڵقولابوون و

گەورەبوون چونکە بەشێک لە خەرمانی شانازییەکانی نیشتمان لە مێژوودا نووسرایەوە.

## نامەی شۆڕش



نامە بریتییە لە گەیاندنی پەیامێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەجێهێشتنی شوێنەکە لە لایەن ڕژێمەوە زانیاری لەسەر شوێنەکە کۆکراوەتەوە. تەتەرەکانی شۆڕش بەهۆی کەمی خوێندەواری یان زانینی

شوێنەکەوە بە پێیان ڕێگەی دوور و درێژی دەگرتەبەر بۆئەوەی لە کەمترین کات زانیاریەکان بگەنە شوێنی مەبەست. کۆتر و ئەسپی نامەبەر لە زۆر شوێن و وڵاتانی تر کەڵکی لێ وەرگیراوە، شۆڕیشی نوێیش بەمانیشەوە نەوەستا، بەڵکو بروسکەی دەنارد بۆ برادەران زەماوەند بکەن. ڕێکخستن شادەماری مەفرەزە و کەرت و تیپەکان بوون، بە فلتەری ئەوان سەدان و هەزاران پێشمەرگە ڕەوانەی شاخکرا. لەکاتێکدا دەیانویست چالاکیەک بۆ بەدەستهێنانی متمانە و چەندین ئەندامی ڕێکخستنەکان فیشەکی گڕداریان دەخستە نێو نامە چوکلێتەکان ئاراستەی جاش و سەرانی ڕژێمکرا. لە نێو کونجی زیندانەکانەوە سەرکردە و فەرماندە و کادیر و پێشمەرگە لە پێناوی عەشقی نیشتمان کۆبوونەوە، چەندین نامەی شۆڕش بۆ دەرەوەی زیندان نێردرا، لە شاخدا نامە شیعرییەکانی شەهید مەلا عەلی کرایە کتێبێک بۆ جۆشدانی خەبات.

# بەشی شەشەم

# کەسایەتیە کۆمەڵاتییەکان

## حاجی خەلیلی گێژ

## حەرفی پیاوی پیر دانەی ئەڵماسە

## ئامان سەد ئامان هەر خاسە خاسە



حاجی خەلیلی گێژ

ئەم مرۆڤە مەزنە ناوی تەواوی (خەلیل حەسەن محەمەد ئەمین)ە، لە ساڵی( ١٩٣٠) لە گوندی گوماری سەر بەناوچەی زەنگابات چاوی بەدونیا هەڵهێناو، لە نێو خەڵکی بە شەرەفی گەرمیان بەناوی " حاجی خەلیلی گێژ " ناسراوە، لە دوای مردنی باوکی ئازیزییەوە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری هۆزەکەی، بەڕاستی هۆزی گێژ یەکێکە لەو هۆزانەی خەریکی ئەنجامدانی کار و کەسابەتی خۆیەتی و قەومێکی

تابلێت دوور لە شەڕ و ئاژاوەیە، بەڕاستی ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە، لە هاوکاری و پشتیوانی حکومەتی کوردستان، دێنەوە سەرباسی (حاجی خەلیلی گێژ) .. نمونەی پیاوی خواناس و بە ئیمان بووە، لە ساڵی ( ١٩٧٤) بە ئۆتۆمبیلی خۆی چووەتە وڵاتی سعودیّ بۆئەنجامدانی فەریزەی حەج. لە نێو بنەماڵەکەیاندا مرۆڤێکی زرنگ و وشیار بووە، لە دوای وەفاتی باوکی دەبێتە ( سەرۆکی عەشیرەتی گێژ) دەستێکی باڵایی هەبووە، لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە هەموو خەڵکی گەرمیان شایەتحاڵی ئەو ڕاستیەن، حکومەتی ئەفلەقی بەغدا بە هەموو هێز و توانایەوە دەستیکردە کاولکاری لادێیەکانی کوردستان پشکیشی بەر ناوچەی زەنگابات دەکەوێت، ئیتر ئەم ڕاچەڵکاندنە ئازار و خەمێکی زۆر (حاجی خەلیل) دەدات، چونکە دووردەکەوێتەوە لە زێدی و باب و باپیرانی لە چوارچیوەی سیاسەتە گڵاوەکانی حکومەتی بەعس قەومانی (گێژ) لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی زۆرەملی ( صمود) کۆیان دەکاتەوە، ئیستا زۆربەی هۆزی گێژ لە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلار نیشتەجێن. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پیاوێکی هەق بێژ و قسە لەڕوو بە

وەفا بووە، هەر کارێکی کردبێت بەئەو پەڕی دڵسۆزی بۆ خوا و ڕێکخستنی نێوان خەڵک بووە، نابێت ئەو ڕاستیمان بیربچێت حەزی دەکرد، هەموو ئیش وکارەکان بە هاوکاری و هەرەوەزی یەکتر بکرێت بۆئەوەی بنەمایی ڕاستەقینەی ئیشەکەی دەست نیشان بکردایە، بۆ وێنە: جارێکیان قسەی بۆ قەومەکانی دەکرد دەیوت: لە بۆنە و یادەکاندا جل و بەرگی جوان بپۆشن بۆئەوەی لە نێو خەڵک دەربکەون، ئەوەی پێخۆشە باخۆشحاڵتربێت، ئەوەی پێ ناخۆشە با زیاتر بتەقێت. لە ڕووی سەردان و بەسەرکردنەوەی نەخۆش و یارمەتی هەژاران درێخی نەکردووە. زۆر حەزی لە میوانداری بووە، دێوەخانەکەی بەردەوام میوانی لێ نەبڕاوە، حاجی خەلیلی گێژ دەیفەرموو: گرنگ نییە، نانەکەت هەرچی بێت، گرنگ ئەوەیە: خوڵکت چاک بێت و سۆز و خۆشەویشتی و خۆشحاڵی بۆ میوان دەبڕێت، ئەگەر نانەکەتیش سادە وساکاربێت. بنەماڵەی "حاجی خەلیل" نمونەی بنەماڵەی دیار و بەرچاون نەک لە ناحیەی ڕزگاری، بەڵکو لەسەر ئاستی گەرمیان ناوبانگی خۆیان هەیە لە هەموو بۆنەکان ئەوان بونیان هەیە بۆئەوەی بەشداری تەواوی بۆنەکان بکەن لە هەموو ڕوویێکەوە، ئەوەی جێگای شانازی یە

تەواوی خزمەکەیان خەڵکانی باشی خوێندەواریان تێدا هەڵکەوتووە، لە هەموو ئاستە جیاوازەکان خزمانی گێژ لە ناوچەکانی (بادینان وکەرکوک چەمچەماڵ و رزگاری و ئاوایەکانی دەوربەری نارێن و .... هتد هەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر لەیەکی بدەینەوە، ئەم قەومی گێژە زیاتر سەرقاڵی ( کاروکەسابەت و خواناسی و لە چارەسەرکردن و بەشداریکردن لە گرفتە کۆمەڵایەتەکانی ناوچەی گەرمیان ) دەوریکی کارا و کاریگەریان هەیە، ئەوەی جێگای داخە لە ماوەیەکی کەمدا کەسایەتی ناسراوی ناوچەی گەرمیان و سەرۆکی عەشیرەتی گێژ ( حاجی خەلیلی گێژ) توشی نەخۆشی دڵهات، بەهۆی ئەو خەمەی دووری لە نیشتیمانی دایک و زێدی باب و باپیرانی زیاتر قورس بووە، ئۆقرە و سەبرِی لێ برِا یەکسەر بردیان بۆ شاری بەغداد بۆئەوەی چارەسەری شیاوی نەخۆشیەکەی بکەن، دووجار نەشتەگەری بۆکرا، بەڵام زۆر بەداخەوە لە ئەنجامدانی نەشتەگەری نەخۆشیەکەی سەرکەوتوو نەبوو، پزیشکەکان موڵەتی حەوت ڕۆژیان بۆ دانابوو، جارێکی تریش دوور لە نیشتیمان لەشاری بەغدا لە رۆژی ٢٠٠١/٣/٢٤ کۆچی دوایکرد، بۆ هەتاهەتایە سەری نایەوە، ئیتر لە شاری

بەغداد تەرمەکەی بەڕێکرا بۆ خاکی ئازیزی دایکی نیشتمان (کوردستان) جەماوەری ناوچەی گەرمیان خەڵێکی بێ ئەندازە پێشوازیان لە هاتنەوەی تەرمی ریش سپی و پیاو ماقولی ناوچەی گەرمیان "حاجی خەلیلی گێژ" کرد.چی لە گێڕانی پرسەکەی، چی لە گێڕانی چلەکەی خوالیێخۆشبێت "حاجی خەلیل" هەمووی داخی بۆ ئەوە دەخواست چونکە لە دەستچوونی کەڵە پیاوێکی وەک ئەمە کارێکی ئاسان نییە لەلایەن سەرجەم خەڵکی گەرمیان و لایەنە پەیوەندارەکان و حزبە سیاسەکان و سەرۆکی هەموو عەشیرەتەکان پرسەنامەیان ئاراستەی بنەماڵەی ناوبراو کردووە. ئەوەی جێگای ووتنە دوای خۆی ( حاجی عادلی گێژ)  برازایەتی توانیویەتی ئیش وکارەکانی مامەی درێژە پێ بدات، نمونەی کەسایەتیکی باشە لە نێو خەڵکدا ڕێزی لێگیراوە، لە هەموو سات و کاتێک دێوەخانی زرمەی دێت  لە میوان و حیکایەتی خۆش و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی دوێنی و ئەمڕۆ بونی هەیە، هەرئەوەندە دەڵێم: کۆچی ناوادەی "مام حاجی خەلیلی گێژ" ئازاری سەختی پێگەیاندوون، بەڵام نەبوەتە هۆی ساردبونەیان لە خزمەتکردنی خەڵکی ئەوەی بە ئەوان بکرێت بێگومان درێخیان نەکردووە.

لە ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست لە نیسانی ساڵی (٢٠١٣) بڵاو بوەتەوە.

## حاجی عەلی قولیجان زەندی

## لە خزمەتی ئەو پیاوەیی هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی شۆڕشەکانی کوردستان تەرخانکرد بوو



ئەم کەڵە پیاوە ئازیزە، ناوی تەواوی (عەلی قولیجان موحەمەد غەفور) ە. لە ساڵی (١٩١٥) لە گوندی (دەکەیی

سەرچەم) سەر بە ناوچەی خانەقین لە خێزانێکی کوردپەروەر و دڵسۆز چاوی بە دونیا هەڵێناو. بەهۆی ئەوەی لە نێو ناوچەی گەرمیان خۆشەویست و دەرکەوتوو بوو بەناوی ( حاجی عەلی قولیجان زەندی ) ناوبانگی دەرکردووە، لەگەڵ دەرکەوتن و پێگەیشتنی هەستی بە لێپرسراوەتی نەک خانەوادەکەی بەڵکو تەواوی خزمەکەی کردووە، هەربۆیە کراوەتە برا گەورە و ڕیش سپی گوندی دەکەی سەرچەم بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری هەموو خزمەکانی ئەوەی ڕاستی بێت هەرگیز لە پێناوی ئەنجامدانی هەرکارێک بۆ خزمەتی هەموو لایەک سڵی نەکردووەتەوە، ئەم مرۆڤە هەرچەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام مرۆڤێکی وشیار و خاوەنی خەسڵەتی جیاواز بووە، چونکە لە ناسینی خەڵکدا مرۆڤێکی پسپۆڕ بووە، هەر ئەمیش وایکردووە ناوبانگی بدرۆشیتەوە لە نێو ئاستی خەڵکی ناوچەی گەرمیان نمونەی باشترین و چاکترین کەسایەتی ناسراوی ناوچەی گەرمیان بووە، ئاکاریی حاجی عەلی پیاوێکی لە سەرخۆ و هێمن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئیماندار بووە لە وتنی قسەی هەق هاتووەتە پێشەوە کردوویەتی، بەدەرلەوە پەیوەندیکی باشی هەموو لەگەڵ کەسایەتیەکانی گەرمیان هەبوو، زۆربەیانی

دەناسی لە نزیکەوە لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕۆڵ و دەوری کارا و کاریگەری هەبووە، بەتایبەت لە سنوری ناوچەی خانەقین و زەنگابات، بژێوی ژیانی لەسەر کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێکردووە، بەڕوویێکی گەشەوە هەموویان بەڕێکخستووە، ئەم کەسایەتی یە لە نزیکەوە جەنابی (هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی) ناسیووە و یەکیان خۆشویستووە. لەو کاتەوە پێگەیشتووە هەستی کوردایەتی لە دڵیدا چەکەرەی کردووە، هاوکار و پشتیوانی هەردوو شۆڕشی (ئەیلول و شۆڕی نوێ) بووە، زۆر دڵگرانبووە بە( کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ئەنفالکردنی خەڵکی بێ تاوانی نەتەوەی کورد) لە دوای بەهاری ڕاپەڕینی( ١٩٩١ )ەوە، کەسایەتیکی زۆر بەهیز بووە، چونکە بە هەموو توانایەوە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، لە ڕووی ناندان و مادی و معنەوی و پێدانی پارە و چەک و تیمارکردنی پێشمەرگەی بریندار و گواستنەوەی بۆئەوەی دەستی ڕژێم نەکەوێت، بەڕاستی ئەوەی ( حاجی عەلی) کردوویەتی تەنها لەبەرخاتری نەتەوەی کورد بووە، هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەناوە، بۆئەوەی خاکەکەی

ئازاد بکرێت، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی دۆڕاوی بەعس. لە ڕووی خۆشەویستیەوە ئەوەندە خانەوادەکەی خۆش دەویست تاوەکو لەدونیا دەرچوو، هەر چوار کوڕەکەی پێکەوە بوون، خێزانێکی گەورە و مەزن و قارەباڵغ پێکەوە دەژیان لەسەر یەک سفرە نانیان دەخوارد. حکومەتی دۆڕاوی پێشوو هەستا بە کاولکاری سەرجەم لادیەکانی کوردستان، گوندی(دەکەی سەرچەم) یەکێک بوو لەو گوندانەی توشیماڵوێرانی هات، ئەم زاتە مەزنە ناچاربوو، هات لە ئۆردوگای (صمود) ئێستا پێ دەڵێن(ناحیەی ڕزگاری) نیشتەجێ بووە، کوڕەکانی دەستیکردە کار وکەسابەت بژیوی خۆیان بەزیادەوە دەرکرد، لە یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت درێخیان نەکردووە، خەڵکی ناحیەی ڕزگاری شاهیدحاڵی ئەو ڕاستیەن، ئەم کەسایەتییە جارێکی تر لەو نێو ناحیەکە بەکار و کردەوە باشەکانی توانی تۆوی خۆشەویستی و برایەتی و ڕێزگرتن بچێنێت، ئێستایش کارە چاکەکانی لە نێو ناحیەکە ستایشی باسکردنە، بەڕاستی مرۆڤی باش لە هەموو جێگایەک شوێنی خۆی دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بە وتنی یەک وشەیش بێت نەک لەسەر ئاستی ناحیەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەی گەرمیان ناوبانگیان وەک

تۆپ دەزرنگێتەوە، ئەوەی جێگای باسە لە بۆنە و یادەکان و پرسە کۆمەڵایەتیەکان ڕەنگ و دەنگیان هەیە، بەشداری دەکەن نمونەی خەڵێکی باش و دەرکەوتوون لە هەمان کاتیشدا بنەماڵەیەکی خۆشەویست و متمانە پێکراون، لە نێو ئەم بنەماڵە گەورە چەندین نەوەی خوێندەوار پێگەیشتووە، ئیستا لە دام و دەزگاکانی حکومەت خزمەت دەکەن، ئەوەی جێگای داخە، ئەم زاتە پیرۆزە لە کوتپڕێکدا توشی نەخۆش دڵهات، بەڵام زۆری نەخایاند لە ڕۆژی۲۳ /۲۰۰۱/۱۲ لە ناحیەی ڕزگاری سەربەناوچەی گەرمیان کۆچی دوایکرد، لە گۆڕستانی ( شێخ عبدالڕحمان) لە قەزای کەلار بەخاک نێژرا، بەڕاستی خەسارەتیکی گەورە بوو نەک بۆ بنەماڵەکەی، بەڵکۆ بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان چونکە خاوەنی هەستێکی پاکژی نەتەوایەتی بوو، ئەوەی جێگای داخە، (کاک حەمەڕەشید) کوڕە گەورەیەتی لە جیاتی باوکی کارەکانی درێژە پێدەدا مەرگ ئەویشی لێ سەندنەوە، هەموو کات لە خزمەتدا بوو، بۆئەوەی باری لاری هەرکەسێک ڕاست بکاتەوە.

لە ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست لە کانونی دووەم ژمارە (۸۳) ساڵی (۲۰۱۳) بڵاوبووەتەوە.

## حەمەکەیفەی کارێزە

## لە خزمەتی ئەو پیاوەی هەموو تەمەنی خۆی بۆ خواپەرەستی تەرخان کردبوو



ئەم زاتە پیرۆزە ناوی (موحمەد کەریم عبدالرحمان)ە، لە ساڵی (١٩٠٧) لە گوندی تەپەسپی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە دایکبووە، هەر بە منداڵی دەرکەوتووە نمونەی کەسێکی زیندوو و دیار و هەڵکەوتوو بووە، بە حوکمی ئەوەی زیاتر لە یەک سەدە تەمەنی کردووە، زۆر شتی دەزانی دەربارەی حکومەتەکانی عێراق و شۆڕشەکانی

گەلی کوردستان، بۆ نمونە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لە ساڵی(١٩٢١) پلەی عەریف بووە، لە شۆڕشی ئەیلولدا یەکیک بووە لەو کەسانەی بەشداری داستانە مەزنەکەی (شەڕی قاتەکانی کفری) ساڵی( ١٩٦٣) کردووە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، نابێت ئەو ڕاستیمان بیربچێتەوە ئەویش ئەمەیە: نمونەی پیاوی خواپەرست و بە ئیمان بووە، بەدەرلەمانە پیاوێکی قسەخۆشبووە، حەمە کەیفە فەرمووی: ئەوەی من نەناسێت عێراقی نییە. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەم مرۆڤە نمونەی کەساتیکی ناسراو و دونیا دیدە بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی چارەسەرکردووە، سەرتۆپی مەجلیس نشین بە قسەخۆشەکانی دەڕازاندەوە، هەموو ئامادەبوانی مەجلیس گوێبیستی قسەکانی دەبوون، لە زۆربەی بۆنە و یادەکاندا پرسی پێکراوە، خەڵکی ڕێزی هەمیشە نەبڕاوەیان بۆی بووە، لە ڕووی دەرۆیشایەتیەوە یەکەم دەرۆیشی (شێخ کاکە حەمەی هەزار کانی) بووە، زۆربەی تەمەنی لە خزمەتی ئەو شێخە مەزنە بووە. ئەوەندە پیاوێکی خۆشەویست و ئاین پەروەر بووە، (شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی) پێی ووتراوە( قوتبی زەمان) دواتر

بووه به خەلیفەی شێخ. له ڕووی ئاینییەوە بمانەوێت گوزارشت له تاعەت و عیبادەتی ئەو پیاوە مەزنە بکەین بەڕاستی گێڕانەوەی کارێکی ئاسان نیه بۆ وێنە: "هەتا هێز و توانای هەبووە، زۆربەی تەمەنی به ڕۆژوو بووە، خەریکی عیبادەتی خوا بووە، له نێو دەڤەری گەرمیان پیاوێکی ناسراو و دونیا دیده و خاوەنی دیوەخان بووە، یارمەتی هەژاران و نەدارانی داوە، چیرۆک و بەسەرهاتی" حەمەی کەیفە" زۆرە له کۆڕ و کۆبونەوەکانی دەوترێتەوە، نمونەی ئەو پیاوە له مێژووی کورد وێنەی کەمە، له ڕووی شوێنەوە باسی لێوە بکەین، کاتی هاتووە بۆ گوندی کارێزە ئاوەدانی کردوەتەوە پێش ڕۆیشتنی بۆئەوی، ڕۆیشتووە بۆلای ( حەمەئەمین بەگی جاف) ڕووخسەتی لێخواستووە، دوای ئەوە ووردە ووردە هاوسێ ماڵ له دەوری کۆبونەتەوە، گوندی کاریزەی لێ دروستبووە، ئەو گوندەیش هەربەناوی گوندی"کاریزەی حەمەی کەیفە" مۆری بۆ هەڵکەندراوە، ئەگەر تۆزیک ووردبوینەوە بگەڕینەوە بۆ جوگرافیای هەرێمی کوردستان بەتایبەتی سەیری نەخشەی هەرێمی کوردستان بکەین لەسەر ڕووی نەخشەکەیش شوێنی کارێزە بەناوی ئەوە ناونراوە و نوسراوە، بۆ مێژوو

دەیگێڕمەوە من لەم دوایانەدا چاوم پێکەوت بە ڕاستی هەموو کەسایەتەیەکانی کوردستان و گەرمیانی دەناسی و چیرۆک و بەسەرهاتی پیاوە ناودارەکانی دەگێڕایەوە، لە ڕووی خێزانییەوە باسی لێوە بکەین بنەماڵەیەکی باش و چاکی لێ دروستبووە، نمونەی ئەم بنەماڵە سوپاس بۆ خوا لەسەر ڕێبازی "حەمەی کەیفە" دەچنەڕێووە، ئێستایش ئەو ڕێبازە جوانەی "حەمەی کەیفە" کاریان لەسەریکردووە هێشتا زیندووە، ئەگەربمانەوێت باسی ناوی "حەمەی کەیفە"بکەین، وەک لەمەوپێش باسم لێوە کرد، ئەو بە هەتیوی گەورە بووە، دایکی ناوی "کەیفە" ئیتر بەو ناوە ناوبانگی پەیداکردووە. بۆ وێنە: یەکێک لە قسەخۆشەکانی دەگێڕینەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان: جارێکیان چاکەیەک لەگەڵ شێخانی"دێ بنە"دەکات، شێخەکانیش وتیان ئەی تۆ لە بەرامبەر ئەمە چیت دەوێت؟ حەمەی کەیفە فەرمووی: ئەگەر چوون بۆ "دۆزەخ یان بەهەشت"نابێت بەبێ من بڕۆن، شێخەکانیش ڕازی بوون، ئەم دەنگ وباسە دەکاتە"شێخ ئەحمەد شاکەلی"ئەویش دەنێرێتە شوێنی "حەمەی کەیفە"شێخ ئەحمەد شاکەلی دەڵێت: حەمە هەموو شێخانی دێ بنە تاعەت وعیبادەتی تۆ ناکەن؟ بۆچی ئەم قەول و قەرارەت

لەگەڵیان کردووە؟ حەمەی کەیفە زۆر پیاوێکی قسە خۆش دەبێت و دەڵێت: قوربان ئەگەر چووم بۆ دۆزەخ پێم خۆشە شێخێکی شاکەلیشم لەگەڵدا بێت، هاهاها .لە نێو میلەتی کورد نمونەی پیاوی خواپەرست وەک "حەمەی کەیفە" هەبووە، خەڵکی دەچوون بۆلای داوای دۆعای خێریان لێدەکرد، ئەویش بە ڕوویێکی خۆش و پێکەنیناوییەوە پێشوازی لێدەکرد، خزمەتی دەکرد و بەسەرهاتی خۆشی و قسەی نەستەقی بۆی دەگێڕایەوە وەهای پێدەکرد، ئێش و ئازاری نەدەما، بەڕاستی نمونەی ئەم جورە پیاوانە کارێکی دەگمەنە بۆ نمونە کەسێک غەمبار دەبێت، بە کۆمەڵێک حیکایەتی خۆش و جوان و دڵنەوایکردن دەتوانیت باری شانی سوک بکات، بەڕاستی سەیرە ئەم جۆرە مرۆڤانە نەدکتۆرن نە مامۆستان تەنانەت خوێندەواریشیان نیە، ئەمەیشە جۆرێکە لە بەهرە پێدان لەلایەن خواوە. لە نێو ئەم بنەماڵەکەیدا کورێکی هەیە بەناوی( عاصی حەمەکەیفە) دەستی نوسین و شیعری میلی هەیە، ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت، ببێتە خاوەنی قەڵەمێکی بڕشت و بەهێز بۆئەوەی سود بە نەتەوەکەمان بگەیەنێت، ئەوەی جێگای ووتنە زۆر کەڵەپیاوی مێژوویمان هەیە، بەهۆی ئەوەی دەربارەی

هیچ نەنووسراوە، لە مێژووی سەروەری نەتەوەکەمان ناوی تۆمارنەکراوە، لە هەمووی گرنگتر زۆر بەکەمی نەخۆش کەوتووە، یەکجار نەشتەرگیری بۆ چاوی کراوە لە ٢٠٠٨//١٠/٢٧ ماڵئاوایی لە ژیانکرد، لە ماوەی (١٠١) ساڵ تەمەنێکی بە نێو ژیاندا کرد.

لە ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست لە کانونی دووەم ژمارە (٧٨) سالّی (٠١٢٢) بڵاوبووەتەوە.

# ستایشێک بۆ مامۆستا حەلاو




تەمەنێک پڕ لە جوانی لە پێناوی خوێندن دا، تەمەنێک پڕ لە بەرائەت لە پێناوی نیشتیماندا، تەمەنێک پڕ لە وشەی ناسک لە پێناوی کۆمەڵدا، تەمەنێک پڕ لە یادەورەی خۆش لە پێناوی هاوڕیکانتدا، قسە خۆش و بەتامەکانی تۆ کۆڕی ژوانی مامۆستایانی دەهێنایە پێکەنین، شێرە ژنێک پڕ لە دڵسۆزی بۆ تەکانێک بە پیشکەوتنی باخچەی منداڵان دا، شێرە ژنێک لێوان لێو پڕ لە خۆشەویستی بۆ ئەوەی پەپولەکانی باخچە زیاتر هەناسەکانی ئازادی باخچە هەڵبمژن، ئەم شێرە ژنە زیاتر لە(٢٤) ساڵ لە خزمەتکردن

بۆ ئەوەی منداڵانی وڵاتەشیرینەکەمان فێری (ئەلف بێ ) ی کوردیان بکات، مامۆستای ئازیز لە دوای خۆت سەدان و هەزاران خوێندکارت ئاراستەی پەیمانگا و زانکۆکان کرد، بۆئەوەی چرای ژیان بۆ نەتەوەکەیان بە ڕوویکی گەشەوە دابگیرسێنن، بەڵام کۆچی ناوادەت بووەتە ئازارێک هەموومانی تاساند، هەرگیز ناوی تۆ لە مێژوودا ون نابێت، چونکە خویندکارەکانت یادەوەریە بەتام و خۆشەکانی تۆ بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕنەوە، هۆ خەڵکینە باش گوێم لێ بگرن مامۆستا حەلاو یەکەمین ژنی چالاک بووە باخچەی ساوایانی هێنایە نێو  ناحیەی ڕزگاری، هەموو پەپولەکانی باخچەکەی وەک سێ منداڵە چاوەگەشەکەی خۆی تەمشای دەکرد، کۆچی ناوادەت گەورەترین کەلین بوو بۆ مامۆستای ئەم شارە چونکە پێویستمان بە ئەزموونی چەندین ساڵی تۆ بوو. هەروەک چۆن ژیان بەردەوامە ئاوایش مردن بەرۆکی هەموان دەگرێت، لەگەڵ شنەبای پایز مەرگ نەک هەر تۆ بێگومان هەموان ڕاپێچی مەرگ دەکات، مامۆستا حەلاو پەپوولەکانی باخچە هەموویان چاوەڕی زەنگ لێدانی تۆن بۆئەوەی بچنە ژورەوە، تۆ هەر نەهاتی و ئەوانیش هەر چاوەڕێن ، و مامۆستایانی باخچەیش هەموویان تێکڕا

حەپەساون نازانن چۆن لە جیاتی تۆ دەوامەکە ببنە ڕێووە! سەرەتای هەموو ڕێگایەک بە هەنگاوێک دەستپێدەکات، ئەو ڕێگایەش کۆتایی هەیە. خۆشەویستان بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە لە مێژوودا بەشداری بکەیت، گرنگ ئەوەیە مێژوویێک بۆ خۆت تۆماربکەیت، تۆ یەکێک بویت لەو کەسانەی بە دەست و قەڵەمی خۆت تاجی سەروەری و مێژووی پڕ لە شکۆت ناوە سەر نەتەوەکەت. ڕۆحی پاکژی تۆ لەگەڵ خۆر ئاوابوندا ماڵئاوای لێ کردین و ئیتر تۆمان نەبینیەوە و ماڵئاوا

*حەلاو محەمەد رەشید لە ١٩٦٩/٧/١ لە کەلاری کۆن لە دایکبووە، لە ٢٠١٥/١/١٠ لە گۆڕستانی کەلاری کۆن ئەسپەردەی خاک کرا.

## له یادی چلەی خوالێخۆشبوودا

## پەیامی وەفادارییی پێشکەش بە ڕۆحی پاکژی"مامە دارا"



ئەم مرۆڤە ڕەسەن زادە بەناوی"دارا جاسم حەسەن" لە ساڵی (١٩٦٤) لە گوندی (شێلان) سەر بە ناوچەی زەنگابات لە خێزانێکی خانەدانی ناسراوی ناوچەی گەرمیان چاوەگەشەکانی بە دونیایی کوردایەتی و مەردایەتی هەڵێناوە. بەهۆی ئەوەی هەموو ژیانی تێکەڵی خەڵکی کردووە، پیاوی قسەخۆش و کراوە و هەمیشە

دەم بەخەندە بووە، بەناوی (مامە دارا) ناوبانگی دەرکردووە، مرۆڤێکی سادە و ساکارو خاکی بووە، ئەوەی یەک ڕۆژ ناسیویەتی بۆ کۆچی ناوادەیی فرمێسکی خەمباری بۆ دەڕێشێت، پیشە و بژێوی ژیانی ئەم مرۆڤە لەسەر دووکانی (فیتەری) بووە، خەڵکی زۆر دەیناسی بەردەوام دووکانەکەی خەڵکی تێدا کۆدەبووە، پڕ دەبوو لە قسەی خۆش و بەتام بەدەرلەوە میوانیشی بۆ دوکانەکەی دەهات، ڕۆژانە لە دووکان دەگەڕایەوە بۆ ماڵ بۆ پشوودان بەبێ میوان نەدەگەڕایەوە چونکە زۆر حەزی لە پیاوەتی و چاکەکردن و میوانداری خەڵکی دەکرد. ڕۆژێکیان( مامە دارا) بۆمی گێڕایەوە، وتی: پیاوێک نەناسراو هات بۆ دووکانەکەم، منیش زۆر ڕێزم لێگرت، بردمە دووکانەکەوە، وتم: بەخوا بەبێ چایی خواردن ناڕۆیت بۆ هیچ کوێک؟ پیاوە غەریبەکە وتی: من نازانم تۆ کێیت؟ بە بۆچوونی خۆم تۆ لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ڕەسەنزادە دەچیت وانیە..؟ مامە دارا وتی: منیش هیچم نەوت و پێکەنینێکم بۆکرد لە مەبەستەکەم تێگەیشت. ئەم مرۆڤە ڕۆح سووکە ئەوەندە خۆشم دەویست بڕواتان هەبێت، هەموو سات و کاتێک لە یادمە، زۆرجار تەلەفونی بۆ دەکردم و بەرنامەی گەشتمان

پێکەوە دانا، هاتوچۆمان پێکەوە زۆر هەبوو، کۆچی ناوادەی گەورەترین خەسارت بوو چونکە لە دەستچوونی پیاوێکی بێ وێنە زیانێکی مەزن بوو نەک بۆ من، بەڵکو زیانێکی گەورە بوو لە نەتەوەکەمان، خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و شۆڕشگێری بوو. هاوڕێ خۆشەویستەکەم نەمزانی دەردی مەرگ چۆن تۆی لێم شاردەوە، من و تۆ زۆر بەرنامەمان هەبوو، پێکەوە باسی لێوە بکەین، بە قسەخۆشەکانت کۆڕی مجلیست دەڕازاندەوە، کارە نیوە چڵەکانت تەواو نەکرد، من تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەمخەنە ژێر گڵەوە، هەرگیز لە بیرت ناکەم، چونکە تۆ مرۆڤێکی سادە و خاکی بویت، مامەگیان بەخوا بەدڵ و بەگیان من تۆم خۆش دەویست، لە بیرت دێت دەتووت منداڵەکانم گەورە بونە وەختی ژنهێنانیانە، بەڕاستی تۆ زۆر بەرنامەی جوانت هەبوو، بۆئەوەی وەک گوڵ لە بەرۆکی منداڵەکانت بدەیت، ئیستا دەمەوێت قسەیەک بچرێنمە گوێی خوێنەرانی کوردستان ئەوەی من لە پرسەکەی تۆ بینیم ئەوە بوو، ئەوە هەموو هاوڕیانت لە ناشتن و پرسەکەت ئامادەبوون، بەڕاستی قەومەکەت نەیان دەناسی تەنها هەرئەوەندەیان دەزانی کە هاوڕی تۆیە! مامەگیان من زۆر دڵتەنگم، من زۆر خەمبارم، چونکە

کۆچی تۆ بۆ من کەلێنیکی گەورەیە، بەڵام نابێت ئێمەی هاوڕی تۆ دەستە و ئەژنۆ بوەستین، دەبێت لە دوای نەمانی تۆ بەردەوام هەواڵی ماڵ و منداڵت بپرسین بۆئەوەی بێ ئەمەک نەبین، من هەموو یادەوەریەکانی تۆم لەیاد ناچێتەوە وەک گەوهەر بەنرخن، دەبێت گفتوگۆکانی تۆ بۆ خەڵکی بگێڕینەوە بۆئەوەی دەوروبەرمان سودی لێ وەربگرن، مامەگیان تۆ مامەی بلیمەت بویت واتە موڵکی هەموو خەڵک بویت، وەڵاهی ئەوەی من لەناو خەڵک بیستومە ئەمەیە: هەمیشە خەڵک باسی چاکەکانی تۆ بۆمن دەگێڕنەوە، ئەو چاکانەی کردووتە لە ناو خەڵک ئێستا بەرهەمەکەی وەردەگیرنەوە، بەڕاستی نمونەی کەڵە پیاوی دێوەخان بویت، بڕوات هەبێت من تۆم زۆر خۆش دەویست و بیرت دەکەم و من ماوەیەکی کەم تۆم ناسی، بەڵام خۆشەویستیکی مەزنت لە ناخ ودڵی من چاند ! من هێشتا تاسقی خۆشەویستی تۆم لێ نەشکا بوو، ئەفسوس هەزاران حەیف مردن مەودایی پێ نەدایت پتر پێکەوە بین، مامەگیان کاتێک دەچم بۆ دوکانەکەت هەموو یادەوەریەکان و دەمتەقیەکانم پێکەوە دەمانکرد یەکسەر دێتەوە بیرم و ناچارم تاوێک فرمێسک بڕێژم و تاوێک دڵنەوایی خۆم بکەم و تاوێک ئامۆژگاری کوڕەکانت بکەم،

خۆشەویستی تۆ لە دڵی من چەکرەی کردووە، هەمیشە سەخاوەتی و ئازایی تۆم لە بیرناچێتەوە! نایشارمەوە تۆ مرۆڤێکی جیاواز بویت چونکە لە نێو خەڵکدا هەڵسو کەوتت کردبوو، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی زۆریش تۆی دەناسی ئەوەیش نیشانەی بەخشندەیی و کراوەیی خۆت بوو، ئێمەی خاوەن قەڵەم دەبێت ڕاستیەکان وەک خۆی بنوسینەوە چونکە من دەمەوێت وەک هاوڕێکی بەوەفایی خۆت ناوت لە مێژووی نەتەوەی کورد تۆماربکەم چونکە تۆ شیاوی لەوە زیاتریت، مامەگیان بەخوا هەرکات یادی تۆ بکەم برینەکەم یەکسەر دەکولێتەوە دوای ماوەیەک چاک دەبێتەوە، ئەوەی من ئاسودە بەخش دەکات ئەوەیە: تۆ لەدوای خۆت کۆمەڵێک منداڵی باشت جێهێشتووە ئەوانیش دەتوانن درێژەپێدەری ڕێبازەکەی تۆبن، هەرئەوەندە ماوەتەوە بڵێم: مامەگیان لێم ببورە نەمتوانی ستایشێکی جوانتر بکەم، هەرکات دەڕۆم بۆ ئەو گەڕەکەی لای ماڵی ئێوە، کچەکانت دەبینم یەکسەرخۆمم پێ ڕاناگیری دەگریم و لەهەمان کاتیش ئاسودەم نەوەکانی تۆ گەورەترین سەرچاوەی ئاسودەبەخشییە، دەپاڕێمەوە لە خوای گەورە گوڕەکەت بکاتە باخێک لە باخەکانی بەهەشت بۆئەوەی تا قیامەت بەخۆشی و

ئارامی بنویت، هەرچەندە ووشەی نوسینەکانم لەڕ و لاوازن بەڵام دڵنیابە پڕیەتی لە ڕاستگۆیی و خۆشەویستی، دوای((٤٩)) ساڵ بۆیەکجاری لە رۆژی سێ شەمە لەبەرواری٢٠١٣/٣/١٢ ماڵئاویت لیّمان کرد، بۆ ماڵی هەمیشەیی خۆت سەرت نایەوە و یادت بەخێر هاوڕی شیرینەکەم..

لە ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست ژمارە (٩٣) لە نیسانی ٢٠١٣ بڵاوبوەتەوە.

# مامۆستا مەلا عەبدوڵایی تەپەسپی

## برایەکی شەهیدی سەنگەرە و خوشکێکی ئەنفالکراوە بەماڵ و منداڵەوە..!!



حەقیقەتەکانی ژیان وەک خۆی دەنووسێتەوە، نمونەی مامۆستا وەک وانەیەک بنووسینەوە بۆ نەوەکانی ئایندە بۆئەوەی ناوی لەلاپەڕەکانی مێژوو دا تۆماربکەین. ژیان دەورێکە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، زەمەن لە زەمەنێکی تر جیاوازە، ئەو ڕۆژگارانەی مامۆستا گوزەری بەسەرکردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆ دوو دونیای جیاوازە، لە ژیانی خۆیدا زۆر هەورازی سەختی بینیوە،

بەڵام زۆر جوامێرانە توانیویەتی زاڵ بێت بەسەریدا، خاوەنی ئەزمونی ڕاستەقینەی ژیان بووە، سەدان گرفتی جۆرا و جۆری مەیسەرکردووە، لە خزمەتی زۆربەی مامۆستایانی ئاینی و زانایان دانیشتیووە، لە کۆڕ و مجلیسی پیاوە گەورەکاندا ناوی هێنراوە، بۆ پرسی بواری ئاینی و کۆمەڵایەتی یەکێک بووە پرس و ڕاوێژیان پێ کردووە، پیاوێکی ژیر و خواناس و زانا و لێهاتوو و قسەخۆش و خوشخوانی گوڵی نێو دیوەخان و شێخانی بەهیمەت و قیمەت و هەمیشە و هەردەم حورمەتی نەبڕاوەیان بۆی بووە، بەندە زۆربەی کات لە خزمەتی بوومە ئەوەندە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرم بووە تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەچمە خزمەتی پەروەرێنم لەیادم ناچێتەوە، هەرکات بیری لێ دەکەمەوە جەرگ و دڵ و هەناوم وەک تەنور بۆی دەگڕێت، بەڕاستی وەفاتی ئەو بۆمن کەلێنێکی گەورە بوو، هەرگیزا و هەرگیز بۆمن پڕناکرێتەوە، شک نابەم لەبنەماڵەکەماندا کەسێک هەبێت شوێنی پڕبکاتەوە، ئێمە مامە و برازا نەبوین بەڵکو دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکبووین، من بەقوربانی خۆڵی سەری گۆڕەکەت بم، ئەی باشترین کەڵەپیاوی خواناس. نازانم چیت بۆ بنوسم! چونکە دڵم پڕە گریان و فرمێسک،

خامەکەی دەستم دەلەرزێت ناتوانێت بەجوانی گوزارشت لە مرۆڤێکی گەردن بەرزی وەک تۆ بکات، لەدەستچوونی مامۆستا، خەسارەتێکی گەورە بوو  چونکە دروستبوونی کەسێکی شیاو کارێکی زۆر دەگمەنە بۆ ئەوەی شیوێنی پڕبکرێتەوە. ئەی قەومی کورد ئیتر من ڕاز و نیازی خۆم بۆ کێ باس بکەم ؟ پرس بەکێ بکەم ؟ کێ ڕێگەی حەقیقەتی ژیانم فێربکات؟ من زۆر شت مابوو دەبوایە پێکەوە تاوتویمان بکردایە بۆئەوەی ڕەوتی نەبڕاوەی ژیان درێژە پێ بدەین. لەگێڕانی پرسەکەتدا سەدان پیاو باسی چاکە و پیاوەتی و خواناسی تۆیان دەکرت، ئەوە زۆر لەخەمەکانی منی کەم کردەوە بۆ نمونە: بیردەکەمەوە هەموو کات لەپێشچاومیت، هەرچەندە لە ژیان دەرچویت لە بەهەشتی بەرین یەکتر دەبینینەوە، مامۆستا بۆ من قەڵایەکی پۆڵاین بویت، بەڵام لەماوەیەکی کەم و تەمەنێکی کەم  وەک بروسکە لەپێشچاوماندا وون بویت، مامەگیان زۆر دکتۆرمان بۆکردیت بۆئەوەی لەناوماندا بیت، بەڵام دەردەکەت دەردی مەرگ بووە، تاوەکو ئیستایش تێراوی قسەخۆشەکانی تۆ نەبوین، مردنی تۆ واتە پشت شکاندنی من، بەڵام ئەوەی جێگای فەخرە بۆمن نەوەکانی تۆ و برازاکانی تۆ ڕێبازی

حەقیقەتی دەرۆیشایەتی و مەردایەتی و خواناسی بەرنادەن بەڕاستی تۆ ئێمەت لەسەر ڕێبازی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت پێگەیاندووە، بۆئەوەی توشی هەڵە نەبین، بەخوا زۆر بیرت دەکەم، زۆر خەمبارم، قوڕگم پڕ لە فرمێسکە، زۆرم خۆش دەویت، خۆشەویستی تۆ و خواناسی تۆ بوەتە بنەمایی حەقیقەتی ژیانی ئێمە، هەوڵدەدەم ناوت لە مێژووی نەتەوی کورد بنووسرێتەوە بۆئەوەی مێژوویش شانازیت پێوە بکات، لە ڕووی کوردایەتی و مەردایەتی یەوە زۆر قوربانیمانداوە، بۆئەوەی وڵاتەکەمان لە تیری ژهراوی نەیاران بپارێزین، نمونەی وەک شەهیدی نەمر((مام سلێمان))ی برات و خوشکە جوانەکەت بەناوی ((ساعدە)) بە ماڵ و منداڵەوە ئەنفالکرا، پاراستنی وڵات ئەرکی سەرشانی هەموو هاوڵاتیبونێکە، بەڵام ئێوە دەستپێشخەر بونە لە پێناوی ڕزگاری نیشتیمان، نابێت ئەو ڕاستیمانە لێ تێک بچێت کە ئێوە ڕەنج و خەباتتان بۆداوە بۆئەوەی سەروەری وڵات بپارێزن، نوسینەوەی میژووی نەتەوەکەمان و کەڵەپیاوانی میژووی نەتەوەکەم لە ئێوە پێکهاتووە، دەبێت ئێمەیش وەک نەوەی خویندەوار ڕاستیەکان بنووسینەوە

بۆئەوەی مێژووی نەتەوەکەم بەپیاوانی چاک وەک ئێوە و مانان دەوڵەمەند بکەین.

**ناسنامە:**

١. ناوی تەواوی (عبدولا ئەحمەد عەزیز) لە ساڵی( ١٩٤٧ ) لەگوندی صۆفی وەند لە دایکبووە.

٢. بەناوی( مەلا عەبدولا مەلا مەحمود ) ناسراوە.

٣. وەکیلی تەریقەتی کەسنزانی بووە لەلایەن ( شێخ کاکە صالح شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی یەوە)ەوە پێدراوە.

٤. خوێندنی ئاینی لە حوجرەیی فەقیەتی خوێندووە.

٥. بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە برایەکی شەهید دەکرێت و خوشکێکی ئەنفال دەکرێت بە ماڵ و منداڵەوە.

٦. کەسایەتیکی ناسراوە لەبواری ئاینی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی گەرمیان

٧. له ڕۆژی چوارشەمە ٢٠١٢/٨/٢٢ بەهۆی نەخۆشیەوە لەتەمەنی( ٦٥) ساڵیدا کۆچی دوای کرد و  ماڵئاوا..

له ڕۆژنامەی گەرمیان پۆست ژمارە (٧٢) تشرینی یەکەم ساڵی ( ٢٠١٣) بڵاوبووەتەوە.

## میمکه پانێ

## وەک دایکی هەموو پێشمەرگەکان له داستانی شەڕی قاتەکانی کفریدا



کاتێک مێژوو دەخوێنینەوە، دەبینین دونیایەک سوارچاکی مەیدانی کوردایەتی بەرچاوت دەکەوێت، تا زیاتر

ووردبیتەوە، پاڵەوانەکان زیاتر بۆت ڕوون دەبێتەوە، ژیان پڕیەتی لە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری نیشتمان، ئیتر جۆری خەباتەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، هەردوو ڕەگەزەکە لە پیاوان و ژنان بەشداریان کردووە، هەروەها ڕۆڵی ژنانیش یەکێکە لەو خەبات و تێکۆشانەی وەک پیاوان بەجێیان هێناوە، دێنەوە خزمەتی ژنە گەرمیانیەک لە گوندی (بنەبەراز)ی سەر بە ناوچەی گەرمیانی سوتماک کراو. ئەو شێرە ژنە بەناوی (میمکە پانێ)یە، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، وەک ئەستێرە لە ئاسمانی دونیای کوردایەتیدا دەدروشێتەوە، ئەگەر تۆزقاڵێک پتر ووردتر بیتەوە بگەڕێنەوە نێو گوند، کاتێک برا پێشمەرگەکان پۆل پۆل دەچنە نێو گوندی (بنەبەراز) ژنێکی خۆش ڕوو و زۆر بەماریفەت و بەشەوق و زەوقەوە دەچێتە پیریانەوە، ئیتر پێشمەرگەکان یەکسەر ماندوو بوونیان دەردەچێت و دەحەوێنەوە، دوای حورمەت و ماریفەت بەیەک کۆمەڵێک خزمەت هەرچی خواکردبێت بەقسمەت وەک: نان و دۆ یان ترۆزی و نانی گەرمی تەنوری دەیهێنایە خزمەتیان برا پێشمەرگەکان نۆشیان دەکرد، هەرکات جەولە بکریایە بۆ سنوری عەشیرەتی باشکی پێشمەرگەکان گوندی

بنەبرازیان هەڵدەبژارد، پێش گەیشتیان هەواریان دەکرد(میمکە پانێ) بەخوا تۆ (دایکی هەموو پێشمەرگەکانی) هەرگەیشتنە ئەوێ یەکسەر دەستی(میمکە پانێ)یان ماچ دەکرد، دوای خۆشحاڵی دەربڕین دەیانەوێت لە گوندە بڕۆنە دەرەوە، هەموو لایەک ئەوە چاک دەزانیت حکومەتی بەعس کەوتە وێزەی خەڵکی بێتاوانی کورد بەناچاری کەسێک هەواڵ دەگەیەنێتە گوندی (بنەبەراز) لە قەزای کفری حکومەت وەک گورگی برسی بەربووەتە خەڵکی بێتاوانی کورد، ئیتر ئەم پۆلە پێشمەرگە بەگیانی پڕ لە کوردایەتیەوە، بەیەقینی خزمەتکردن بۆ خاکی دایک هەزاران میل دەبڕن ملی ڕێگا دەگرنەبەر بە شێوازی جەولە ئاسایی لە چەندین شوێن لادەدەن بۆ حەوانەوە و پشوودان یەکسەر باسی ئازایی(میمکە پانێ) دێتە ئاخاوتن، هەموویان پێکەوە دۆعای خەیر و لەش ساغیان بۆدەکەن، دوای حەوانەوە پۆلە پێشمەرگەکە یەکسەر لەبنی ئەو دار و ئاوانە دەست دەگرن و هەڵپەڕکێ و گۆرانی وتن بەبێ ئەوەی ترس لەزاتی یەک پێشمەرگە هەبێت، دیسان ملی ڕێگا دەگرنەبەر بەرەو قەزای کفری، تەمشا دەکەن حکومەت وەک شقارتە ئاگر دەکاتەوە بەدوای ملهوڕی و تاوان و

ئازاردانی خەڵک دەگەڕێت، کرداریکیان کردووە، مێژوونوسیش ناتوانێت بیگێڕێتەوە، هەرلەگەڵ بینینی ئەم دیمەنە هەستی نەتەوایەتی و جۆشدانی نەتەوایەتی و غیرەتی کوردانە ئەوەندەی تر زیاتر ئاگری لە گڵپەیان تاوی سەند. هەموو پێشمەرگەکان کۆبونەوە بۆئەوەی بڕیاریکی دروست بدەن، سەرپەرەشتیاری گشتی ئەم پێشمەرگانە (شێخ محمەدی کەسنەزان) بووە، هەموو پێشمەرگەکانی کۆکردەوە لە نێو قاتەکانی کفری ئامادەی کردن بۆ شەڕکردن بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە! ئایا من لە شەڕە سەختە سەرکەوتن بەدەست دەهێنم یان نە؟ لە نێو کۆمەڵە قارەمانە پێشمەرگەیەکی تێدا بوو بەناوی(ملازم عەبدوڵا) خۆی پێ ڕانەگیرا وتی: یا شێخ ئەم شەڕە سەرکەوتنی تێدا بەدەست ناهێنین، چونکە ئێمە دوو خاڵی سەرەکیمان نیە یەکەم ئێمە لە نێو ئەم دۆڵانەوە توانای پاشکەشێمان نییە دووەم هێزی پشتیوانیمان نیە. شێخ محمەد کەسنزان وتی: کاکەگیان خەمت نەبێت ئێمە پشتیوانی دەکەین، بەڵام (ملازم عەبدوڵا) من ئەفسەربومە لەجێشی عێراقیدا تکات لێ دەکەم باشەڕی بێ ئەنجام نەکەین. بە هەرحاڵ زۆر هەوڵیدا، بەڵام شێخ گوێ نەگرت، دوای دانانی پلان بۆئەوەی وەک باroوت بتەقنەوە

بەهێزی عێراقیدا، دەستپیکردنی شەڕەکەیان بە تەقاندنی یەک فیشەک بوو، تا هێزی دووژمن دێنە بەردەستیان کەس دەست ناکاتەوە، لە ناکاودا یەک فیشەک تەقێنرا ئیتر کەس نازانێ لە کوێ یەوە بوو؟ حکومەت دەستیکردە هێرش و پلانەکە ئاشکرا بوو، برا پێشمەرگەکان گەورەترین چەکیان تەنها(ڕەشاش) بوو، ئەویش بەدەستی(عریف عبود) دەستی لیانکردەوە، کارێکی خراپی پیان کرد،حکومەتی هێنایە لەرزین، بەڵام بەداخەوە فیشەکی پێ نەما، کەسیش فیشەکی وەک هاوکاری بۆ نەهێنا، بۆئەوەی چۆکی حکومەت بشکێنن دوای نەمانی فیشەک (عریف عبود و پێشمەگەیەکی تر ) بەدوو خنجەرەوە هەڵمەتیان بردە سەر دەبابەکان بەخنجەرەکەیان هەموو سەربازەکەیان کوشت، بەڵام زۆر بەداخەوە دەبابەی دواوە تەقەی لیانکرد، هەردووکیان شەهید بوون، شەهید عەریف عبود لەسەر دەبابەکە مایەوە و هاوڕێکەی کەوتە خوارەوە، تەرمی شەهیدی پاڵەوان (عەریف عبود) لە نێو قەزای کفری دەیانسوڕاندەوە، تەنانەت بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی کفریەوە باوکی نەیتوانی خۆی بکاتە خاوەنی چونکە ڕژێمەکە زۆر زاڵم بوو، باقی پێشمەرگەکانی تر

بەسەرپەرەشتی (ملازم عەبدوڵا) بەهۆی نەمانی فیشەک و نەبونی شوێنێک بۆ گەڕاندنەوە هەموویان لە دۆڵێکدا شەهید کران. ژمارەی شەهیدەکان (٢٨) پێشمەرگەی قارەمان و چاونەترس و کوردپەروەربوون. دوای شەهیدبونیان خەڵکی کاریز ڕۆیشتن بەدزییەوە تەرمی ئەو (٢٨) شەهیدەیان لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵ بەخاک نێژران* ئەوە خەڵکی کاریز کردی بۆ ئەو پێشمەرگانە بەڕاستی جێگای ستایش کردنە بۆ ئەو سەردەمەی خەبات و تێکۆشانی ساڵی(١٩٦٣) ئەوە کارێکی دەگمەن و نایاب بوو، دەست خۆشیان لێ دەکەین. میمکە پانێ. ئەو ژنە پێویستە خزمەتی هەموو کەس وکارەکەی بکرێت، لە ڕاستیدا نمونەی ژنێکی هەڵکەوتوو و دیاری بواری بزاڤی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو، ئەم ژنە ڕۆڵی لە شۆڕشدا گێڕاوە لە دەیان شوێنی جیاواز لە ڕووی نوسین و کورتە فیلم و کتێبەوە ناوی ئەم شۆڕە ژنە بەرز هەڵسگێنراوە، دەبێت حکومەت یان لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت ئێستا خزمەتی کەس وکاری بکرێت چونکە هەرچی بچێنێت ئەوە دەدورێنیتەوە، کەواتە خزمەتی( میمکە پانێ) نابێت پاراوێزبخرێت، دەبێت قەرەبووی ماندووبونی بدرێتەوە، لە ڕووی

شۆڕشگێرییەوە لێکبدەیتەوە نمونەی ئەم ژنە وێنەی دەگمەنە هیچی لە ژنەشۆڕشگێڕەکانی تر کەمتر نیە وەک عادیلەخانم و میری خانزادی سۆران و پیزە واتە دایکی خولە پێ دەوترێت:خولەپیزە و ....هتد بنەماڵەی (میمکە پانێ) بنەماڵەیەکی خەباتکەر و لێهاتوو و خزمەتکاری شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ بوون، نابێت نەوەکانی ئایندەی کورد ڕۆڵی ئەم خانمە شاژنە نایدە بگیرێت، هەربەمانەیشەوە نەوەستان لە پێناوی ڕزگاری ئەم خاکە شەهیدیاندا، بۆئەوەی قڵای زیوینی کورد لە پلانی نەیارانی بپاریزێن، ئەوەی خزمەتی کردبێت، ئەوەمافی ئەوەی هەیە، جاڕی شۆڕشگێری وەک سەرچاوەیەکی مێژووی بۆ نەتەوەکەی بگێڕێتەوە، قانونی هەموو دونیا وایە، هەریەکە لەلای خۆییەوە بەشێکی بجوک پڕدەکاتەوە، ئەوەی خۆراک بداتە پێشمەرگەکانی شۆڕش هەمووی منداڵی خۆی بزانێت، بەبێ جیاوازی خزمەتیان بکات، بەڕاستی کارێکی قورسی خستووە سەرشانی خۆی، خزمەتەکانی ئەم شۆڕە ژنە بووبە چیرۆک لادێ بەلادێ بۆ یەکتر دەیان گێڕایەوە، هەر ئەم خزمەتە بوو بەهۆی ئەوەی ناوبانگی وەک تەپڵی دەرویش دەنگ بداتەوە، ئەوەی جێگای تێڕامانە زۆرجار ئەوەی بە

شۆڕشێک ناکرێت لایەنی ئابوری خۆی بەهێزبکات، کەچی ژنێک ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی خۆی بۆئەوەی کارە ناتەواوەکانی شۆڕش تەواو بکات، ڕاستیەک هەیە و پێویستە ئێویش بیزانن ئەمەیە: ڕۆڵی (بنەماڵەی بارزانی) بۆ شێرەژنێک هیچ دیار نییە، زیاتر بەرپرسیاریکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان ئەوە خاڵێکی جەوهەرییە، پێویستە بنەماڵەیی(پارتی و بارزانی ) وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە! میمکە پانێ شۆڕە ژنەکەی دەشتی گەرمیانی کاکی بەکاکی، قارەمانەکەی نەترس لە پێناوی پێدانی نان بە هەموو پێشمەرگەکان، ژنەقارەمانە ناسراوە بە دایکی پێشمەرگەکان، ژنە دڵ و دەروون پاکەکەی دۆزی کورد، قەڵاقایمەکەی پشتیوانی پێشمەرگە و خۆتەرخان کردن بۆ خزمەتی نەبڕاوەی شۆڕشی ئەیلول، ژنە ڕووخۆش و بەماریفەتەکەی هۆزی باشکی جاف، ژنە چاونەترسەکەی لە دەم ماڵ ومنداڵ خۆگرتنەوەی نان و ئاو، قەڵا لەبن نەهاتووەکەی نەتەوەی کورد میمکە پانێ، دایکی نەتەوەی کورد و خەمخۆری ڕاستەقینەیی شۆڕش، ئەم حکومەتەی ئێستا هەیە؟ میمکە پانێ ئەو بەرهەمی قارەمانیەتی و ئازایی تۆیشی تێدایە، هیچ کەس ناتوانێت وەک تۆ شۆڕشێک بەخێو بکات،بەڵام بەداخەوە پاداشتی

بنەماڵەکەت نەدراوەتەوە، ئەوەی تۆ کردوەتە تەنها بۆ کورد بوو، بەداخەوە دوای (٧١) ساڵ تەمەن ماڵئاوایی لە دونیاکرد.

**ناوی شەهیدەکانی شەڕی قاتەکانی کفری ساڵی ( ١٩٦٣) ئەمانەن:**

١. عەبدول کەریم قادر سلێمان
٢. نامیق قادر مەحمود
٣. فاتیح حمەشەریف خوا موراد
٤. مەحمود ڕەشید حەسەن
٥. حمەئەمین قادر حەمەعەلي
٦. حوسێن فەرەج مەعروف
٧. عوسمان ئەحمەد خوا موراد
٨. ئەحمەد ساڵح عەبدول
٩. ڕۆستم محەمەد سەعید
١٠. ساڵح حوسێن قادر
١١. غێدان عەلی ئەحمەد
١٢. سابیر فەرەج خوا مراد
١٣. حەمید سەدرەدین عەلي
١٤. مستەفا شێخ ئەحمەد قادر

١٥.مستەفا ئەکبەر مەحمود

١٦.رەحیم کەریم محی الدین

١٧.عریف عبود نامیق برزۆ

١٨.کەریم محەمەد سەعید( کەریم ئەبو شوارب)

١٩.مەجید سالّح قادر

٢٠.حەمە غەریب کاکە عەبدوڵا

٢١.ئەحمەد حەمە غەریب قارەمان

٢٢.ملازم عەبدوڵا شێخ مەحمود

٢٣.سدیق ئەحمەد قادر

٢٤.حەمە سەعید فەرەج

٢٥.عەلی ئیبراهیم فەرحان

٢٦.محەمەد ئیبراهیم شاسوار

٢٧.عومەر عوسمان

٢٨.کەریم مەحمود

سەرچاوەکان

ڕۆمانی قاتەکان چاپی یەکەم ساڵی ( ٢٠١١) لە نوسینی: عەلی حوسێن سالّح.

شەڕی قاتەکان چاپی یەکەم ساڵی ( ٢٠١٠) لە نوسینی: عومەر شەریف کەریم.

لە کتێبی ( ڕۆڵی میمکە پانێ لە شۆڕشەکاندا وەک کەسایەتیکی میوان دۆست) چاپی یەکەم ساڵی ( ٢٠١٣) کەلار لە نوسینی: فەتاح تەنیا بڵابووەتەوە.

## گوزەرێک بەنێو ژیانی مامۆستا مەلا ئیسماعیل مەلا سەعید باشکیدا..




ئیسماعیل سالّح حمەعەلی لە سالّی( ١٩٩٤ ) لە ئۆردگای زۆرەملی سمود سەر بە قەزای کەلار لە خێزانێکی ناسراو و نیشتیمانپەروەر و خانەدان لەدایکبووە . تا پۆلی( ٩ )ی ناوەندی لە قوتابخانەی هندرێنی ئێواران درێژەی بە خوێندن داوە، بەهۆی کەم دەستییەوە نەیتوانیوە درێژەبە تەواوکردنی قوناغەکانی خوێندن بدات، لە خزمەتی باوکی مامۆستا مەلا سەعیدی باشکیدا قورئانی خەتمکردووە، و لە خزمەتی مامۆستا مەلا عومەری کەماڵەییدا چەند دەور

و دەرسێک دەخوێنێت. بەهۆی خۆشەویستی حەزرەتی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم (د.خ) ناوی مەلا ئیسماعیل لێدەنرێت. لە دوای مردنی باوکی دەتوانێت زۆر بە جوانی ئەو کەلەینە پڕبکاتەوە. لە سەرووی ئەوەیشەوە بەو تەمەنە کەمەی هەیبوو دیوەخانەکەی جمەی لە میوان دەهات. لە ماوەی( ٢٦ )ساڵ تەمەنیدا وەک کەسایەتیکی دیاری ناحیەی ڕزگاری دەرکەوت، گەر تەمەن بواری بدایە وەک داپیری میمکە پانی دایکی پێشمەرگەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و باوکی مەلا سەعیدی باشی کەسایەتی دیاری ناوچەی گەرمیان ناوی زیاتر لە مێژوودا دەدروشایەوە. مامۆستا مەلا ئیسماعیل ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خاتوو ( شەرمین ئەنۆر) پێکەوە دەنێت، بەرهەمی ئەو هاوسەرێتی یە بریتی یە لە دوو منداڵ بەناوەکانی ( مالک و نالی) پاش خۆی بەجێ دەمێنێت، ئەرکێکی قورس و گران دەکەوێتە سەرشانی خاتوو( شەرمین) .ئەفسوس لە ٢٠٢٠/٨/١٠ لە نێوان کەلار – سلێمانی بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ ژیانئاوایی دەکات.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزدار( یەحیا مەلا سەعید باشکی ) برایدا لە ٢٠٢٠/٩/١

## حاجی نامیق گڵاڵکەوە.. سوارچاکی لێهاتوو



حەسەن ئەحمەد ڕۆستم حمەجان یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی گوندی گڵاڵکەوەی سەر بە ناوچەی گەرمیان ئاوەدان کردووەتەوە. دوای ئەوە ی کوڕەزاکەی بەناوی ( نامیق برزۆ) لە ساڵی (١٩١٧) لە گوندی گڵاڵکەوە لە خێزانێکی جوتیار هاتووەتە ژیانەوە بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرقاڵی ژیان بووە. لە بنەماڵەی حمەجانی لە تیرەیی ڕۆغزایی بووە. پیاوێکی کۆمەڵایەتی دیاری سەردەمی خۆی بووە. هەروەها (فارس)یش لە

خاتوو (فاتیمە ) لە خێزانی یەکەمی بووە. دوا بەدوای ئەوە لە ساڵی (١٩٤٢) ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو ( سەلمە ئەمین سوبحان) پێکهێناوە، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە ( سدیق، ڕۆستم، جەلال، حمەئەمین، حمەجان، فایق، سابیر، ئامینە، لەیلێ و جەیران ) بووە، لە ساڵی (١٩٦٢) بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج ڕۆیشتووەتە ماڵی خوا دواتریش بەناوی ( حاجی نامیق گڵاڵکەوە) دەناسرێت. حاجی نامیق گڵاڵکەوە کاتی خۆی سوارچاکی سەردەمی خۆی بووە، ئەسپێکی بووە ناو و ناوبانگی دەڕوات بەناوی ( ئەسپە ڕەش) ئەم هەواڵە دەگاتە بە ( محمد ڕەزای شای ئێران ) ئەویش داوای ئەسپەکەی کردووە، حاجی نامیق بێ دوو دڵی ئەسپەکەی بۆ دەنێرێت. شای ئێران لە بری ئەسپەکە دەمانچەیەک، کوڵە بڕنەوێک و پێنج سەد دینار بۆ دەنێرێت. بەدەرلەوە حاجی نامیق هەشت کوڕی سواری چاک بووە و ئەسپ سواری و ڕمبازی هەر لە خۆیان جوان بووە. ئەفسوس حاجی نامیق لە تەمەنی (٥٧) ساڵیدا لە مانگی (٥) ی ساڵی (١٩٧٤)کوچی دوایکردوە، لە گۆڕستانی گامەخەڵ بەخاک دەسپێدرێت.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ( والی گڵاڵکەوە ) لە ٢٠٢٠/١٠/٢٣

## حاجی حمەساڵح ڕەحمان تیلەکۆی

## لە کاتی دەوارنشیندا لە گوندی خەڵوەی گەرمیان لە دایکبووە!



کورد میلەتیکی کۆنە و لە پێناوی دابین کردنی بژێوی ژیان گەرمیان و کوێستانیان کردووە. بەراِستی ژیانی پێشوو لەسەر هێز و بازووە وەک ئێستا ئامێرەکانی پێشکەوتوو بوونی نەبووە. (ڕەحمان محەمەد مەولان حەسەن میران) لە هۆزی تیلەکۆ لەگەڵ خاتوو ( حەلاو ئەلی وەیس ) لە هۆزی یەسوجانی سەر بە ئێلی گەورەی

جاف پێکەوە زەماوەند دەکەن. لە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە کوڕێکیان بووە بەناوی ( حمەساڵح ) دەبێتە چرای دواڕۆژی خێزانەکەیان. حمەساڵح لە ساڵی (١٩٣٤) لە گوندی خەڵوەی نێو تیرەیی ڕۆغزایی سەر بە ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی جوتیار و خانەدان لە کاتی جافداریدا هاتوەتە ژیانەوە. ئەو سەردەمەی ئەو تێدا ژیاوە سەردەمی لە بەرکردنی کەوا سەڵتە بووە، هەروەها وتیشی: زیاتر لە (١٠٠) جلی کەوا و سەڵتەی زیاتری لەبەر کردووە و فڕێداوە. خەڵکی جاران گەرمیان و کوێستانیان کردووە لە کۆتای وەرزی بەهار ئەڕۆیشتن بۆ کوێستان و لە کاتی باران بارین واتە پەڵە دەگەڕانەوە بۆ گەرمیان بۆ مەبەستی لەوەڕ خۆری و دابین کردنی بژیوی ژیان. لە کاتی کۆچەریدا ڕۆیشتین بۆ( کانی ڕەش ) ئێستا پێ دەڵێن ( زەڕایەن) موڵکی ( قادر بەکر بەگ ) لە بەگزادەکانی عەشیرەتی تیلەکۆ بووە، دواتر وڵاتەکەیان فرۆشتووە بۆ مەبەستی لەوەرخۆری تا دەگاتە سەراو سوبحان ئاغا بەهۆی ئەوەی خاڵوەکانی لە عەشیرەتی یەسوجانی بووە. ساڵێک لە بیری دێت "دەردە حەیوان" هاتبوو، خاوەنی (١٠٠) سەر لە مەڕ و بزن بووە، کاتێک هاتوەتەوە نێو حەیوانیەکانی بینیوتی (٣٥) سەر حەیوانی

بۆ ماوەتەوە و دەستی کردووەتە گریان و دایکی هاتووە وتیەتی : کوڕی خۆم گوێ مەدەرێ ئەوەی خوا بیدات باشە و ئەویش ئارام دەبێتەوە. لە ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی دێ بنەی ئێستای گلاڵی یەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ نیشتەجێ بوون. لە ساڵی (١٩٤٩) بار و بنە دەگوێزنەوە بۆ گوندی چاڵە سورک ژمارەیەکی زۆر ماڵی عەرەبی تێدا بووە و ساڵێک پێش ئەوە ماڵی ( سەید مدری ) باریان کردبوو، لەوێ نەما بوون. لە گوندی چاڵە سورک ڕۆیشتووەتە قوتابخانەی مەحلومی ( ئوومی) تەنها فێری نوسینی ناوی خۆی بووە و لەوە زیاتری هیچی تری نەزانیووە. لە ژیانیدا دووجار هاوسەرگیری کردووە یەکەم خێزانی بەناوی (حەبسە حەسەن کەریم ) لە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە منداڵەکانی بەناوی ( لەتیف ، باقی ، عەلی ، نەجیبە ، بەهیە و خالیدە ) لێ بووە. دووەم خێزانی بەناوی (حەنیفە محەمەد مەولان ) لە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیری یە منداڵەکانی بەناوی ( جەزا ، ڕەزا ، عەجیبە ، نێرگز و خالیدە ) لێ بووە. خێزانەکەیان بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری سەرقاڵی دابین کردنی ژیان بووە. بنەماڵەکەیان بەناوی ( حمەی مەولان ) لە نێو خزمان و دۆستاندا زیاتر دەناسرێت. لە خێزانێکی

ناسراوی دەوڵەمەند بووە و خۆی وەتەنی دەیوت: ئێمە هەر بوونە بووین. دوای جێگیر بوونیان لە گوندی چاڵە سورک حکومەتی عێراق زەوی لە گوندی شێخ لەنگەر بڕی و پێشکەشی ( ٩) جوتیاری گوندی چاڵە سورکی کرد، هەر جوتیارێک چوار دۆنم زەوی ئاوی پێدا. لە ١١/٩/ ١٩٦٣ شۆڕشی ئەیلول دادەمەزرێت بە سەرۆکایەتی ( مەلا مستەفا بارزانی ) ئەویش وەک هەزاران کوردی تر دەبێتە ئەندامی ( پ.د.ک). لە ساڵی (١٩٧٨) فەریزەی حەجی ماڵی خوای بەجێهیناوە، بەدەرلەوە نزیکەی (٢٠) عومەرەی کردووە و وتی: ڕۆیشتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا پەیمان پێداوە تا مردن درۆ نەکەم و تا ئێستایش خاوەنی بەڵێنی خۆمم. یەکێک تر بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ساڵێک کەوڵە ڕێوی پارەیەکی باشی دەکرد و خەڵکیش دەستی کردە ڕاو کردن بۆ ئەوەی شتێکی باشی دەست بکەوێت و ئەو کەوڵە ڕێوی یەک دینار ڕوبعێ کەمی دەکرد ، ئەو کەوڵە ڕێوی یە دەنێردرا بۆ وڵاتی ڕوسیا لەویش کلکەکەی دەیان کردە سەر کڵاو خودەی سەربازەکان. دەستکەوتنی ئەو بڕە پارە بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە زۆر باشبوو بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی

ڕۆژانەیان. حاجی حمەساڵح دەگێڕێتەوە ئەو مێژووی مەلیکە بچوک و عبدالکریم قاسم ئەوانەی بەچاکی لە بیری ماوە و بە بۆچونی خۆیشی ئەو تەمەنی ئێستا بۆی دانراوە، لەوە زۆر گەورەترە بەپێ ی تەمەنی ئێستایی (٨٦) ساڵ لەژیاندایە بەهۆی ئەوەی خوێندەوار نەبووە و مێژوو و بەروار نازانێت، نزیکەی (١٠٠) ساڵێک تەمەنی هەیە، ئێستایش گوڕێکی ماوە. لە ٢٠١٨/١/٥ ماڵمان باریکردە نزیکی ماڵیان ئیتر لەو مێژووە زیاتر هۆگری یەکبووین و چەند بیرەوەرێکتان بۆ دەگێڕمەوە بەندە سیفەتیکی کۆمەلایەتی زۆرم هەیە لەگەڵ گەورە و بچووک مامەڵە دەکەم. حاجی حمەساڵح وتی: مامۆستا من بەردەوام خۆم پاک و خاوێن ڕادەگرم و نزیکی گۆڕ بووەمەتەوە هەرکاتێک مردم بە پاکیەتی برۆمە سەر دەستەشۆر. دوای ئەوە ڕۆژێک وتی : مامۆستا من دەوڵەمەندم پارەت دەدەمێ بە قەرز برۆ بۆ حەج و منیش وتم نامەوێت و سوپاسگوزاری بووم. یەکێک تر لە کارە جوانەکانی پڕ عەلاگەیەک لە نوقڵ و فستقی بەردەوامی پێیە هەرکەس بڕواتە لای لە نوقڵ و فستق بێ بەشی ناکات خوا هەڵناگرێت تام و چێژێکی خۆشی هەیە. لەو تەمەندا گوێیەکانی سوکن و چاوەکانیشی زۆر باشن و

زۆر حەزی لە دەمتەقێیە و بەردەوام بە پێکەنینەکانی دڵی ئێمە خۆش دەکات. زۆر هیوایەتی دەمتەقیٚ و حیکایەتی منە و منیش بەردەوام دڵخۆشی دەکەم و یەکترمان زۆر خۆش دەوێت.

چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتی دیاری تیلەکۆ ( حاجی حمەساڵح ڕەحمان ) لە ٢٠٢٠/١١/١

# پاشکۆی وێنەکان

# پێشمەرگە




PESHMARGA
اسراوەکان ( شەهید مەجید دوزی ـ جمال مەلا نۆمەری ـ جمال شێخ حمیدی ـ صمد سایق ـ ملازم عباس ـ شەهید کامەران هیدایەت ـ
ەلا سەعید ـ حسن نۆمەریلی ـ سەی بابا ـ نەوشیروان ـ صباح شێخ حمیدی ) ( ۱۹۹۰ـ بارەگای راگەیاندنی ی. ن. ک ـ سەقز )
PESHMARGA

# جاش و مستەشار






# ڕووخاندنی لادییەکان






# كيمياباران







# ئەنفال






# ڕاپەڕین


Kurdsat Broadcastin
Corporation


Kurdsat Broadcastin
Corporation

# کۆڕەو





# هەڵبژاردن





# حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەڕلەمانی کوردستان





نووسەر لەگەڵ کاک عوسمان حاجی مەحمود



# نووسەر لەگەڵ مامۆستا عەلی پەڕلەمان

